گوڵان
پەیامی ئەمڕۆ و سبەی
ساڵی سێیەم (١٣٨١)- (١٨)ی ئەیلوولی ٢٠٢٣

# هونەری دەوڵەتمەداری

# ڕاستگۆیی و خەمخۆری

# هەوێنی یەکڕیزی و ئومێد






# پەسەندکردنی سیستمی فیدراڵی لەلایەن کۆنگرەی نیشتمانیی عێراقی لە سەڵاحەدین

## ٨٢

ڕۆژی ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٢ سیستەمی فیدراڵی پەسەند کرا و بوو بە بنەمایەک بۆ داهاتوو. ئیسلامییەکان زۆر لایەنگری نەبوون و لە بەرانبەریدا هەستیارییان هەبوو، ژمارەیەک لەو کەسانەی کە تا ئەوکاتیش لەژێر کاریگەریی فەرهەنگی شۆڤێنیدا بوون کۆنگرەکەیان بەجێ هێشت. دواتر سەرۆکایەتیی کۆنگرە هەڵبژێردرا کە پێک هاتبوو لە: محەمەد بەحرولعلووم، حەسەن نەقیب و مەسعود بارزانی. هەوڵێکی زۆرم دا مام جەلال ئەرکەکە بگرێتە ئەستۆ، ئەویش وای سوێند دام کە ڕێگەکانی لێ داخستم. لەو میانەدا دیار بوو ئەنجومەنی باڵا لە پێکهاتەی سەرۆکایەتی دڵگران بوو. گوایە نوێنەرایەتیی شیعە کەمە و دادپەروەریی تێدا نییە. هەواڵی ئەم ڕووداوە ڕۆژی ١ی تشرینی دووەمی ١٩٩٢ لە ڕادیۆی مۆنت کارلۆدا بڵاوکرایەوە.

ڕۆژی ٢ی تشرینی دووەمی ١٩٩٢، ئەحمەد چەلەبی بە سەرۆکی ئەنجومەن هەڵبژێردرا و سێ جێگریشی بۆ دانرا. جێگرەکان بریتی بوون لە: هانی فەکیکی، هومام حەموودی و لەتیف ڕەشید. لە ڕاستیدا کۆنگرەی نیشتمانیی عێراق تا ڕادەیەکی باش ڕۆڵی خۆی بینی و لەلایەن ئەمەریکاو بریتانیاوە بایەخ و گرنگییەکی زۆری پێ درا. بەتایبەت لە سەرەتای دامەزرانیدا. ڕاستە دواتر بایەخپێدانەکە لاواز بوو، بەڵام هەر ما. لە سەروبەندی بەڕێوەچوونی کۆنگرەکە شاندێکی ئێران هاتن و ڕۆڵیان زۆر ئیجابی و باش بوو و، هەوڵیان دا کۆنگرە لە کارەکانیدا سەرکەوتوو بێت. دیار بوو بەرژەوەندیی ئێرانییەکان لە سەرکەوتنی کۆنگرەکەدا بوو و، لەمەدا لەگەڵ سووریا کۆک نەبوون.



(پانۆرامایێک لە تراژیدیای وڵاتەم) ناونیشانی کتێبی ئەم جارەیە، کە مامۆستای هونەرمەند (دارا محەمەد عەلی) نووسیویەتی و بە(٢٤٨) لاپەڕەی ڕەنگاوڕەنگ کەوتۆتە بەر دیدی خوێنەران و هونەرمەندانی کوردستانەوە.

ئەم کتێبە کەلێنێکی گەورە لە گەنجینەی هونەری نەتەوەیی کوردستان داگیر دەکات، مامۆستا دارا توانیویەتی بەشێکی مێژوویی تراژیدیای نەتەوەکەی کە تژییە لە کارەسات و نەهامەتی و سیاسی بەم هونەرە جوانە بەرجەستە بکات.

نووسەر سەبارەت بەم کتێبە دەڵێت: هەرگیز نەمتوانیوە لە کارەسات و بەسەرهاتە جەرگبڕەکانی نەتەوەکەم داببڕێم، شانازی بەوە دەکەم کە تراژیدیای وڵاتەکەم بەشێکی گرنگی هونەرەکەم بووە، تا دەگاتە ئەو ئاستەی ئەگەر بە هێڵێك یان بە پەڵە ڕەنگێك بووبێت، گوزارشتم لە هەڵوێست و ناخی خۆم کردووە، زیاتر دەڵێت: ئەوەتا درزێك، شەقارێك، تەمتومانێك، ڕمانێك، پەڵەڕەش و سوورێك، دڵۆپە فرمێسکێك ...هتد، وەکو هێما لەناو ئاوێنە تابلۆکانمدا هەمان هەستی پیرۆزی من دەگەیەنن.


ئەم کتێبە کۆمەڵە بەرهەمێکی هونەریی جۆراوجۆری تەکنیکی و شێواز و بۆچوون و ڕوئیا و کەرەستە و قەوارە مێژووی هەمەڕەنگ ئامێزە، هەر هەموو کارەکان لە یەك خاڵی سەرەکیدا یەك دەگرنەوە، ئەویش بوون و نەبوون، مان و نەمانی نەتەوەیەکی ستەمدیدەی وەك نەتەوەی کوردە.

نووسەر ئاماژە بەوە دەکات کە جگە لە مەسەلە هونەرییەکە، لەو کتێبەدا باسێکی مێژوویی لە خاك و مێژووی کۆنی مرۆڤی نیاندرتاڵ دەکات، کە لە خاکی کوردستان و لە ئەشکەوتی شانەدەر بەر لە هەزران ساڵە دۆزراوەتەوە، ئەوە جگە لە پاشماوەی ئاسەواری مرۆڤ لە ئەشکەوتەکانی وەکو هەزار مێرد و زرزی.. هتد.

بەشێکی زیندووتری ئەم کتێب و پانۆڕامایە بریتییە لە مێژووی ڕاپەڕین و شۆڕش و کارەساتەکان کە بەسەر میللەتی کورددا هاتوون.. بۆیە ئەو پاشخانە مێژوویی و کارەساتانە چ بە نووسین، یان بە هەر کارێکی هونەری بەرجەستە بکرێت لەسەر ئاستی کورد زۆر گرنگن، بەتایبەت بۆ نەوەی ئێستاو دواڕۆژ.

دکتۆر عیسام فەیلی:

## ژەنەراڵ مستەفا بارزانی یەکەمین مقاوەمەتی لە دژی ڕژێمی عێراق بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی نەتەوەی کورد بەڕێوە برد




دکتۆر ئاراس خۆشناو:

## سەردانەکەی سەرۆکی حکومەت بۆ بەغدا یەکدەنگیی کورد و ئومێدی باشی لێ دەکەوێتەوە



مەحموود ڕەش:

## کێشە و گرفتە نێوخۆییەکان بەرۆکی یەکەکەی گرتووە



باڵوێز دانیال کورتزەر:

## ڕێککەوتنی نێوان ئێران و سعودیە گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە ناوچەکەدا دروست ناکات







■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێری و دارایی:
سلێمان یاسین


■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر
ناونیشان: هەولێر -ڕووناکی / شەقامی ٤٠ مەتری
Web: www.gulanmedia.com



دکتۆر محەمەد شاکر:

**حزبە ئیسلامییە سیاسییەکان ئیسلام بۆ بەرژەوەندیی شەخسی و حزبیی خۆیان بەکار دەهێنن**



تاڤگە عومەر ڕەشید:

**گرنگترین میکانیزمەکانی چارەسەری ئالوودەبووان، بوونی سەنتەرێکی شیاندنەوەی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و دەروونییە**

شۆخان کوێخا حسێن شوانی:

**هەمیشە ئامانجم بووە خزمەت بە خاک و نیشتمان و نەتەوەکەی خۆم بکەم**



**سینەمای تایبەت بە منداڵان**



**چۆن خۆت لە کۆلێرا دەپارێزیت؟**



هانی بۆ گوڵان:

**ئەنجامدانی کاری هونەری بۆ کچێکی کورد لە ئەورووپا بەبێ پاڵپشتی ئاسان نییە**



**ئاسۆ ڕۆستەم چاوەڕوانە**




مەسعود بارزانی
بارزانی
و
بزووتنەوەی
ڕزگاریخوازی کورد
بەرگی شەشەم
٢٠٠٣ - ٢٠١٦
کوردستان و عێراقی نوێ
بەشی یەکەم

## خوێندنەوەیەک بۆ بەرگی شەشەمی

# بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد

بەشی سێیەم

کۆتایی ساڵی ٢٠١٠ و دەستپێکی ساڵی ٢٠١١، ساڵێکی پڕ گۆڕانکاری و ڕووداو بوو، هەم لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی و هەمیش لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان.

لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی، خەڵکی ناڕەزایی لە چەند وڵاتێکی عەرەبی دەستیان بە ڕاپەرین و خۆپیشاندان کرد. سەرەتا خۆپیشاندەران داوای چاکسازی و دابینکردنی مافەکانیان دەکرد، بەڵام دواتر خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکان فراوان بوون، ڕژێمەکانی (تونس، میسر، لیبیا) ڕووخێندران، ئەم خۆپیشاندانانە ڕژێمی سووریاشی گرتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی بەشێکی هێزەکانی سوپای سووریا کشانەوە بۆ دەوروبەری دیمەشقی پایتەخت و ڕژێمی ئەسەد بەرگری کرد و نەیهێشت ڕژێمەکە بڕووخێت، بەڵام هونەری گەورە بۆ ئەو پشتیوانییە گەورەیەی ئێران و ڕووسیا دەگەڕێتەوە، کە بە هێزێکی گەورە و بە هەموو ئامرازێکەوە پشتگیری ڕژێمی ئەسەدیان کرد و ڕێگەیان لە ڕووخانی ڕژێمەکە گرت.

ئەم خۆپیشاندان و ڕاپەڕینانە کە ناوی لێ نرابوو «بەهاری عەرەبی»، لە دوای ماوەیەکی کورت وێنە ڕاستەقینەکەی دەرکەوت و، لەبری هەنگاوهەڵگرتن و وەرچەرخان بەرەو دیموکراسی، چەند ڕژێمێکی دیکە جێگەی ڕژێمە کۆنەکانیان گرتەوە و، ئەوانیش نەیانتوانی لە ئاستی خواست و داواکارییەکانی خەڵکی خۆیان بن، بۆیە بارودۆخەکە هەر لە دەوڵەتانی باکووری ئەفریکاوە تا تەواوی ڕۆژهەڵات، جۆرێك لە ناسەقامگیری دروست بوو، ئەم ناسەقامگیرییەش بووە زۆنێکی زۆر باش بۆ هەڵکشان و برەودان بە هزری توندوتیژی و بووە زەمینەیەك بۆ دووبارە زیندووبوونەوەی ڕێکخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدە و هاوکات دروستبوونی چەندین ڕێکخراوی تیرۆریستیی دیکە لەژێر ناوی جیاوازدا.

**رابەر و کاریزمای ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە لە ناو ئاسمانی تاریکی نەتەوەدا و لە ڕۆژە سەختەکاندا، پەنجەرەی ئومێد و ڕووناکی بۆ نەتەوەکەی و جیهان دەکاتەوە، تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش بە سەرکردایەتیی سەرۆک بارزانی لەسەر دەستی پێشمەرگە، ئەو پەنجەرەی ڕووناکییە بوو کە بارزانی بۆ کوردستان و هەموو جیهانی کردەوە**

هاوکات لەگەڵ توندبوونی ئاڵۆزی و گرژییەکان بۆ سەر ڕژێمی بەشار ئەسەدیش، هێز و گرووپی میلیشیایی شیعەش بە ناوی پاراستنی شوێنە پیرۆزەکانی ئەهلی شیعە دەرکەوتن و بە ناوی جیهادی شیعەوە ڕوویان لە سووریا کرد و، بەشێکی زۆر لە شیعەکانی پاکستان و ئەفغانستان چەکدار کران لە سووریا، هەروەها حزبوڵڵای لوبنانی و چەندین گرووپ و میلیشیای شیعەش لە عێراقەوە چوونە سووریا بۆ بەرگریکردن لە هێشتنەوەی ڕژێمی ئەسەد.

**هاوکات لەگەڵ توندبوونی ئاڵۆزی و گرژییەکان بۆ سەر ڕژێمی بەشار ئەسەدیش، هێز و گرووپی میلیشیایی شیعەش بە ناوی پاراستنی شوێنە پیرۆزەکانی ئەهلی شیعە دەرکەوتن و بە ناوی جیهادی شیعەوە ڕوویان لە سووریا کرد**

ئەم بارودۆخەی سووریا بووە هۆکاری هەڵکشان و دەرکەوتنی ڕەوتی توندهاژۆ لە هەردوو مەزهەبی شیعە و سوننەدا و، ئاراستەی کێشەکانی نێوان شیعە و سوننەی بە شێوەیەکی ترسناك فراوان کرد و، لەم نێوەندەشدا دەوڵەتانی هەرێمی لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە ناوی بەرگریکردن لە ئیسلام (سوننە و شیعە) هەر وڵاتێك بۆ بەرژەوەندیی خۆی دەستتێوەردانی تەواوی کرد و نفووزی خۆی لەو وڵاتانە بڵاو کردەوە.

لەسەر ئاستی حکومەتی عێراقیش، دیسان لە دەستپێکی ساڵی ٢٠١١، قۆناغێکی وەرچەرخان بوو لە کۆی پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، بەتایبەتی کە لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٠ کابینەی دووەمی حکومەتەکەی نووری مالیکی ماوەیەکی کورت بوو متمانەی لە پەرلەمانی عێراقی وەرگرتبوو و، چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکرا، ئەم حکومەتە تەواوی ڕێککەوتنی هەولێر جێبەجێ بکات، کە ئەم ڕێککەوتنە بەو جۆرە ڕێککەوتنی لەسەر کرابوو کە دوو کاری گەورە ئەنجام بدات:

١. دامەزراندنی ئەنجومەنێکی باڵای سیاسی کە د.ئەیاد عەلاوی سەرۆکایەتی بکات و، ئەم ئەنجومەنە میکانیزمێك بێت بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە نێوان سەرۆك وەزیران و ئەنجومەنەکە، ئەمەش وەك ڤیتۆیەك بۆ ڕێگرتن لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتەکان لەلایەن سەرۆك وەزیرانەوە و هەنگاوهەڵگرتن بەرەو دیکتاتۆریەت.

٢. دووبارە بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق بەپێی دەستوور و بوونی عێراق بە دەوڵەتێکی «فیدراڵی و دیموکراتی و پەرلەمانی و فرەیی» ڕاستەقینە و لەناو ئەم دەوڵەتە فیدراڵییە بەپێی دەستوور مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکرێت و، دووبارە پەیوەندییەکان ڕێك بخرێنەوە.

بەڵام لە بری هەنگاوهەڵگرتن بۆ ئەم گۆڕانکارییە ئەرێنییانە لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، تەواو تەواو حکومەتەکەی نووری

مالیکی هەنگاوی پێچەوانەی هەڵگرت و، تەواوی خاڵ و بەندەکانی ڕێککەوتنی هەولێری پێشێل کرد و، سەرۆك وەزیران، ئەنجومەنی وەزیرانی بێ مانا کرد و هەوڵی دا، لە ڕێگەی دامەزراندنی ڕاوێژکارەکانی لە هەر وەزارەتێك، ڕاستەوخۆ وەزارەتەکان لەلایەن نووسینگەی سەرۆك وەزیرانەوە بەڕێوە ببرێن، هەروەها بە ناوی جێبەجێکردنی یاسای «دژە تیرۆر» کەوتە تەسفیەی سەرکردە سوننەکان و هەروەها ئەو عەرەبە سوننەیانەی لە خۆپیشاندانەکاندا دەستگیر کرابوون، هەر بۆیە دوای ئەوەی لە کۆتایی ٢٠١١ باراك ئۆباما بڕیاری دا هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بکێشێتەوە، ئیدی پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا کەوتە ناو گێژاوی سیاسەتێکی مەزهەبگەرایی شیعەی توندهاژۆوەوە و ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە زەمینەیەکی هاوسۆزی عەرەبی سوننە بۆ گرووپە تیرۆریستییەکان دروست بێت، ئەو گرووپە تیرۆریستییەش پێش دروستبوونی گرووپی تیرۆریستانی داعش، گرووپی تیرۆریستانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی لقی عێراق بوو.

**● بەهاری عەرەبی و ئۆپۆزسیۆنی کوردی**

بزووتنەوەی گۆڕان کە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩ی پەرلەمانی کوردستان ٢٥ کورسی بەدەست هێنابوو، نەك هەر خۆی بە هێزی دووەم دەزانی لە دوای پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵکو شەخسی سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان «نەوشیروان مستەفا»، بارودۆخەکەی بەو جۆرە دەخوێندەوە کە ئەو بەشەی یەکێتی دوای جیابوونەوەی بزووتنەوەی گۆڕان ماوەتەوە و ئێستا لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێککەوتنی ستراتیژییان هەیە و حوکمڕانیی کوردستان بەڕێوە دەبەن و، لە چوارچێوەی ئەو ڕێککەوتنە ستراتیژییەش پۆستی سەرۆك وەزیران لای یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، هەر کات ئەو بیەوێت، دەتوانێت لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ستراتیژی بیانهێنێتە دەرەوە و خۆی بڕیاربەدەستی کوردستان دەبێت، دواتریش لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی «دەباشان» ئەم ڕاستییەی خستە ڕوو، ئەوەشی نەشاردەوە کە لە دوای ئەم ڕێککەوتنە ئەوە «گۆڕان و یەکێتی»ـن کە بڕیار لەسەر ئایندەی کوردستان دەدەن.

لەسەر بنەمای ئەم ڕوانگەی «خەیاڵ پڵاوییە» دوای ئەوەی خۆپیشاندانەکانی بەهاری عەرەبی فراوان بوون و هەریەك لە ڕژێمەکانی «میسر و لیبیا و تونس» ڕووخان، لە ٢٩ی کانوونی دووەمی ٢٠١١ بزووتنەوەی گۆڕان بەیاننامەیەکی دەرکرد و داوای هەڵوەشانەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کرد، لەم بارەیەوە سەرۆك بارزانی نووسیویەتی «ڕۆژی ٢٩ی کانوونی دووەمی ٢٠١١، گۆڕان بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە و، داوای هەڵوەشانەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کرد، ئەوە لە حاڵێکدا بوو، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان متمانەی لە پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو وەرگرتبوو، نەك بە کودەتا دەسەڵاتی گرتبێتە دەست، تەنیا ڕێگەی ڕاست و دروست بریتی بوو لەوەی ئەگەر ئۆپۆزسیۆن خوازیاری هەڵوەشانەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، دەبێت بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان و داوای هەڵبژاردنی پێشوەختە بکەن».

لەسەر ئەم بەیاننامە پۆپۆلیستییەی بزوتنەوەی گۆڕان وەك سەرۆك بارزانی ئاماژەی پێ کردووە، «لەسەر بەیاننامەکەی گۆڕان، ڕۆژی ٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠١١، هەموو پارتە کوردستانییەکان کۆبوونەوە و بەیاننامەیەکیان دژی بەیاننامەکەی گۆڕان بڵاو کردەوە، لە بەیاننامەکەدا هەموو لایەنەکان دووپاتیان کردەوە کە گلەیی و گازندەیان هەیە و داوای چاکسازی دەکەن، بەڵام هەڵوەشانەوەی حکومەت دواکاری و ئامانجی ئەوان نییە».

ئەوەی جێگەی هەڵوەستەیە تێڕوانین و لێکدانەوە «خەیاڵ پڵاوی»یەکەی سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان، تەواو تەواو شێوازی «کودەتا»یەکی بەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان گرتبوو، هەر بۆیە نەك هەر لەو پیلانەی دایڕشتبوو، پەشیمان نەبووەوە، بەڵکو پیلانی داهاتوویان بەو جۆرە داڕشتبوو کە بە هەر شێوەیەك بێت، پارتی دیموکراتی کوردستان ئیستفزاز بکەن و بارودۆخەکە بە تەواوی بشڵەقێنن و لە کۆنترۆڵ دەربچێت، بۆ ئەمەش لە ڕۆژی ١٧ی شوباتی ٢٠١١ بڕیاریان دا

**دوای ئەوەی لە کۆتایی ٢٠١١ باراك ئۆباما بڕیاری دا هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بکێشێتەوە، ئیدی پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا کەوتە ناو گێژاوی سیاسەتێکی مەزهەبگەرایی شیعەی توندهاژۆوەوە و ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە زەمینەیەکی هاوسۆزی عەرەبی سوننە بۆ گرووپە تیرۆریستییەکان دروست بێت**

**ڕۆژی ٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠١١، هەموو پارتە کوردستانییەکان کۆبوونەوە و بەیاننامەیەکیان دژی بەیاننامەکەی گۆڕان بڵاو کردەوە، لە بەیاننامەکەدا هەموو لایەنەکان دووپاتیان کردەوە کە گلەیی و گازندەیان هەیە و داوای چاکسازی دەکەن، بەڵام هەڵوەشانەوەی حکومەت دواکاری و ئامانجی ئەوان نییە**

**ئەم غرووورەی هەرسێ لایەنی «گۆڕان، کۆمەڵ، یەکگرتوو» هەورەها بەشێک لە مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە دەیانویست بە شێوازی پۆپۆلیستی و کودەتا حکومەتی هەرێمی کوردستان بگۆڕن، بووە هۆکاری ئەوەی سەرۆک بارزانی پەیامێکی ڕاشکاوانەی جەماوەری ئاراستەی ئۆپۆزسیۆن بکات**

**هەر لە دەستپێکەوە، پەیەدە لەژێر کاریگەریی سەرکردەکانی پەکەکە لە قەندیل، سیاسەتی تاکڕەوی و خۆسەپاندنیان پیادە کرد و ڕێگەیان نەدا پارتە کوردییەکانی دیکەی ڕۆژئاوا کاری سیاسی خۆیان ئازادانە ئەنجام بدەن**

**ئەم سیاسەتە هەڵەیەی «پەیەدە» کە لەژێر ڕاسپاردەکانی سەرکردایەتیی پەکەکە لە قەندیلەوە ئاراستە دەکرا، بووە هۆکاری ئەوەی هەلێکی مێژوویی لە دەستی کوردانی ڕۆژئاوا بدرێت و نەیانتوانی هاوسۆزی نێودەوڵەتی بۆ خۆیان ڕابکێشن و ئەزموونێکی سەرکەوتوو پیادە بکەن**

بە هاوبەشی لەگەڵ لایەنە ئیسلامییەکان خۆپیشاندانێك لە سلێمانی بۆ پیرۆزبایی لە بەهاری عەرەبی بەڕێوەبەرن کە ئیسلامییەکان ناویان لێ نابوو «بەهاری ئیسلامی».

پێش ئەنجامدانی ئەم خۆپیشاندانە، خەڵکانێکی زۆر مەزندەی ئەوەیان دەکرد کە ئەم خۆپیشاندانە پیلانێکی لە پشتەوەیە بۆ تێکدانی سەقامگیری و پەکخستنی پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، هەر بۆیە ئێوارەی ١٧ی شوبات بە حیساب دوای تەواوبوونی خوپیشاندانی پیرۆزبایی لە «بەهاری ئیسلامی» ئاراستەی خۆپیشاندانەکە وەرچەرخێندرا بۆ سەر لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان و هەوڵیان دا کە لقی چوار بگرن و بیسووتێنن. سەرۆك بارزانی لەسەر ئەم ڕووداوە نووسیویەتی «ئایا لقی چوار هیچ دەسەڵات و بەرپرسیاریەتییێکی هەبوو لە ئیدارەی سلێمانی؟» بێگومان ئەم پرسیارەی سەرۆك بارزانی بۆ بارودۆخی ئەو کاتە زۆر لە جێگەی خۆیدا بوو، هەروەها پێویستی بەوە بوو، ئەو حزبانەی بە ناو خۆیان بە «ئۆپۆزسیون» دانابوو، وەڵامی بدەنەوە، بەڵام لە بری ئەمە بە جۆرێك سەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕان بە پلەی یەکەم و بەکارهێنانی سەرکردەی حزبە ئیسلامییەکان بە شێوەیەکی دیکە، لەخۆبایی کردبوو، کە سەرۆك بارزانی بەمجۆرە ئاماژەی پێ کردووە «ژمارەیەك لەو حزبانەی خۆیان بە ئۆپۆزسیون دەزانی، زۆر لە خۆبایی ببوون و سەردانی هەولێریان کرد و داوای کۆبوونەوەیان لەگەڵ حکومەت کرد، کە ئەو کات د.بەرهەم ساڵح، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بوو، حەمە تۆفیق گوتبووی، مامۆستا عەلی باپیر سەرۆکایەتیی کۆبوونەوەکە دەکات. د.بەرهەم پێی گوتبوو: ئێمە خانەخوێین! ئەو وەڵامی دابووەوە کە خانەخوێ نیت و کۆبوونەوەکە مامۆستا عەلی باپیر بەڕێوەی دەبات».

ئەگەر هەڵوەستەیەکی ورد لەسەر ئەم پەرەگرافە بکەین کە لە «بەرگی شەشەمی بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد» ئاماژەی پێ کراوە، ڕاشکاوانە پیلانی ئەو کودەتایەی پێشوەختە لەلایەن بزووتنەوەی گۆڕانەوە پیلانی بۆ داڕێژرابوو، دەردەخات، ئەمەش لەو قسەیەی حەمە تۆفیق ڕەحیم کە بە د.بەرهەم ساڵح سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەڵێت: «تۆ دانیشە و عەلی باپیر کۆبوونەوەکە بەڕێوە دەبات»، ئەمە بە مانای وشە مانای ئەوەیە کە ئێمە هیچ ئیعتوبارێك بۆ حکومەت و بۆ تۆ وەك سەرۆك وەزیران ناکەین.

ئەم غرووورەی هەرسێ لایەنی «گۆڕان، کۆمەڵ، یەکگرتوو» هەورەها بەشێك لە مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە دەیانویست بە شێوازی پۆپۆلیستی و کودەتا حکومەتی هەرێمی کوردستان بگۆڕن، بووە هۆکاری ئەوەی سەرۆك بارزانی پەیامێکی ڕاشکاوانەی جەماوەری ئاراستەی ئۆپۆزسیۆن بکات و پێیان بڵێت: «ئەگەر ئۆپۆزسیون داوای دەسەڵات دەکەن، ئێمە ئامادەین بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە، فەرموون ئەگەر متمانەی میللەتیان بەدەست هێنا، ئەوا بە ئاسانی و ئاشتییانە دەسەڵاتیان ڕادەست دەکرێت، ئەگەرنا ئەمە لە سەری خۆتان دەرهاوێن کە بە زۆر، یان بە کودەتا بگەنە دەسەڵات».

هەر دوابەدوای ئەم پەیامە جەماوەرییەی سەرۆك بارزانی، هەنگاوێکی گرنگی دیکە هەڵگیرا، ئەویش «پرۆسەی چاکسازی» بوو. ئەم هەنگاوە زۆر پێویست بوو کە دوای چەندین ساڵ کاروباری حکومەت هەڵبسەنگێندرێت، هۆکاری سەرەکی بۆ دەستپێکردن بە «پرۆسەی چاکسازی « وەك سەرۆك بارزانی نووسیویەتی «هاووڵاتیان گلەیی و گازندەیان هەبوو، لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن دەیانویست کەموکورتییەکان لە بەرژەوەندیی خۆیان بقۆزنەوە».

ئەم پرۆسەیە کە لای سەرۆك بارزانی زۆر گرنگ و پێویست بوو بۆ ئەو قۆناغە، بەڵام بە هۆی نەخۆش کەوتنی دایکییەوە سەرۆك بارزانی ماوەیەك لە سەرپەرشتیکردنی ئەم پرۆسەیە دوور کەوتەوە، بەڵام دوای وەفاتی خوالێخۆشبووی دایکی و دووبارە سەرپەرشتیکردنەوەی پرۆسەکە سەرۆك بارزانی بەمجۆرە نووسیویەتی «لە کاتی دەستپێکردنەوەی ئەرکەکانم، یەکەم پرسیارم لەسەر بابەت و پرسی چاکسازییەکان بوو، بەڵام زۆر بەداخەوە بۆم دەرکەوت کە پرۆسەی چاکسازی ئەرك و کارێکی ئاسان

نییە، دژایەتییەکی بێسنووری پرۆسەکە دەکرا و کۆسپ و ئالنگاریی بۆ دروست دەبوو، بە جۆرێك کە ئەو پرۆسەیە وێنەی شەڕێکی تەواوی وەرگرت، ئەوەی ڕاستی بێت، خەڵکی هەژار و دەستکورت و پێشمەرگە بە تەواوی پاڵپشتی پرۆسەکەیان دەکرد، بەڵام زۆربەی خاوەن بەرژەوەندی و دەسەڵات و پلە و پایەکان کەوتنە دژایەتیکردنی پرۆسەکە، لەگەڵ ئەوەشدا کاری باش و گەورە کران، بەڵام ئەوەی من مەبەستم بوو و داوام دەکرد، نەکرا».

### ● تێکچوونی بارودۆخی سووریا و کشانەوەی هێزەکانی ئەسەد لە ڕۆژئاوا

دوای بەرفراوانبوونی خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکانی سووریا، ڕژێمی ئەسەد ناچار بوو ئەنجام بدەن، لەمەش زیاتر کەوتە پیادەکردنی توندوتیژی بەرانبەریان، لەم بارودۆخەدا کە دەرفەتێك بۆ کوردانی ڕۆژئاوا هاتبووە پێشەوە کە خۆیان حوکمڕانیی خۆیان بکەن، وەرچەرخانێکی گەورە بوو لەبەر ئەوەی کوردی ڕۆژئاوا لەلایەن حکومەتی سووریا مافی ناسنامەشیان بە کوردانی سووریا ڕەوا نەدەبینی، لەم بارودۆخە هەستیارەدا سەرۆك بارزانی هەموو هەوڵی خۆی خستە گەڕ بۆ ئەوەی لەگەڵ لایەنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و کەسایەتییە ئەکادیمی و سیاسییەکان پێکەوە کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانن داکۆکی لە مافەکانی خۆیان بە شێوەیەی تەندروست بکەن و ڕۆژئاواش بە هاوشێوەی هەرێمی کوردستان

**ئەم هاوکاری و هەوڵانەی سەرۆک بارزانی کە تەنیا ئامانجی ئەوە بوو، قەوارەیەکی سیاسی لە ڕۆژئاوای کوردستان دابمەزرێت، لەلایەن پەکەکەوە ئاراستەکەی شێوێندرا و وای کرد، تورکیا هەنگاو بەرەو داگیرکردنی عەفرین و سەری کانێ هەڵبگرێت**



هێزەکانی لە بەشێك لە ڕۆژئاوای کوردستان بکێشێتەوە، ئەم کشانەوەیە بووە هۆکاری ئەوەی کە «پەیەدە» حوکمڕانییەکی خۆجێی لەو ناوچانە ڕابگەیەنێت، بەڵام بەداخەوە «پەیەدە» نەهاتن کە ئەزموونی هەرێمی کوردستانی دوای کشانەوەی دامودەزگاکانی بەعس لە ڕۆژئاوا دووبارە بکەنەوە و، هەموو هێزە سیاسییەکان کۆببنەوە و بڕیار لەسەر هەڵبژاردنێکی ئازادانە بدەن، بەپێچەوانەوە هەر لە دەستپێکەوە، پەیەدە لەژێر کاریگەریی سەرکردەکانی پەکەکە لە قەندیل، سیاسەتی تاکڕەوی و خۆسەپاندنیان پیادە کرد و ڕێگەیان نەدا پارتە کوردییەکانی دیکەی ڕۆژئاوا کاری سیاسی خۆیان ئازادانە ببێتە قەوارەیەکی سیاسی و دەستووری لە سووریادا، سەبارەت بەم هەوڵانە سەرۆك بارزانی نووسیویەتی «دوای هاتنەئارای ئەم بارودۆخە لە سووریا، هەوڵی زۆرمان لەگەڵ لایەنەکانی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان دا، لە کۆبوونەوە و دیدارەکاندا داوامان لێکردن، پێکەوە کار بکەن و بەرەیەکی یەکگرتوو لە نێوان خۆیان دروست بکەن، کە نوێنەرایەتیی هەموو کورد بکات و هەرێمی کوردستانیش ئامادەیە بە هەموو شێوەیەك هاوکاریتان بکات و یارمەتیتان بدات، بە مەرجێك خاوەن یەك ناوەندی بڕیار بن و هەر لایەنێك بەرەو لایەك هەنگاو نەنێت. بۆ ئەم مەبەستە بڕیار درا ڕۆژی ٢٨ی کانوونی

**دوای نەخۆشکەوتنی خوالێخۆشبوو «مام جەلال « کۆنترۆڵکردنی ئاراستەی سیاسەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارێزگاریکردنی ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان پارتی و یەکێتی کارێکی ئاسان نەبوو**

دووەمی ٢٠١٢ کۆنفرانسێك بۆ هەموو لایەن و پارتە سیاسی و کەسایەتییە ئەکادیمی و سیاسی و فەرهەنگییەکانی کوردی سووریا ببەسترێت، لەم کۆنفرانسەدا نزیکەی ٢٥٠ کەس لە هەموو لایەنەکان و کەسایەتییەکان ئامادە بوون، جگە لە «پەیەدە» کە بە ڕێنمایی و ئامۆژگاریی قەندیل (سەرکردایەتیی پەکەکە) ئامادە نەبوون، چونکە پەیامیان بۆ ناردبوون کە بەشداری کۆنفرانسەکە نەکەن».

ئەم سیاسەتە هەڵەیەی «پەیەدە» کە لەژێر ڕاسپاردەکانی سەرکردایەتیی پەکەکە لە قەندیلەوە ئاراستە دەکرا، بووە هۆکاری ئەوەی هەلێکی مێژوویی لە دەستی کوردانی ڕۆژئاوا بدرێت و نەیانتوانی هاوسۆزی نێودەوڵەتی بۆ خۆیان ڕابکێشن و ئەزموونێکی سەرکەوتوو پیادە بکەن، ئەم بارودوخە بەم شێوەیە مایەوە، هەتا شەڕی تیرۆریستانی داعش دەستی پێ کرد و بەشێکی زۆری ناوچەکان لەلایەن تیرۆریستانی داعش دەستی بەسەردا گیراوە، بە سەدان هەزار کوردی سووریاش ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون، لەم حاڵەتەدا جارێکی دیکە سەرۆك بارزانی هەوڵەکانی خۆی خستەگەڕ و یارمەتی پەیەدەی دا و نووسیویەتی «بارودۆخی ڕۆژئاوای کوردستان بەم شێوەیە مایەوە، تا هاتنی داعش و دەستپێکردنی شەڕی داعش. پەیەدە زۆر تینی بۆ هاتبوو و داعش گوشاری خستبووە سەریان و داوای یارمەتییان لە ئێمە کرد. لەبەر خاتری گەلەکەمان و خوشك و براکانمان لە ڕۆژئاوا بە هەموو هەوڵ و توانا و کەلوپەلی بەردەستمان هاوکاری و یارمەتیی «پەیەدە»مان دا لە شەڕی دژی داعش».

ئەم هەوڵانەی سەرۆك بارزانی بەردەوام بوو، تەنانەت پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ پەیەدە ئاسایی کردەوە و ساڵح موسلیم سەرۆکی پەیەدە سەردانی هەرێمی کوردستان کرد و جارێکی دیکە سەرۆك بارزانی هەموو لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژئاوای لە دهۆك پێکەوە کۆکردەوە و، زەمینەیەکی لەباریشی دروست کرد بۆ ئەوەی ئەمریکییەکان لە ڕێگەی فرۆکەخانەی هەولێرەوە یارمەتی بگەیێننە ڕۆژئاوا، لەمەش زیاتر کاتێك کۆبانی کەوتە بەر مەترسیی کەوتن، سەرۆك بارزانی داوای لە پەرلەمانی کوردستان کرد کە بڕیاری ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆبانی بدات، ئەم بڕیارە کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بە کۆی دەنگ پشتگیری کرا، بۆ یەکەمین جار هێزی پێشمەرگە بە شێوەیەکی ئاشکرا و فەرمی سنووری هەر سێ وڵاتی «عێراق و تورکیا و سووریا»ی بڕی و توانییان هاوکاری خوشك و براکان لە کۆبانی بکەن و لە ماوەیەکی کورتدا ئەم هاوکاری و بەشدارییەی هێزی پێشمەرگە بووە هۆکاری ئەوەی هاوسەنگی بۆ بەرژەوەندیی ڕۆژئاوا لە دژی تیرۆریستانی داعش بگۆڕێت و کۆبانی بە تەواوەتی ئازاد بکرێت و، هێزی پێشمەرگەش دوای ئەم سەرکەوتنە بە سەربەرزی و لەژێر شەکانەوەی ئاڵای کوردستاندا گەڕانەوە هەرێمی کوردستان.

ئەم هاوکاری و هەوڵانەی سەرۆك بارزانی کە تەنیا ئامانجی ئەوە بوو، قەوارەیەکی سیاسی لە ڕۆژئاوای کوردستان دابمەزرێت، لەلایەن پەکەکەوە ئاراستەکەی شێوێندرا و وای کرد، تورکیا هەنگاو بەرەو داگیرکردنی عەفرین و سەری کانێ هەڵبگرێت، ئەمە لەگەڵ ئەوەی تورکیا پێشتر هاوکار و پشتیوانی ڕۆژئاوا بوو، تەنانەت هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە چووە کۆبانی بە خاکی تورکیادا ڕۆیشت و گەیشتە کۆبانی، لەسەر ئەم ئاراستە هەڵەیەی سیاسەتی پەکەکە سەرۆك بارزانی بەمجۆرە خستوویەتە ڕوو «لە ئەنجامی تاکڕەویی و هەڵەکانی پەیەدەدا کارەسات و بارودۆخێکی وا بەسەر عەفرین و سەرێکانی و ناوچەکانی تر هات کە قەرەبووی زۆر زەحمەتە، ئەوان بە شێوەیەك کەوتنە ژێر کاریگەری و هەژموونی پەکەکە، کە تورکیایان لە هاوکار و پشتیوانەوە کردە دوژمن و داگیرکار، بە ڕاستی ئەوەی لە عەفرین ڕووی دا، جینۆسایدێکی تەواو بوو، پەکەکە، مەبەستی بوو سوود لە پەیەدە وەربگرێت و بەکاریان بهێنێت بۆ هەڵگرتن و لادانی وێنە و ڕوخساری تیرۆریستی لەسەر خۆیان، لەلایەکی دیکەشەوە نیوەی ئەو چەکە پێشکەوتووانەی لەلایەن ئەمریکاوە دەدرایە پەیەدە، دەگەیشتە دەستی پەکەکە، بەتایبەتی لە ڕێگەی شنگالەوە بە هاوکاری ئەمنی نیشتمانیی عێراق و حەشدی شەعبی و باڵێکی یەکێتی».

**بۆ هەڵبژاردنەکانی ٢١ی ئەیلوولی ٢٠١٣، یەکێتی بڕیاری دا بە لیستێکی سەربەخۆ دابەزێت، ئەم هەنگاوەیان قەوارەی ڕاستەقینەی یەکێتی دەرخست، لە هەمان کاتدا تووشی شکستێکی گەورە بوون کە ئاکامی هەڵبژاردنەکان بە هێزی سێیەم لە کوردستان پۆلێنی کرد**

**ئەم هەنگاوەی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ بەشداریکردنی لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان و هەروەها دروستکردنی یەکڕیزی لە نێوان تەواوی هێزە سیاسییەکاندا**

**لە پرۆسەی پێکهێنانی هاوپەیمانی و دابەشکردنی پۆستەکان بۆ کابینەی هەشتەم، یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئاستەنگی دروست دەکرد و، نەیدەویست بەپێی بەرکەوتەی هەڵبژاردن مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بزووتنەوەی گۆڕانیش پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد، لەسەر بنەمای بەرکەوتەی هەڵبژاردن پشکی خۆی لە کابینەی هەشتەم دەوێت**



## ● ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٣ و پێکهێنانی کابینەی هەشتەم

دوای نەخۆشکەوتنی خوالێخۆشبوو «مام جەلال» کۆنترۆڵکردنی ئاراستەی سیاسەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارێزگاریکردنی ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان پارتی و یەکێتی کارێکی ئاسان نەبوو. سەرکردایەتیی یەکێتی بە تەواوەتی گەیشتبوونە ئەو قەناعەتەی ئەگەر لە ڕێککەوتنی ستراتیژی بێنە دەرەوە و لەگەڵ پارتی بە یەك لیست دانەبەزن، بارودۆخیان باشتر دەبێت، هەر بۆیە بۆ هەڵبژاردنەکانی ٢١ی ئەیلوولی ٢٠١٣، یەکێتی بڕیاری دا بە لیستێکی سەربەخۆ دابەزێت، ئەم هەنگاوەیان قەوارەی ڕاستەقینەی یەکێتی دەرخست، لە هەمان کاتدا تووشی شکستێکی گەورە بوون کە ئاکامی هەڵبژاردنەکان بە هێزی سێیەم لە کوردستان پۆلێنی کرد، لەم هەڵبژاردنەدا پارتی بە بەدەستهێنانی «٣٨» کورسی وەك هێزی یەکەم و سەرەکی لە کوردستان مایەوە، بزووتنەوەی گۆڕان بە بەدەستهێنانی «٢٤» کورسی بووە هێزی دووەم و یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش بە بەدەستهێنانی «١٨» کورسی بووە هێزی سێیەم.

ئەم ئاکامانەی هەڵبژاردن هاوکێشەیەکی تازەی دروست کرد، بەتایبەتی کە خوالێخۆشبوو نەوشیروان مستەفا بڕیاری دا بزووتنەوەی گۆڕان ئەمجارەیان بەشداری لە پێکهێنانی حکومەت بکات، بۆ ئەم مەبەستەش دوای ڕاگەیاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن لە مانگی تشرینی دووەمی ٢٠١٣ نەوشیروان مستەفا سەردانی سەرۆك بارزانی کرد، سەبارەت بەم سەردانە سەرۆك بارزانی نووسیویەتی: ڕۆژی ٢٥ی تشرینی دووەمی ٢٠١٣، نەوشیروان مستەفا سەردانی کردم و لە دیدارێکدا داوای کرد، لاپەڕەیەکی نوێ لە نێوان پارتی و گۆڕاندا بکرێتەوە، هەروەها ئامادەیی گۆڕانی نیشان دا، بۆ بەشداری کردن لە کابینەی تازەی حکومەتی هەرێمدا، لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکە ڕایگەیاند «بە مەبەستی گرژی و ساردیی نێوان هەردوولا هاتووە و داوا دەکات،

**ویڕای قەیران و شەڕی بەرفراوانی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ تیرۆریستانی داعش کە بەرەکەی زیاتر لە ١٠٠٠ کیلۆمەتر بوو، توانرا لەسەر داوای سەرۆك بارزانی پەرلەمانی کوردستان بڕیار بدات، هێزی پێشمەرگە بچێت بۆ کۆبانی و لەوێش سەرکەوتنێکی گەورە بە دەست هات**

**سەرۆک بارزانی تەنیا سەرکردە بوو لەم جیهانەدا کە توانی تەلاری سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بەجێ بهێڵێت و ببێتەوە بە هەمان پێشمەرگەکەی ساڵی ١٩٦٢ و بگەڕێتەوە سەنگەرەکانی پێشەوە پێشمەرگە و، ڕابەرایەتی هێزێک بکات لە شەڕی دژی داعش کە هێزی پێشمەرگەیە**

کە وەك ڕابردوو پێکەوە کار بکەین و هاوکار بین لە کار و بڕیارەکاندا و دەست بە قۆناغێکی نوێ بکەین. لەوەڵامدا پێم ڕاگەیاند، ئێمەش بۆ کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لە نێوان هەردوولا ئامادەین و نێچیرڤانم ئاگادار کردەوە کە لەگەڵ نەوشیروان مستەفا کۆببێتەوە و گفتوگۆ لەسەر بەشداریی گۆڕان بکەن لە حکومەتدا و بەشداریی گۆڕان لە حکومەتدا هەنگاوێکی باش و بەجێیە».

ئەم هەنگاوەی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ بەشداریکردنی لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان و هەروەها دروستکردنی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بزووتنەوەی گۆڕانیش پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد، لەسەر بنەمای بەرکەوتەی هەڵبژاردن پشکی خۆی لە کابینەی هەشتەم دەوێت، ئەوەی دیکە کێشەی نێوان پارتی و یەکێتییە با خۆیان چارەسەری بکەن، هەر بۆیە دوای ٩ مانگ لە هەڵبژاردنەکانی ئەیلوولی ٢٠١٣، توانرا لە ١٨ی حوزەیرانی ٢٠١٤ کابینەی هەشتەم ڕابگەیەندرێت.

ڕاگەیاندنی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کاتێکدا بوو کە هەفتەیەك بوو، تیرۆریستانی داعش مووسڵیان داگیرکردبوو، «ئەبووبەکر بەغدادی»یش خەلافەتی ئیسلامی ڕاگەیاندبوو، هەروەها لە



**عەزمی سەرۆک بارزانی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ئامادەباشییان بۆ قوربانیدان و پاراستنی کوردستان، هەموو ئەو بۆچوونانەی پێشتری لەسەر تیرۆریستانی داعش پووچەڵ کردەوە، دوای ئەوەی لە یەکەم داستانی نەبەردیدا هێزی پێشمەرگە توانییان لە ١٠ی ئابی ٢٠١٤ گوێڕ و مەخموور لە دەستی تیرۆریستانی داعش ئازاد بکەن**

یەکڕیزی لە نێوان تەواوی هێزە سیاسییەکاندا، بەتایبەتی لەو کاتەدا کە مەترسییەکانی سەرهەڵدانی تیرۆریستانی داعش دەرکەوتبوو و شێوازی کارە تیرۆریستییەکانیان بە تەواوەتی گۆڕانکاری بەسەردا هاتبوو. لە لایەکی دیکەوە حکومەتی عێراق بە بڕیاری شەخسی «نووری مالیکی» هەر لە سەرەتای مانگی شوباتی ٢٠١٤ پشکی هەرێمی کوردستانی لە بودجەی عێراق بڕی، بەڵام لە هەمان کاتدا لە پرۆسەی پێکهێنانی هاوپەیمانی و دابەشکردنی پۆستەکان بۆ کابینەی هەشتەم، یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئاستەنگی دروست دەکرد و، نەیدەویست بەپێی بەرکەوتەی هەڵبژاردن ماوەی ئەو هەفتەیە بە سەدان هەزار ئاوارە لە عێراق و سووریاوە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردبوو، شەڕی نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و تیرۆریستانی داعشیش ناوبەناو بوونی هەبوو، بەڵام وێڕای هەموو ئەم کارەسات و قەیرانانە لە یەك کاتدا وەك «بڕینی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق، هاتنی سەدان هەزار ئاوارە بۆ کوردستان و گۆڕینی لە پڕ و لە ناکاوی دیموگرافیای کوردستان، مەترسیی تیرۆریستانی داعش کە بە بڕی زیاتر لە ٢٥ ملیار دۆلاری تەنیا لە عێراق چەکی پێشکەوتووی ئەمریکی کەوتبووە بەردەستیان و...هتد»، بەڵام لەبەر ئەوەی

بەشێوەیەك لە شێوەكان یەكریزی و هاوپەیمانی نێوان لایەنە سیاسیەكان لە پێكهاتەی كابینەی هەشتەم ڕەنگی دابووەوە، توانرا بەشێوەیەكی زۆر سەركەوتووانە هەم ئیدارەی هێزی پێشمەرگەی كوردستان بكرێت لەشەڕی دژی تیرۆریستانی داعش و هەمیش ئیدارەی ئەو هەموو ئاوارانەش بكرێت، كە عێراق و سووریاوە هاتبوونە كوردستان، لەمەش زیاتر وێرای قەیران و شەڕی بەرفراوانی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ تیرۆریستانی داعش كە بەرەكەی زیاتر لە ١٠٠٠ كیلۆمەتر بوو، توانرا لەسەر داوای سەرۆك بارزانی پەرلەمانی كوردستان بڕیار بدات، هێزی پێشمەرگە بچێت بۆ كۆبانی و لەوێش سەركەوتنێكی گەورە بە دەست هات.

بەداخەوە ئەم تەبایی و یەكریزییە ساڵێكی تێنەپەڕاند و، جارێكی دیكە لە حوزەیرانی ٢٠١٥، دووبارە ڕق و كینەی سیاسی دەستی پێ كردەوە و، هەوڵێك هاتە ئاراوە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی پەرلەمانەوە كودەتایەك بە سەر سەرۆكایەتیی هەرێمی كوردستان بكەن، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا فەرمانی سەرۆك بارزانی بەو جۆرە بوو لەو بارودۆخە ناسكەدا بە دیالۆگ و لێكتێگەیشتن هەموو كێشەكان چارەسەر بكرێن، ئەوە بوو لە ٢٣ی حوزەیرانی ٢٠١٥ پەرلەمانی كوردستان لە دانیشتنێكی «٥٠+١» خوێندنەوەی یەكەمی بۆ یاسای سەرۆكایەتیی هەرێمی كوردستان كرد، لەو كاتەوە هەتا ڕۆژی ١٩ی ئابی ٢٠١٥ كە كاتی خوێندنەوەی دووەم بوو بۆ یاساكە، هەموو هەوڵەكان بە ناوبژیوانیی هاوپەیمانان و نەتەوە یەكگرتووەكان خرانە گەڕ بۆ ئەوەی خوێندنەوەی دووەم بۆ یاساكە نەكرێت، بەڵام سەرۆكی پەرلەمان كە لە بزووتنەوەی گۆڕان بوو، ڕاستەوخۆ فەرمانی لە شەخسی نەوشیروان مستەفاوە وەردەگرت، هەوڵی دا تاكلایەنە كۆبوونەوەی پەرلەمان هەر ئەنجام بدات، ئەوە بوو ئەمجارەیان نیسابی یاسایی دروست نەبوو و پەرلەمان پەك خراو جارێكی دیكە ڕق و كینەی سیاسی ناسەقامگیری لە كوردستان دروست كردەوە و، دوای ئەوەی لە پەرلەمان شكستیان هێنا، هەوڵیاندا بە ئاژاوەگێری و توندوتیژی كودەتاكەیان سەربخەن، بۆیە پارتی دیموكراتی كوردستان بڕیاری دا هاوپەیمانییەكەی بۆ پێكهێنانی كابینەی هەشتەم لەگەڵ گۆڕان هەڵبوەشێنێتەوە و، ڕێگەی نەدا سەرۆكی پەرلەمان بگەڕێتەوە پەرلەمان و وەزیرەكانی گۆڕانیشی ناردەوە بۆ ماڵەوە.

### ● هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر كوردستان و داگیركردنی مەخموور و شنگال و دەشتی نەینەوا

تیرۆریستانی داعش هەر لەگەڵ دەركەوتنیان و پاشانیش داگیركردنی بەشێكی زۆری خاكی عێراق و سووریا و ڕاگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی لە مووسڵ، ئەفسانەیەكیان دروست كردبوو، كە هیچ هێزێك لەسەر ئەم زەمینە نە دەتوانێت ڕووبەڕوویان ببێتەوە، نە دەشتوانێت تێكیان بشكێنێت، ئەم بۆچوونە تەنیا بۆچوونی ئەو خەڵكانە نەبوون كە هێرشە دڕندانەكانی داعشیان بینیبوو، یان لە دەستی داعش هەڵهاتبوون، بەڵكو ئەمە بۆچوون و تێگەیشتنی پسپۆڕانی سەربازیی و ئەمنی بوو لەسەر ئاستی ناوەندەكانی فیكر و لێكۆڵینەوە و ئاستی ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریكا و یەكێتیی ئەورووپا و تەواوی دەوڵەتانی جیهان، بەوەی ئەم هێزە تیرۆریستییەی كە ناوی لە خۆی ناوە «دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی - داعش»، هێزێكە لەسەر زەوی لە شكان نایەت و بە هێزی ئاسمانیش ناتوانرێت تێك بشكێندرێت، هەر بۆیە جیهان دەستەوەستان بوو لەوەی هاوپەیمانییەك دروست بكات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیی تیرۆریستانی داعش، هەروەها دەستەوەستان بوو لەوەی پلانێكی تۆكمەی سەربازی و ئەمنی دابڕێژێت بۆ لەناوبردنی تیرۆریستانی داعش.

بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەش، ئەگەر سەرنج لە ئاراستەی هەوڵە نێودەوڵەتییەكان و شرۆڤە و بیروبۆچوونی ناوەندەكانی فیكر و لێكۆڵینەوە بدەین، دەبینین لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی «ئەمریكا و ناتۆ و یەكێتیی ئەورووپا» لە ماوەی ١٠ی حوزەیران تا ٢ی ئابی ٢٠١٤ هیچ هەوڵێكیان دیار نەبوو و بێ ئومێدی تەواو بە هەنگاوەكانیانەوە دیار بوو. بەڵام كاتێك لە ٢ی ئابی ٢٠١٤، تیرۆریستانی داعش ئاراستەی هێرشەكانیان گۆڕی بۆ سەر هەرێمی كوردستان

**جارێكی دیكە لە حوزەیرانی ٢٠١٥، دووبارە ڕق و كینەی سیاسی دەستی پێ كردەوە و، هەوڵێك هاتە ئاراوە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی پەرلەمانەوە كودەتایەك بە سەر سەرۆكایەتیی هەرێمی كوردستان بكەن، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا فەرمانی سەرۆك بارزانی بەو جۆرە بوو لەو بارودۆخە ناسكەدا بە دیالۆگ و لێكتێگەیشتن هەموو كێشەكان چارەسەر بكرێن**

**پێشمەرگە قارەمانەكان لە شنگال توانییان مەزاری شێخ شەرەفەدین لەناو شنگال و ئاوارەكان لە چیای شنگال بپارێزن و تیرۆریستانی داعش تێك بشكێنن و ئەفسانەكەیان بەتاڵ بكەنەوە**

**لەو ماوەیەی هەولێر كەوتە مەترسی پێشمەرگە دلێر و ئازا و بوێرەكان بە خوێن سنگیان بەرگرییان لە هەولێر كرد و قارەمانیەتێكی گەورەیان نواند و داستان و سەربەرزییەكی مێژوویان تۆمار كرد**

**ئەگەر هەڵوەستە لەسەر ئەو پرسیارە بکەین، کە جۆزیف بایدن سەرۆکی ئێستای ئەمریکا «ئەو کات جێگر بوو» کە لە سەرۆک بارزانی دەپرسێت: ئەگەر فڕۆکەکانی ئەمریکا لە ئاسمانەوە پشتگیری بکەن، لەو بڕوایەدای کە داعش تێک بشکێندرێت؟ هەر خودی ئەم پرسیارە ئەو دەستەوەسانی و نائومێدییەمان پیشان دەدات کە هەموو سەرۆکەکانی جیهان بەرانبەر تێکشکانی تیرۆریستانی داعش هەیان بووە**

**دوای ئەوەی تیرۆریستانی داعش لە گوێڕ و مەخموور تێک شکێندران، ئومێدێک گەڕاوەیە بۆ جیهان، بەوەی هێزێک هەیە لەم جیهانە دەتوانێت تیرۆریستانی داعش لەسەر زەوی تێک بشکێنێت، کە ئەویش هێزی پێشمەرگەی کوردستانە بە ڕابەرایەتیی سەرۆک بارزانی**

و توانییان «مەخموور، شنگال، دەشتی نەینەوا» داگیر بکەن، بە سەدان هەزار ئاوارەش ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، سەرۆك بارزانی تەنیا سەرکردە بوو لەم جیهانەدا کە توانی تەلاری سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بەجێ بهێڵێت و ببێتەوە بە هەمان پێشمەرگەکەی ساڵی ١٩٦٢ و بگەڕێتەوە سەنگەرەکانی پێشەوەی پێشمەرگە و، ڕابەرایەتی هێزێك بکات لە شەڕی دژی داعش کە هێزی پێشمەرگەیە و لە ڕووی چەك و تەقەمەنییەوە تەنیا ژمارەیەك چەکی ساڵی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوویان لەبەر دەست بوو، لە ڕووی تەقەمەنیشەوە شتێکی ئەوتۆیان لەبەر دەست نەبوو، چونکە نە عێراق هاوکاری پێشمەرگەی کردبوو بە یەك فیشەك، نە ڕێگەشیان دەدایـن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وەك هەرێمی کوردستان خۆمان چەك و تەقەمەنی بکڕین، بەڵام عەزمی سەرۆك بارزانی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ئامادەباشییان بۆ قوربانیدان و پاراستنی کوردستان، هەموو ئەو بۆچوونانەی پێشتری لەسەر تیرۆریستانی داعش پووچەڵ کردەوە، دوای ئەوەی لە یەکەم داستانی نەبەردیدا هێزی پێشمەرگە توانییان لە ١٠ی ئابی ٢٠١٤ گوێڕ و مەخموور لە دەستی تیرۆریستانی داعش ئازاد بکەن و، هەروەها پێشمەرگە قارەمانەکان لە شنگال توانییان مەزاری شێخ شەرەفەدین لەناو شنگال و ئاوارەکان لە چیای شنگال بپارێزن و تیرۆریستانی داعش تێك بشکێنن و ئەفسانەکەیان بەتاڵ بکەنەوە، ئیدی ئەم مقاوەمەتەی پێشمەرگە هەموو هاوکێشەکانی پێشتری لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گۆڕی و، ئاراستەیەکی تازە و ئومێدێك لە ئیرادەی پێشمەرگەوە بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستان هاتە ئاراوە. سەرۆك بارزانی لە بەرگی شەشەمی بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بەم شێوەیە باسی ئەو ٨ ڕۆژەمان لە ٢ی ئاب تا ١٠ی ئابی ٢٠١٤ بۆ دەکات «ڕۆژانی ٦و٧ی ئابی ٢٠١٤، ڕۆژانی سەخت و پڕ لە ئێش و ئازار بوون، چونکە داعش توانی مەخموور و گوێڕ کۆنترۆڵ بکات و لە میحوەری خازریش تا نزیك کەڵەك پێشڕەوییان کرد، بەڵام لە زێ نەپەڕینەوە، پێشمەرگە بۆ تێکشکاندنی ئۆتۆمبێلە گوللە نەبڕ «هەمەر»ـەکانی داعش چەکی باش و کاریگەریان لەبەر دەست نەبوو. بارودۆخێکی یەکجار ناهەموار و ناخۆش هاتە ئاراوە، خەریك بوو بەرەو داڕووخانێکی تەواو بچێت، بەڵام لەو ماوەیەی هەولێر کەوتە مەترسی پێشمەرگە دلێر و ئازا و بوێرەکان بە خوێن سنگیان بەرگرییان لە هەولێر کرد و قارەمانیەتێکی گەورەیان نواند و داستان و سەربەرزییەکی مێژووییان تۆمار کرد.. ڕۆژی ٧ی ئاب ژمارەیەکی زۆر سەرۆك و بەرپرسی وڵاتان پەیوەندییان پێوە کردین، لە پەیوەندییەکانیاندا «فرانسۆ هۆلاند سەرۆکی فەرەنسا، جۆ بایدن جێگری سەرۆکی ئەمریکا، ئەنگێلا مێرکل ڕاوێژکاری ئەڵمانیا، دیڤید کامیرۆن سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا، جەنەڕاڵ ئۆستن فەرماندەی سەرکردایەتیی ناوەندی هێزەکانی ئەمریکا» هەموویان سەبارەت بە بارودۆخ و دوا پێشهاتەکان پرسیاریان کرد، ئێمەش بە وردی مەترسیی بارودۆخەکە و نەبوونی چەك و تەقەمەنیی پێویستمان بۆ ڕوون کردنەوە، هەموویان بەڵێنیان پێدام کە بە زووترین کات دەست بە هاوکاری و یارمەتی هێزەکانی پێشمەرگە دەکەن. بایدن لە پەیوەندییەکەدا پرسی «ئەگەر فڕۆکەکانی ئەمریکا لە ئاسمانەوە پشتگیری بکەن، لەو بڕوایەدای داعش تێك بشکێندرێت؟ منیش لە وەڵامدا پێم ڕاگەیاند، من بڕوایەکی زۆرم بە پێشمەرگە هەیە، قورسایی و کێشەکە هەر ئەوەیە هێرشە بەربڵاوەکەی داعش ڕابگیرێت، ئەگەر پشتیوانی فڕۆکەمان هەبێت، پشت بە خوا داعش تێك دەشکێندرێت».

لەم پەڕەگرافەدا ئەگەر هەڵوەستە لەسەر ئەو پرسیارە بکەین، کە جۆزیف بایدن سەرۆکی ئێستای ئەمریکا «ئەو کات جێگر بوو» کە لە سەرۆك بارزانی دەپرسێت: ئەگەر فڕۆکەکانی ئەمریکا لە ئاسمانەوە پشتگیری بکەن، لەو بڕوایەدای کە داعش تێك بشکێندرێت؟ هەر خودی ئەم پرسیارە ئەو دەستەوەسانی و نائومێدییەمان پیشان دەدات کە هەموو سەرۆکەکانی جیهان بەرانبەر تێکشکانی تیرۆریستانی داعش هەیان بووە، هەر بۆیە دوای ئەوەی تیرۆریستانی داعش لە گوێڕ و مەخموور تێك شکێندران، ئومێدێك



گەڕاوەیە بۆ جیهان، بەوەی هێزێك هەیە لەم جیهانە دەتوانێت تیرۆریستانی داعش لەسەر زەوی تێك بشكێنێت، كە ئەویش هێزی پێشمەرگەی كوردستانە بە ڕابەرایەتیی سەرۆك بارزانی.

ئەم سەركەوتنانەی هێزی پێشمەرگەی كوردستان بەسەر تیرۆریستانی داعش وای كرد، كە سەرۆك ئۆباما لە ١١ی ئابی ٢٠١٤ بۆ یەكەمین جار دیمانەیەكی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ تۆماس فریدیمان بۆ ڕۆژنامەی نیۆیۆرك تایمز ئەنجام بدات و بڕیاری ئەوە بدات، ئەمریكا بەشداری لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش بكات و بیر لەوە بكاتەوە كە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش بە سەركردایەتیی ئەمریكا لەژێر چەتری بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دابمەزرێت.

ئەوەی بەرگی شەشەمی بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد، وەك وانەیەكی مێژوویی بۆ نەوەكانی ئێستا و ئایندە گرنگە، ئەوەیە كاتێك ڕابەری كاریزما لە قۆناغە سەختەكاندا بڕیاری چارەنووساز دەدات، وەك ئەو بڕیارەی سەرۆك بارزانی بۆ تێكشكاندنی تیرۆریستانی داعش دای، بەبێ ئەوەی هێزی پێشمەرگە چەك و تەقەمەنیی پێویستی لەبەر دەست بێت، ئەوا ئەوەمان فێر دەكات، كە ڕابەر و كاریزمای ڕاستەقینە ئەو كەسەیە كە لە ناو ئاسمانی تاریكی نەتەوەدا و لە ڕۆژە سەختەكاندا، پەنجەرەی ئومێد و ڕووناكی بۆ نەتەوەكەی و جیهان دەكاتەوە، تێكشكاندنی تیرۆریستانی داعش بە سەركردایەتیی سەرۆك بارزانی لەسەر دەستی پێشمەرگە، ئەو پەنجەرەی ڕووناكییە بوو كە بارزانی بۆ كوردستان و هەموو جیهانی كردەوە.

# هونەری دەوڵەتمەداری

# ڕاستگۆیی و خەمخۆری
# هەوێنی یەکڕیزی و ئومێد



دیارترین خەسڵەتی دەوڵەتمەداری سەرکەوتوو، ڕاستگۆییە لە گوتار و خەمخۆرییە لە ئایندەی گەل و نەتەوەکەی، هەر بۆیە لە کار و ڕەفتاری ئەمجۆرە دەوڵەتمەدارانەدا هێندەی چاویان لە ئایندەی میللەتەکەیان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیەتی، هێندە چاویان لەسەر حزبەکەی خۆیان و سندوقی دەنگدان نییە.

لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر سەیری هونەری دەوڵەتمەداریی مەسرور بارزانی بکەین لە ماوەی ئەم چوار ساڵەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەبینین زۆر بە ڕاشکاوی هەر دوو خەسڵەتی «ڕاستگۆیی و خەمخۆری» بنەمای کار و هەنگاوەکانی بوون لە بەڕێوەبردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و، لە پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ عێراق و دەوڵەتانی هەرێمی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا.

هەر لەگەڵ دەستپێکی کابینەی نۆیەمدا، مەسرور بارزانی زۆر بە ڕاستگۆیانە نەخشەیەکی تازەی بۆ پرۆسەی حوکمڕانی پیشان داین و زۆر بە ڕاشکاوانە بەهەموو لایەکی ڕاگەیاند، ئەو هاوپەیمانییەی لە نێوان ئەو لایەنانە کراوە بۆ پێکهێنانی ئەم کابینەیە، دەبێت وەزیر و بەرپرسانی هەموو لایەنەکان لەناو حکومەتدا نوێنەرایەتیی هەموو خەڵکی کوردستان بکەن و، خەمخۆری ئەوە بن بەبێ جیاوازی خزمەتگوزاری بۆ هەموو هاووڵاتیانی کوردستان وەك یەك دابین بکەن، ئەو لایەنانەشی کە ئۆپۆزسیۆنن، ئەوا مافی خۆیانە ڕەخنەی خۆیان بگرن و ئازادن لەوەی ڕەخنەکانیان ئاراستە دەکەن، بە مەرجێك ئەو ڕەخنانە نەبنە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی و لە دژی بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان نەبێت.

لەگەڵ حکومەتی عێراق «ئەوجا هەر حکومەتێك بێت»، مەسرور بارزانی بەرنامەی بەو جۆرە بووە کە کۆی کێشەکان لەگەڵ حکومەتی عێراق لە چوارچێوەی دەستووردا چارەسەر بکرێن و پەیوەندییەکی دروست هاوسەنگ لە نێوان هەرێم و عێراق ڕێك بخرێتەوە، لەم پێناوەشدا هەوڵی داوە کە جۆرێك لە لێکتێگەیشتن و هاریکاری جددی لە نێوان هەرێم و بەغدا دروست بێت، بۆ ئەوەی هەم کوردستان و هەمیش عێراق هەنگاوی زۆر گەورە بۆ ئایندەیەکی ڕۆشن هەڵبگرن و، هەرێمی کوردستان هاریکاری عێراق بێت، بۆ ئەوەی پارێزگاکانی عێراقیش وەك هەرێمی کوردستان ببووژێنەوە و لە نەهامەتی و نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان ڕزگاریان ببێت.

لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتانی هەرێمی و دراوسێ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش، هەوڵی داوە زۆر بە ڕاشکاوی ئەوەیان بۆ بسەلمێنێت کە ئارامی و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان لە ناوچەیەکی ئاڵۆزی وەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، خزمەتێکی گەورە بە ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات، لەمەش زیاتر ئارامی و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان، دەرفەتێکە بۆ وەبەرهێنانی دەوڵەتانی هەرێمی بەتایبەتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی گشتی، بۆیە بەردەوام دواکاری ئەوە بووە، لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی هاوبەش و سیاسەتی دراوسێیەتیی باش و یاسا نێودەوڵەتییەکان پێکەوە هاوکار و هەماهەنگ بین و بەرژەوەندیی هاوبەش هەموومان پێکەوە کۆبکاتەوە.

## ● ناسەقامگیریی پرۆسەی سیاسیی عێراق نەبوونی زەمینەی لەبار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان

پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا هەر لە ساڵی ٢٠٠٥ـەوە تا ئێستا جۆرە سەقامگیرییەکی ئەوتۆی بە خۆیەوە نەبینیوە، تا بتوانرێت کێشەکانی عێراق بەگشتی و کێشەکانی نێوان هەرێم و عێراق بە شێوەیەکی ئاشتییانە و لە چوارچێوەی دەستووردا جێبەجێ بکرێن، هەر بۆیە بە درێژایی ئەم ١٨ ساڵەی ڕابردوو کێشەگەلێکی زۆر بەسەریەکدا کەڵەکە بوون و هەوڵدانیش بۆ چارەسەرکردنی ئەم هەموو کێشە کەڵەکە بووە، پێش هەموو شت پێویستی بە ژینگەیەکی سەقامگیر و ئارامە لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا کە بەداخەوە بوونی نییە.

لە ساڵی ٢٠١٩ و لەگەڵ دەستبەکاربوونی

**مەسرور بارزانی بەرنامەی بەو جۆرە بووە کە کۆی کێشەکان لەگەڵ حکومەتی عێراق لە چوارچێوەی دەستووردا چارەسەر بکرێن و پەیوەندیەکی دروست هاوسەنگ لە نێوان هەرێم و عێراق ڕێک بخرێتەوە**

**قەناعەتی سەرۆک بارزانی بەو جۆرە بوو کە پێویستە هەر هاوپەیمانییەک بکرێت، دەبێت بکرێتە دیکۆمێنت و لەناو پەرلەمانی عێراق پەسەند بکرێت، بۆ ئەوەی بوار بۆ ئەوە نەمێنێتەوە کە دواتر لێی پەشیمان ببنەوە**

**ئارامی و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان لە ناوچەیەکی ئاڵۆزی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، خزمەتێکی گەورە بە ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات**

**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دوای ڕاگەیاندنی کابینەکەی یەکەم سەردانی بۆ بەغدا بوو، لەم سەردانەشدا توانرا ڕێککەوتنێکی زۆر باش لەگەڵ حکومەتەکەی د.عادل عەبدولمەهدی ئیمزا بکرێت**

**قەناعەتی سەرۆک بارزانی بۆ کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا ئەوە بوو، کە گەورەترین ئاستەنگ لە بەردەم جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنەکان، ئەوەیە ئەو لایەنانەی کە کورد لەگەڵیان هاوپەیمانی دەکات، یەک ناوەندی بڕیاریان نییە کە دواتر ئەوەی ئیمزای دەکەن وەک خۆی جێبەجێی بکەن**

**سەرۆک بارزانی، موقتەدا سەدری لەبەر ئەوە بە باشتر زانی ڕێککەوتنی لەگەڵدا بکات، چونکە موقتەدا ئەوەی ئیمزای دەکات، دواتر پابەندی ئیمزای خۆی دەبێت**

کابینەی نۆیەم، ستراتیژیەتی کابینەکە بەو جۆرە بوو، کە بەرنامەیەك دابنرێت، بۆ ئەوەی چارەسەری هەموو کێشەکانی نێوان هەرێم و عێراق لە خۆی بگرێت و هەوڵەکان کۆبکرێنەوە بۆ ئەوەی هەنگاو بە هەنگاو لە چوارچێوەی دەستووری عێراقیدا کێشەکان چارەسەر بکرێن.

لە چوارچێوەی ئەم ستراتیژەدا، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دوای ڕاگەیاندنی کابینەکەی یەکەم سەردانی بۆ بەغدا بوو، لەم سەردانەشدا توانرا ڕێککەوتنێکی زۆر باش لەگەڵ حکومەتەکەی د.عادل عەبدولمەهدی ئیمزا بکرێت، بەڵام تەنیا دوومانگ بەسەر ئەم ڕێککەوتنە گرنگە تێنەپەڕی جارێکی دیکە بەهۆی خۆپیشاندانەکانی تشرینەوە لەبەغدا دیسان ناسەقامگیری لە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا دروست بووەوە و دوای چەند مانگ د.عادل عەبدولمەهدی ناچار کرا، دەست لەکار بکێشێتەوە و مستەفا کازمی وەك سەرۆك وەزیرانێکی کاربەڕێکەر دانرا و بڕیاری هەڵبژاردنی پێشوەختە درا.

لە ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجام درا، ئاکامی هەڵبژاردنی ئەمجارە نێوماڵی شیعەی پەرت کرد بە سەر دوو لایەندا، ڕەوتی سەدر بە سەرۆکایەتیی موقتەدا سەدر، هەروەها چوارچێوەی هەماهەنگی شیعە کە هەموو لایەنەکانی شیعەی بێجگە لە سەدر لەخۆی گرتبوو، هەردوو لاشیان لە هەوڵی دروستکردنی هاوپەیمانیدا بوون، بۆ ئەوەی بزانن کامیان دەتوانن حکومەتی داهاتوو پێکبهێنن، ئەوە بوو، سەرەتا توانرا هاوپەیمانییەك لە نێوان «پارتی دیموکراتی کوردستان، هاوپەیمانیی سیادەی عەرەبی سوننە و تەیاری سەدر» دروست بێت، لە بەرانبەردا چوارچێوەی هەماهەنگی پەنای بۆ «سێ یەکی پەکخەر» برد و نەیهێشت حکومەت پێك بهێنرێت، هەتا کار گەیشتە ئەوەی موقتەدا سەدر بڕیاری دا لە پرۆسەی سیاسی بکشێتەوە و گۆڕەپانەکە بۆ چوارچێوەی هەماهەنگی تەخت بوو، بۆ ئەوەی بتوانێت حکومەت دروست بکات.

قەناعەتی سەرۆك بارزانی بۆ کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا ئەوە بوو، کە گەورەترین ئاستەنگ لە بەردەم جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنەکان، ئەوەیە ئەو لایەنانەی کە کورد لەگەڵیان هاوپەیمانی دەکات، یەك ناوەندی بڕیاریان نییە کە دواتر ئەوەی ئیمزای دەکەن وەك خۆی جێبەجێی بکەن، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە سەرۆك بارزانی، موقتەدا سەدری لەبەر ئەوە بە باشتر زانی ڕێککەوتنی لەگەڵدا بکات، چونکە موقتەدا ئەوەی ئیمزای دەکات، دواتر پابەندی ئیمزای خۆی دەبێت، کە ئەمە سەری نەگرت، دیسان قەناعەتی سەرۆك بارزانی بەو جۆرە بوو کە پێویستە هەر هاوپەیمانییەك بکرێت، دەبێت بکرێتە دیکۆمێنت و لەناو پەرلەمانی عێراق پەسەند بکرێت، بۆ ئەوەی بوار بۆ ئەوە نەمێنێتەوە کە دواتر لێی پەشیمان ببنەوە.

ئێستا کە ئەم دیکۆمێنتەش وەك «بەرنامەی وەزاری» لە پەرلەمانیش پەسەند کراوە بۆ پێکهێنانی حکومەتەکەی سوودانی، بەڵام هێشتا ناوەندێکی بڕیاری یەکگرتوو لەناو چوارچێوەی هەماهەنگی بوونی نییە کە بتوانێت ڕێککەوتنەکە وەك خۆی جێبەجێ بکەن، تەفسیری جیاواز بۆ خاڵەکانی ئەو ڕێککەوتنە دەکرێت کە خۆیان ئیمزایان لەسەر کردووە، ئەمەش وای کردووە، خاڵەکانی ڕێککەوتنەکە وەك خۆیان جێبەجێ نەکرێن. هەر بۆیە ئەگەر لەناو ئەم ژینگە ناسەقامگیرەی پرۆسەی سیاسی و نەبوونی ناوەندی بڕیار لەناو «چوارچێوەی هەماهەنگی» خوێندنەوە بۆ سەردانی ئەمجارەی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی بکەین، ئەو کات دەزانین بۆچی سەردانی ئەمجارە هێندە گرنگە.

## ● بۆچی سەردانی ئەمجارەی سەرۆکی حکومەت بۆ بەغدا گرنگ بوو؟

خاڵی جێگەی بایەخ لە سەردانی ئەمجارەی سەرۆکی حکومەتی کوردستان بۆ بەغدا، وێنای یەکریزیی نێوماڵی کوردستان بوو، بە لایەنەکانی هاوبەشی ناو حکومەت و لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنیشەوە، ئەم وێنایە خاڵی بەهێز بوو، لەبەر ئەوەی پیشانی دا کە هەموو

لایەك بە ڕاستگۆیی و خەمخۆرییەوە داکۆکی لە مافەکانی گەلی کوردستان دەکەن، لە دوای ئەم خاڵە گرنگە پێویستە واقیعی حکومەتی محەمەد شیاع سوودانی وەك خۆی بخوێنینەوە، کە ماوەی ١١ مانگە متمانەی لە پەرلەمانی عێراق وەرگرتووە، لەم ماوەیەدا نەك هەر لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، کێشە و ئاستەنگ بۆ کارەکانی سوودانی دروست دەکرێت، بەڵکو لە بچووکترین هەنگاودا بۆ جێگیرکردنی نرخی دۆلار بەرانبەر بە دیناری عێراقی (١٠٠ دۆلار بە ١٣٢ هەزار دینار)، هەتا ئێستاش چەند لایەنێکی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی نەك هەر نەیانهێشتووە ئەم نرخە جێگیر بێت، بەڵکو ئێستا لە بازاڕەکانی عێراقدا نرخی ١٠٠ دۆلار لە سەرووی ١٥٥ هەزار دیناری عێراقییە، ئەمەش مانای ئەوەیە چەندین لایەن هەن کە نایانەوێت ئەم حکومەتە سەرکەوتوو بێت.

لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێم و بەغدا بخوێنینەوە، ئەوا هەتا ئێستاش قەناعەتێك هەیە، کە محەمەد شیاع سوودانی پابەندە بە جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیەی کە حکومەتەکەی لەسەر پێکهاتووە، بەڵام ئەو ئاستەنگانەشی کە دێنە بەردەمی بۆ جێبەجێکردنی بەرنامە وەزارییەکە، هەندێك جار لە توانای خۆی گەورەترە، لەم ڕوانگەیەوە حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی پێویستی بەوەیە لەلایەن هاوپەیمانەکانیەوە «کورد و عەرەبی سوننە» پشتگیری بکرێت بۆ ئەوەی لەناو لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی ئەو لایەنانە بەهێزتر بن لەو لایەنانەی کە ئاستەنگی بۆ دروست دەکەن.

لەسەر ئەم بنەمایە حکومەتی هەرێمی کوردستان و شەخسی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەت، هەوڵی داوە بە نەفەسێکی درێژ مامەڵە لەگەڵ شێوازی جێبەجێکردنی ئەو بەرنامە وەزارییە بکات، کە هەم پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی ڕێك دەخاتەوە، هەمیش کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغداش چارەسەر دەکات.

کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا تەنیا کێشەی «مووچە و بوودجە» نین، بەڵکو چەندین کێشەی دیکەی وەك «ناوچە کێشە لەسەرەکان، ئاساییکردنەوەی کەرکووك و شنگال، یاسای نەوت و گاز و.. هتد»، بە چارەسەرنەکراوی ماونەتەوە، بەڵام کە لە سەردانی ئەمجارە بابەتی سەرەکی بووە «مووچە»، لەبەر ئەوەی حکومەتی سوودانی لە ماوەی ئەم ١١ مانگە تەنیا توانیویەتی لە پەرلەمان یاسای بودجە تێپەڕێنێت، کە ئەم یاسایەش دەبێت یەکەمین کێشەی نێوان هەرێم و بەغدا چارەسەر بکات، کە کێشەی «مووچە و بوودجە»ی خەڵکی کوردستانە، لەسەر ئەم پرسەش لە ئێستادا دەستێك هەیە کە نایەوێت ئەم پرسە چارەسەر بکرێت، بۆیە سەرۆکی حکومەتی کوردستان بڕیاری دا بە یاوەریی شاندێکی حکومەت سەردانی بەغدا بکات و لەگەڵ هەر سێ سەرۆکایەتی «کۆمار، وەزیران، پەرلەمان» هەروەها لەگەڵ کۆی سەرکردەی لایەنەکانی عەرەبی سوننە و شیعە کۆببێتەوە، بۆ ئەوەی لێکتێگەیشتنێك دروست بێت کە هەم پشتگیری لە مافەکانی خەڵکی کوردستان بکەن، هەمیش پشتگیری لە سوودانی بکەن بۆ ئەوەی حکومەتەکەی سەرکەوتوو بێت، بۆ ئەمەش سەرۆکی حکومەتی کوردستان دوو پێشنیاری لەگەڵ خۆی بردووە بۆ ئەوەی بە هەردوو شێوازی کورت مەودا و دوور مەودا ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت.

لەم بازنەیەدا ئەگەر لە هەنگاوی یەکەمدا کە پرسی جێبەجێکردنی یاسای بوودجەی حکومەتی عێراقە، بتوانرێت پشتیوانییەکی بەهێز بۆ حکومەتەکەی سوودانی دروست بکرێت، ئەوا ئەم پشتیوانییە بۆ یاسا و بڕیارەکانی دیکەش بوونی دەبێت، هەر بۆیە ئەم سەردانەی سەرۆکی حکومەتی کوردستان بۆ تێگەیشتن و هاریکاریکردنی کۆی لایەنە سیاسییەکانی هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ پشتگیری لە سوودانی، تەنیا پرسەکە پرسی یاسای بودجە نییە، بەڵکو بۆ جێبەجێکردنی کۆی خاڵەکانی ناو بەرنامە وەزارییەکەیە.

**هێشتا ناوەندێکی بڕیاری یەکگرتوو لەناو چوارچێوەی هەماهەنگی بوونی نییە کە بتوانێت ڕێککەوتنەکە وەک خۆی جێبەجێ بکەن، تەفسیری جیاواز بۆ خاڵەکانی ئەو ڕێککەوتنە دەکرێت کە خۆیان ئیمزایان لەسەر کردووە**

**هەتا ئێستاش قەناعەتێک هەیە، کە محەمەد شیاع سوودانی پابەندە بە جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیەی کە حکومەتەکەی لەسەر پێکهاتووە، بەڵام ئەو ئاستەنگانەشی کە دێنە بەردەمی بۆ جێبەجێکردنی بەرنامە وەزارییەکە، هەندێک جار لە توانای خۆی گەورەترە**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان و شەخسی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەت، هەوڵی داوە بە نەفەسێکی درێژ مامەڵە لەگەڵ شێوازی جێبەجێکردنی ئەو بەرنامە وەزارییە بکات، کە هەم پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی ڕێک دەخاتەوە، هەمیش کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغداش چارەسەر دەکات**



دکتۆر ئاراس خۆشناو

سەرۆکی سەنتەری زانیاری و لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی کوردستان بۆ گوڵان:

# سەردانەکەی سەرۆکی حکومەت بۆ بەغدا یەکدەنگیی کورد و ئومێدی باشی لێ دەکەوێتەوە

**ئەوەی ئێستا لە عێراقدا ڕوو دەدات، فشار و مانۆڕێکی سیاسییە لە بەرگی بابەتە دارایی و ئابوورییەکاندا**

**فشارەکانی عێراق لە ڕووی نەوت و دارایی و ئابوورییەوە لە مانۆڕێکی سیاسی زیاتر هیچی دیکە نییە، پاشگەزبوونەوەی لایەن سیاسییەکانی عێراق لە ناوەڕۆکی فیدراڵی و ئەو بنەمایانەی عێراقی نوێی لەسەر دامەزراوە، هۆکاری سەرەکیی هەموو ئەو قەیران و کێشانەیە کە هەرێمی کوردستان تووشی دەبێت. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە و چەند پرسێکی دیکە، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی دکتۆر ئاراس خۆشناو سەرۆکی سەنتەری زانیاری و لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی کوردستان کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

*** بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان و برسیکردنی خەڵکی کوردستان لە دوای بڕیاری دادگای ناوبژیوانیی پاریس و ڕێگرتن لە هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان، چ مەبەست و ئەجیندەیەکی لەپشتەوەیە؟**

- گەمارۆی ئابووری و برسیکردنی خەڵکی کوردستان بەشێکە لەو بەرنامە داڕێژراوەی کە لەلایەن بەناو هاوبەشەکانمانەوە لە عێراقدا بەرنامەی بۆ دانراوە، تەنانەت لە پشت ئەوانیشەوە خەڵکانێکی دیکەش هەن، چاویان بە پێشکەوتنەکان و سەقامگیری و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵنایەت، بڕیارەکەی دادگای ناوبژیوانیی پاریس بۆ ڕێگری لە هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بە لەمپەرێکی گەورەی ئەم بەرنامە داڕێژراوە دادەنرێت، تاوەکو هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئابوورییەوە لاواز بکرێت و دواتر بە بیانوو و پاساوی جۆراوجۆرەوە ماف و شایستە داراییەکانی لێ ببڕدرێت و ئاستەنگی بخرێتە بەردەم، ئەم هەنگاوە دوژمنکارییە بابەتێکی چاوەڕوانکراو بوو، چونکە کۆی گشتی لایەنە سیاسییەکانی عێراق بە زۆرینەی سیاسەتمەدارانی شیعە و سوننەوە، پەشیمانبوونەوەیەکی تەواویان لە کۆی پرۆسەی سیاسیی عێراق و فیدراڵییەت هەیە، زۆر دەمێکە ئەمەیان نەشاردووەتەوە و بە ڕاشکاوانە باسیان کردووە، بگرە پاشگەز بوونەتەوە لە هەموو ئەو ڕێککەوتنانەی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کردوویانە و بڕوایان بەو دەستوور و بنەمایانەی تەوافوق و شەراکەتیش نەماوە، کە دەوڵەتی فیدراڵی لەسەر دروست بووە، لە لایەکی دیکەوە سیاسەتمەدارەکانی شیعە و سوننە فشارێکی زۆریان لە شەقامی عێراقەوە لەسەرە، بەوەی چۆن هەرێمی کوردستان بەو بەشە بودجە و توانا کەمەی کە هەیەتی توانیویەتی بگاتە ئاستی ئەو پێشکەوتن و بەرەوپێشچوون و سەقامگیری و ئاسایشە باشە، ئەم گۆڕانکاریی و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانییەی هەرێمی کوردستان تا ڕاددەیەکی زۆر لای زۆرینەیەکی سیاسەتمەداران جێگای قبووڵکردن نییە، بۆیە لایەنە عێراقییەکان سەرقاڵی هەناردەکردنی قەیرانەکانن تاوەکو زیان بە هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی بگەیەنن و جیاوازییەکان لەگەڵ ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق کەم بکەنەوە.

سەردانەکەی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ جێگر و شاندەکەی بۆ بەغدا و، کۆبوونەوەی لەگەڵ بەرپرسانی حکومەت و سەرۆکی کۆمار و سەرۆکی پەرلەمان و سەرکردە سیاسییەکانی عێراق و، بوونی یەکدەنگی و تەبایی لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی کورد لە بەغدا، ئومێدبەخشە و چاوەڕوانیی ئەوەی لێ دەکرێت ناردنی قەرز بۆ مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بگۆڕدرێت بە سولفە و، لێکتێگەیشتنی باشی لێ بکەوێتەوە و سەرۆکی حکومەت ئەوەشی ڕاگەیاند کە دوو پێشنیاری درێژخایەن و کورتخایەنی خستووەتە ڕوو بۆ ئەوەی شایستەداراییەکانی خەڵکی کوردستان دابین بکرێت.

*** حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی کە بەرهەمی ڕێککەوتنی لایەنە سیاسییەکانی ناو هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەتە، لەسەر بنەمای کۆمەڵێك ڕێککەوتن دروست بووە، پرسیار ئەوەیە ئایا دروستکردنی ئەم هەموو قەیران و گرفتانە بۆ هەرێمی کوردستان لە ژێر فشار و پاڵەپەستۆدایە، یان دابەشکردنی ڕۆڵی ئەکتەرەکانی ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقە؟**

**خۆدزینەوە لە بەڵێنەکان و جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنەکان لەگەڵ هەرێمدا لە مانۆڕێکی سیاسی زیاتر هیچی دیکە نییە**

**بۆ کەمکردنەوەی ئەم هەموو فشار و پاڵەپەستۆ و گەمارۆیانە سەرۆک بارزانی پێگەی خۆی و هەوڵە دیپلۆماسییەکانی دەست پێ کردووە و کاریگەرییەکی ئەرێنی هەبووە**

**کۆی گشتی لایەنە سیاسییەکانی عێراق بە زۆرینەی سیاسەتمەدارانی شیعە و سوننەوە، پەشیمانبوونەوەیەکی تەواویان لە کۆی پرۆسەی سیاسیی عێراق و فیدراڵییەت هەیە**

- خۆدزینەوە لە بەڵێنەکان و جێبەجێ نەکردنی ڕێککەوتنەکان لە مانۆڕێکی سیاسی زیاتر هیچی دیکە نییە، بە ڕادەیەك ڕێککەوتنەکان بوونەتە مەرەکەبی سەر کاغەز، تەنانەت ڕێککەوتنی ژێر بە ژێر لە نێوان وڵاتانی ناوچەکە لە دژی هەرێمی کوردستان هەیە، ئەوەتا لە مەسەلەی ڕێگریکردن لە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بە دووری نازانم ڕێککەوتنی ژێر بە ژێر لە نێوان عێراق و تورکیادا هەبێت، کاتی ئەوە هاتووە بە پاڵپشتی و هاوکاریی هاوپەیمانەکان بەتایبەتی ئەمریکا، فشار دروست بکرێت بۆ ڕاستکردنەوەی پرۆسەی سیاسی و جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکان، لە ڕێککەوتنی لایەنە سیاسییەکانی پێکهێنەری بەڕێوەبردنی دەوڵەت لەسەر پێنج خاڵی سەرەکی ڕێککەوتبووین، کە بابەتە سەرەکییەکان لە عێراقدا بە (تەوافوق و شەراکەتی ڕاستەقینە و هاوسەنگی) دەبێت، هەر لە ماددەی ١٤٠ی دەستوورەوە تاوەکو جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی شنگال و گەڕانەوەی بارەگاکان و بودجە و دامەزراندنی ئەنجومەنی ئیتحادی و دارشتنەوەی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی بە هاوبەشی و چەندین بابەتی دیکە، هەموو ئەم خاڵانە لە ڕێککەوتنی ستراتیژیی هاوپەیمانێتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت ئاماژەی پێ کراوە، کاتێك کابینەکە دامەزرا، لە کارنامەی محەمەد شیاع سوودانی بەشێکی زۆری ئەو ڕێککەوتننامەیە لە ناو کارنامەکەدا جێگیر کرا و، دواتر لەگەڵ مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان گەیشتنە لێکتێگەیشتنێکی هاوبەش و ڕێککەوتن واژوو کرا و، لەسەر میکانیزمی مامەڵەکردن لەسەر پرسی نەوت و غاز تا دەرچوونی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی بە هاوبەشی، دەبێت پشکی هەرێم لە بودجە بنێردرێت. هیوادارم دوای ئەم سەردانەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و گفتوگۆکردن لەسەر پرسەکان و ڕێگەچارەسەرەکان، چیتر ئەم مانۆڕە لە ناو حکومەت و لە پەرلەماندا نەکرێت و پرسەکە بە ئاقارێکی دیکەدا نەبرێت .

*** ئەگەر باسی یاسای نەوت و غاز و یاسای ئەنجومەنی ئیتحادی و زۆر یاسای دیکە بکەین، کە لایەنە سیاسییەکانی عێراق و پەرلەمانتارانی لایەنە سیاسییەکانی شیعە و سوننە بە ئیجتیهادی خۆیان دەڕواننە پرسەکە، ئایا لەم حاڵەتەدا کورد چی بکات تاوەکو لەم مانۆڕە سیاسییە دەرباز بێت؟**

- کاتێك عەقڵییەت بەرەو مەرکەزی بچێت و پاشگەزبوونەوە لە بنەماکانی فیدراڵییەتدا هەبێت، ئەوا بێگومان زۆر پڕۆژە یاسای دیکەی هاوشێوەی بودجە بەلاڕێدا دەبرێت، تەنانەت دوای دەرچوونی یاسای بودجەی گشتی و وێڕای ئەو هەموو سەرنج و تێبینی و غەدرەی لە کورد کرا، کەچی لە کاتی جێبەجێکردنیشیدا دەیان بیانوو و پاساوی نابەجێ دەهێنرێتەوە و پابەندی ئەو بڕیار و پڕۆژە یاسایانەش نابن، کە خۆیان دەریان کردووە، ئەوەتا ئێستا بە ئێمە دەڵێن مانگانە ٥٠٠ ملیار دینارتان بە قەرز دەدەینێ، لە کاتێکدا ناوی قەرز بۆ مەسەلەی بودجە کفرێکی داراییە، خۆ دەکرێت وەزارەتی دارایی پێشینە (سلفة) بدات نەوەکو قەرز، هەروەکو لە دوای سەردانەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان چاوەڕوان دەکرێت ئەم بابەتە چارەسەر بکرێت، ڕاستە تا ڕادەیەك محەمەد شیاع سوودانی تا ئێستا پابەندە بەو لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتنانەی کە هەیە، بەڵام ڕەنگە هێز و توانای ئەو هەر ئەوەندە بێت، هەرچەندە نابێت ئەوەش لە یاد بکەین، کە سوودانی کاندیدی لایەنێکی سیاسیی شیعەی نزیك لە ئێرانە و ئەگەر هاتە سەر هەڵبژاردن لە نێوان قسەکانی ئێمە و بۆچوونەکانی ئەوان، ئەوا بە تەئکید قسەی ئەوان هەڵدەبژێرێت، ئەوەتا خۆ ئەگەر مانگانە ٥٠٠ ملیار دینارمان بۆ بنێرن، ساڵانە شەش تریلیۆن دینار دەکات لە کۆی لە ١٢،٦٨٪ی ٢٠٠ تریلیۆن دینار کە دەگاتە لە ٣٪ی خەرجیی گشتیی عێراق، لە بودجەی ساڵانەی ٢٠٢٣ و ٢٠٢٤ و ٢٠٢٥ی عێراق داهاتی نانەوتی عێراق ١٧،٣ تریلیۆن دینارە مانگانە، لە کاتێکدا داهاتی نانەوتی کوردستانیان بە ٣٢٠ ملیار دینار داناوە و هێشتا دەڵێن کەمە، کە دەگاتە ٢٥٪ی کۆی داهاتی نانەوتی عێراق، لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان ٨٪ی وەرگرتووە کە١٢،٦٧٪، کەچی هێشتا بیانوو دەگرن و شەڕی دیکەمان پێ دەفرۆشن، ئەمە لە کاتێکدا تەنیا داهاتی ئوم

**سیاسەتمەدارەکانی شیعە و سوننە پاڵەپەستۆیەکی زۆریان لە شەقامی عێراقەوە لەسەرە، بەوەی چۆن هەرێمی کوردستان بەو بەشە بودجە و توانا کەمەی کە هەیەتی توانیویەتی بگاتە ئاستی ئەو پێشکەوتن و بەرەوپێشچوون و سەقامگیری و ئاسایشە باشە**

**لایەنە عێراقییەکان سەرقاڵی هەناردەکردنی قەیرانەکانن تاوەکو زیان بە هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی بگەیەنن و جیاوازییەکان لەگەڵ ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق کەم بکەنەوە**

**هیوادارم دوای ئەم سەردانەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و گفتوگۆکردن لەسەر پرسەکان و ڕێگەچارەسەرەکان، چیتر ئەم مانۆڕە لە ناو حکومەت و لە پەرلەماندا نەکرێت و پرسەکە بە ئاقارێکی دیکەدا نەبرێت**

قەسر پێنج هێندەی هەموو خاڵە سنوورییەکانی کوردستانە، ئەوەی لە عێراق ڕوو دەدات و وەزیری دارایی عێراق ئیدعای بۆ دەکات، هیچ بنەمایەکی دارایی نییە و تەنیا قسەیە و نیوەی ئیستحقاقاتی کوردستانیان نەداوە، ئێستا دەبێت هەرێمی کوردستان بە لانی کەم مانگانە تریلیۆن و ٣٧٠ ملیار دیناری بدرێتێ، خۆ ئەگەر ئەو ٣١٢ ملیارەی داهاتی نانەوتی لێ دەربهێنیت، ئەوا زیاتر لە یەك تریلۆن دینار دەکات، کەچی هێشتا ئەوان لە داهاتی ناوخۆ دەڵێن هەمووی بۆ من و تەنیا لە نیوەی داهاتی گومرگەکانت دەدەمەوە، ئەم حەق و حیسابە لە هیچ بنەمایەکی دارایی فیدراڵیدا نییە.

سەبارەت بە مەلەفی نەوت عێراق بە ناوی پەرەپێدانی نەوت، لە ماوەی ١٥ ساڵ لە نەفەقاتی سیادی ١٨٠ ملیار دۆلاری خەرج کراوە، بۆ پێدانی موستەحەقاتی کۆمپانیاکان و پاڵپشتیکردنی کەرتی نەوت، بێ ئەوەی یەك دۆلار لە پشکی هەرێمی کوردستان لەم نەفەقاتی سیادییە بدات، ئەمە وێڕای ئەوەی مانگانە یەك ملیۆن بەرمیل نەوتی عێراق دیار نییە، لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان تەنیا بەپێی ئەو گرێبەستانەی کە بە هاوبەشی کردوونی لەگەڵ کۆمپانیاکان لە بەرانبەر بەشێك لە نەوتەکە پارەیەکی زۆر کەمتری خەرج کردووە، ناوەند هەموو هەوڵێکی بۆ دەستپێنەکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستانە، تاوەکو فشارەکانی کاریگەریی قورسیان لەسەر خەڵکی کوردستان و شکاندنی شکۆی هەرێم هەبێت، خۆ ئەگەر لەسەر حیسابی بەرژەوەندیی ئابووریی هەموو گەلانی عێراقیش بێت، بۆیە بەپێی خودی یاسای بودجەی عێراق، دەبێت جارێکی دیکە نەوتی کوردستان هەناردەی دەرەوە بکرێتەوە، لەمەشدا دەبێت هاوپەیمانەکان و ئەمریکا تێکەڵ بەم بابەتە بکرێن، چونکە بەرزکردنەوەی مەرج و داواکارییەکانی تورکیاش بۆ هەناردەکردنەوەی نەوت جێگەی گومانە و داوای قەرەبووکردنەوەی ماوەی ڕاوەستانی هەناردەکردنەوەی نەوت و ڕاوەستانی هەناردەی نەوت لەو ماوە زۆرە و تێچوونی چاککردنەوەی بۆریی نەوت و چەندین قەرەبووی دیکەی کردووە، کە وای لێ دێت، لە بری ئەوەی تورکیا ملیار و ٩٠٠ ملیۆن دۆلار بداتە عێراق و پێشتر ٥٠٠ ملیۆن دۆلاری عێراق قەرزاری تورکیا بووە، واتا لە ئێستادا دەبێت تورکیا ملیار و ٤٠٠ ملیۆن دۆلار بداتە عێراق، کەچی تورکیا مەسەلەی قەرزاری عێراق و قەرەبووی هەناردەنەکردنی نەوت و تێچوونی چاککردنەوە و دەیان بابەتی دیکەی هێناوەتە پێش و لە دادگای کۆلۆمبیا لە ویلایەتی واشنتۆن دی سی لە ئەمریکا سکاڵاشی دژی عێراق تۆمار کردووە و، داوای ٩٥٦ ملیۆن دۆلار دەکات، خۆ ئەگەر داواکارییەکانی دیکەشی لەسەر دابنێین، ئەوا بەو حیسابە دەبێت عێراق قەرەبووی تورکیا بکاتەوە.

*** باس لەوە دەکرێت لە عێراقدا بڕیارەکان لە نێوخۆدا دەدرێت و لە دەرەوەی سنوورەکان پلانی بۆ دادەڕێژدرێت، ئایا تاچەند ئەجندەی دەرەکی بۆ لاوازکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان ڕۆڵی هەیە؟**

- بەپێی ئەو لێکۆڵینەوە و دیراسەت و زانیارییانەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی کوردستان، دژایەتیکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لاوازکردنی پێگەی هەرێم و برسیکردنی میللەتی کورد پیلان و قووڵاییەکی ستراتیژی هەیە، کە بەداخەوە گەورەترین کەلێن و درز کە لێوەی فشارەکان زیاد بکەن، نەبوونی یەکڕیزی و تەبایی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستانە، بەتایبەتی ناکۆکیی نێوان پارتی و یەکێتی، ئەمە لە کاتێکدا کورد کێشەی خاك و جێبەجێنەکردنی ماددەی ١٤٠ و چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی هەیە. ئەوەی بەغدا دەیکات، پاڵەپەستۆ و مانۆڕێکی سیاسییە لە بەرگی فشارە دارایی و ئابوورییەکاندا، بۆ کەمکردنەوەی ئەم هەموو فشار و پاڵەپەستۆ و گەمارۆیانە سەرۆك بارزانی پێگەی خۆی و هەوڵە دیپلۆماسییەکانی دەست پێ کردووە و کاریگەرییەکی ئەرێنی هەبووە، بۆیە دەبێت لە قۆناغی داهاتوودا لە گەمەی سیاسیی عێراق دژ بە کورد، زۆر وریا بین و پشێوی و ئاژاوەمان بۆ نەنێینەوە و بەهەموو فشارەکانی بەغدا ڕازی نەبین، ئەم خۆڕاگرییەش پاڵپشتی و یەکڕیزیی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی پێویستە تاوەکو خەڵکی کوردستان و مووچەخۆران زیاتر فشار نەخرێتە سەریان.

**کاتێك عەقڵییەت بەرەو مەرکەزی بچێت و پاشگەزبوونەوە لە بنەماکانی فیدراڵییەتدا هەبێت، ئەوا بێگومان زۆر پرۆژە یاسای دیکەی هاوشێوەی بودجە بەلاڕێدا دەبرێت**

**سوودانی کاندیدی لایەنێکی سیاسیی شیعەی نزیك لە ئێرانە و ئەگەر هاتە سەر هەڵبژاردن لە نێوان قسەکانی ئێمە و بۆچوونەکانی ئەوان، ئەوا بە تەئکید قسەی ئەوان هەڵدەبژێرێت**

**مانگانە یەك ملیۆن بەرمیل نەوتی عێراق دیار نییە، لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان تەنیا بەپێی ئەو گرێبەستانەی کە بە هاوبەشی کردوونی لەگەڵ کۆمپانیاکان لە بەرانبەر بەشێك لە نەوتەکە پارەیەکی زۆر کەمتری خەرج کردووە، ناوەند هەموو هەوڵێکی بۆ دەستپێنەکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستانە، تاوەکو فشارەکانی کاریگەریی قورسیان لەسەر خەڵکی کوردستان و شکاندنی شکۆی هەرێم هەبێت**



**دکتۆر عیسام فەیلی**

پسپۆڕی مێژوو لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی موستەنسرییە بۆ گوڵان:

# ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی یەکەمین مقاوەمەتی لە دژی ڕژێمی عێراق بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی نەتەوەی کورد بەڕێوە برد

# سەرۆک بارزانی درێژەپێدەری خەباتی کوردایەتیی بنەماڵەیەکی ئایینی و نیشتمانپەروەر بووە، بۆیە لای کوردانی فەیلی خۆشەویستە

**لە مێژووی نوێی هاوچەرخدا جینۆسایدی کوردانی فەیلی لە عێراقدا بە یەکێك لە تاوانە نێودەوڵەتییەکان دادەنرێت، دەرهەق بە کوردانی فەیلی کە بە هۆی کوردبوون و هاوکاریکردنی شۆڕشی ئەیلوول و پاڵپشتیکردنی مەلا مستەفا بارزانی تووشی بوون، تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت، هیچ هەنگاوێك نەنراوە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم پێکهاتە ڕەسەنەی کورد. لەسەر ئەم پرسە چەند پرسیارمان ئاراستەی دکتۆر عیسام فەیلی پسپۆڕ و شارەزای بواری مێژوو لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی موستەنسرییە کرد، کە هاوکات بە یەکێك لە لێکۆڵەرەوە ناسراوەکانی سیاسی دادەنرێت و، بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** کورد لە مێژوودا زۆرجار ڕووبەرووی کۆمەڵکوژی و سڕینەوەی ناسنامە بووەتەوە، جینۆسایدی کوردانی فەیلییش کە لەلایەن ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق بەتایبەتی ڕژێمی بەعس تووشی بوون، تا چەند ئەم تاوانە دەچێتە چوارچێوەی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتییەوە؟ ئایا ئەم تاوانە گەورەیە دەرهەق بە کوردانی فەیلی دەچێتە چ شێوازێکی جینۆسایدەوە؟**

- پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە، ڕاستییەکی مێژوویی هەیە، دەبێت بوترێت، ئەویش ئەوەیە جینۆسایدی کوردانی فەیلی کە لە عێراق تووشی بووین، لەچوارچێوەی زنجیرەیەك تاوانی دژ بە مرۆڤایەتییەوە دێت، کە گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان تووشی بوون، ئەم ڕژێمانە جگە لەوەی بڕوایان بە ماف و پێکەوەژیان نەبووە، بەردەوامیش چاوی تەماعیان لەسەر خێروبێری خاکی کوردستان بووە، بۆیە تاوانی بەردەوامیان بەرانبەر خەڵکی سڤیلی کورد ئەنجام داوە، لە مامەڵەکردنیاندا لەگەڵ گەلی کورد توندوتیژ و بگرە زاڵم و خوێنڕێژ بوون، ئەم واقیعە تاڵە سەلمێندراوە لە مێژوودا هەر لە کۆمەڵکوژیی بارزانییەکان و گەرمیانییەکان و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و شاڵاوە یەك لە دوای یەکەکانی ئەنفال، تا وێرانکردن و دەرکردنی دانیشتووانی ڕەسەنی زیاتر لە ٤٥٠٠ گوند و وێرانکردن و سووتاندنیان و تەعریبکردن تاوەکو بە زۆرەملێ دەرکردنی دانیشتووانی کورد لە پارێزگاکانی کەرکووك و دیالە و مووسڵ و ناوچەکانی دیکە، لە تورکیا و ئێران و سووریاش بارودۆخی کوردەکان باشتر نەبووە.

سەبارەت بە وەڵامی پرسیارەکەش، بەڵێ ئەم تاوانە دەچێتە چوارچێوەی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و بە جینۆساید دادەنرێت، چونکە بە هۆی کوردبوونیان و پاڵپشتیکردنی شۆڕشی ئەیلوول و بەپێتیی خاکەکەیانەوە بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێران کران و ناسنامەکانیان لێ سەندرایەوە و ماڵ و حاڵیان تالان کرا و گەنجەکانیان زیندانی کران و تاکو ئێستاش ژمارەیەکیان بێسەروشوێنن، ئەو تاوانانەی بەرانبەر کوردانی فەیلی کراوە، بە هەموو پێوەرێك دەچێتە قاڵبی جینۆساید و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیەکەوە.

*** باسی شۆڕشی ئەیلوولت کرد، بەوەی کوردانی فەیلی ڕۆڵێکی گەورەیان لە شۆڕشی ئەیلوول و پاڵپشتیکردنی مەلا مستەفا بارزانی هەبوو، ئایا ئەم پاڵپشتییە بۆچی دەگەڕایەوە؟**

- کوردانی فەیلی لەناو جەرگەی بەغدا پاڵپشت و هاوکاریی هەموو بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخواز بوون، لەناو بزووتنەوەی چەپ و حزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان بەشدارییەکی کارایان

**جینۆسایدی کوردانی فەیلی کە لە عێراق تووشی بووین، لەچوارچێوەی زنجیرەیەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتییەوە دێت، کە گەلی کورد لە هەرچوار پارچەی کوردستان تووشی بوون**

**ئەو تاوانانەی بەرانبەر کوردانی فەیلی کراوە، بە هەموو پێوەرێک دەچێتە قاڵبی جینۆساید و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەییەکەوە**

هەبوو، کوردەکانی فەیلی یەکەمین کەس بوون لە بەسراوە تاوەکو بەغدا پێشوازییان لە گەڕانەوەی سەرکردەی گەورەی کورد مەلا مستەفا بارزانی کرد. لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ بەعسییەکانی ئەو سەردەمە کە کوردەکان بە حەرەس قەومی ناویان دەبردن، چەندین تاوانیان دژی کورد ئەنجام دا، حەرەس قەومییەکان لە کۆچە و کۆڵانەکانی بەغدا کەوتنە گیانی خەڵکی سڤیلی کورد و ئازارێکی زۆری کوردە فەیلییەکانیان دا، بۆیە کورد بەگشتی و کوردی فەیلی بەتایبەتی لەبەغدا ڕووبەڕووی کودەتاچییەکان بوونەوە، کاتێکیش حزبی بەعس دەسەڵاتی گرتە دەست، ڕق و قینیان بەرانبەر کوردانی فەیلیی لەدڵدا مابوو، کە لە دوو زەمەنی جیاوازدا لە شۆڕشی ئەیلول و لە کاتی کودەتای بەعسییەکان ڕۆڵی ئازادیخوازانەیان گێڕا و لەسەر نەتەوەکەی خۆیان هاتنە دەنگ، تەنانەت کوردەکانی فەیلی پاڵپشتی مەلا مستەفا بارزانی بوون و لە ڕێپێوانەکەی کوردانی فەیلی لە بەغدا کە بۆ پاڵپشتیکردنی مەلا مستەفا بارزانی و ڕێککەوتننامە مێژووییەکەی ڕێك خرا، پێگەی بەهێزی کوردانی فەیلی باشتر دەرکەوت و ئەوەندەی دیکەی بەعسییەکانی ترساند. چەندین بەڵگەنامەی تایبەت بە موخابەرات هەن، کە باس لە مەترسیی کوردانی فەیلی بۆ سەر سەقامگیریی سیاسیی عێراق دەکات، تەنانەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کوردانی فەیلی موخابەرات لە بەڵگەنامەیەکدا دوو پێشنیاری داوەتە حکومەت، بەوەی کوردانی فەیلی بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێران بکرێن، یان لە ناویان ببەن، بەمەش بەعسییەکان دەستیان کرد بە پیلاندانان بۆ دەستپێکردنی شاڵاوی ڕاپێچکردنی فەیلییەکان بە بڕیاری (مجلس قیادە الثورة) و پیلانی موخابەرات، ئەوە بوو هەڵمەتەکەیان لە ساڵی ١٩٧٠ دەست پێکرد و ١٩٨٠ گەیشتە ئاستێکی زۆر دڕندانە، بێگومان جگە لەم بیانوو و ڕق و کینەش، دەوڵەمەندیی کوردانی فەیلی کە هێزێکی گەورەی ئابووری بوون، بابەتێکی دیکەی هۆکاری جینۆسایدەکە بوو، چونکە سرووشتی دەسەڵات و پێگەی کوردی فەیلی لە بەغدا خۆی بینییەوە لە بەردەم پابەندبوونێکی ئەخلاقی و مرۆیی و نەتەوەیی بۆ هاوکاریکردنی مەلا مستەفا بارزانی بە پارە و توانای بەردەستی.

کوردانی فەیلی لە دەوری مەلا مستەفا بارزانی کۆبوونەوە، لەبەر ئەوەی سەرکردەیەکی ئاسایی نەبوو، لە بنەماڵەیەکی ئایینی و نەتەوەیی و نیشتمانپەروەر بوو، لە سییەکانی سەدەی ڕابردووەوە ژەنەڕاڵ بارزانی دەستە ڕاستی شێخ ئەحمەد بارزانی بوو، یەکەمین ئۆپەراسیۆنی سەربازی دژی دەسەڵاتی مەلیکی بەڕێوە برد و، بە یەکەمین ژەنەڕاڵی ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتی خراپی حوکمڕانیی عێراق دادەنرێت، بەمەش مەلا مستەفا بارزانی سیمبولی نەتەوەیی کوردە و لەلایەن زۆربەی پێکهاتە و تیرە و هۆزە کوردەکانی ئەو سەردەمەوە پاڵپشتی دەکرا، لەناو پارتییش مەلا مستەفا بارزانی پێگە و ڕۆڵێکی گەورەی دایە فەیلییەکان و دەسەڵات و پێگەی خۆیان هەبوو، بە نموونە دکتۆر جەعفەر محەمەد کەریم و حەبیب محەمەد کەریم و یەدوڵڵا فەیلی و سەعید فەهیمی و...تادوایی، بەمەش گرنگیدانی مەلا مستەفا بارزانی بە کوردانی فەیلی هەروا لەخۆڕا نەبوو، باش دەیزانی مامەڵە لەگەڵ چین و توێژێکی کورد دەکات، کە لە ئاستێکی بەرزی ڕۆحی نەتەوەییدان و بڕوای تەواویان بە دۆزە ڕەواکەی مەزڵوومییەتی کورد لە عێراقدا هەیە. دوای مەلا مستەفا بارزانی کوڕەکانی ئیدریس بارزانی و سەرۆك مسعود بارزانی لەسەر هەمان ڕێچکەی نەتەوەیی باوکیان ڕۆیشتن.

*** ئەگەر لەسەر ئەم خاڵە کەمێك ڕاوەستین، دوای شۆڕشی ئەیلول و ڕۆڵی ئیدریس بارزانی و سەرۆك مسعود بارزانی بۆ پاڵپشتیکردنی کوردانی فەیلی چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- دوای ڕێککەوتننامەی شوومی جەزائیر ڕۆڵ و پێگەی هەر دوو سەرکردە ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی زیاتر دەرکەوت، بەتایبەتی ئیدریس بارزانی کە شوێن پێی مەلا مستەفا بارزانی هەڵگرتبوو، لە نزیکەوە پەروەردەی ئەو سەرکردە مێژووییە گەورەیە بوو، لە نزیکیشەوە لە کاروباری نهێنی و ڕۆڵ و پێگەی کوردانی فەیلی لەناو جەرگەی بەغدا و ناوچەکانی دیکەی دیالە و ڕۆژهەڵاتی دیجلە شارەزا بوو، بەتایبەتی کە کوردانی فەیلی نوخبەی ڕۆشنبیر و خاوەن بڕوانامە و پێگەی ئابووری و بازرگانییان ناو جەرگەی بەغدا زۆر بوون، هەر دوو سەرکردەی کورد ئیدریس بارزانی و مسعود

**کوردانی فەیلی یەکەمین کەس بوون لە بەسراوە تاوەکو بەغدا پێشوازییان لە گەڕانەوەی سەرکردەی گەورەی کورد مەلا مستەفا بارزانی کرد**

**لە ڕێپێوانەکەی کوردانی فەیلی لە بەغدا کە بۆ پاڵپشتیکردنی مەلا مستەفا بارزانی و ڕێککەوتننامە مێژووییەکەی ڕێک خرا، پێگەی بەهێزی کوردانی فەیلی باشتر دەرکەوت و ئەوەندەی دیکەی بەعسییەکانی ترساند**

**دەوڵەمەندیی کوردانی فەیلی کە هێزێکی گەورەی ئابووری بوون، بابەتێکی دیکەی هۆکاری جینۆسایدەکە بوو**

**ژەنەڕاڵ بارزانی دەستە ڕاستی شێخ ئەحمەد بارزانی بوو، یەکەمین ئۆپەراسیۆنی سەربازی دژی دەسەڵاتی مەلیکی بەڕێوە برد**

بارزانی بیروباوەڕی تەواویان بە عەقیدەی بارزان و بەستنەوەی ڕابردوو بە ئێستا و داهاتووەوە بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوەی گەلی کورد هەبووە، لە ناوچەیەکی پڕ لە مەترسی و ئاشووب و توندوتیژی خاوەنی خەباتێکی گەورەن. هەر خۆی لەخۆیدا سەرۆك بارزانی لە بەغدا ژیاوە و لەو شارە خوێندوویەتی و لەگەڵ دەستپێکردنی هێرشکردنە سەر کوردستان خوێندن بەجێ دەهێڵێت و لە ١٩٦٢ پەیوەندی بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە دەکات. ئەم سەرکردەیە لە بنەماڵەیەکی ئایینی و نیشتمانپەروەرە و بنەماڵەکەی لە پێناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد قوربانییەکی زۆریان بەخشیوە. ئەم سەرکردەیە لەلایەن کوردانی فەیلی لە بەغدا خۆشەویست بووە و لای هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر خۆشەویستە و ڕەمزی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرییە، هەر ئەمەشە وای کردووە سەرۆك بارزانی لای کوردانی فەیلی خۆشەویست بێت.

*** مەبەست چییە بەوەی پێگەی بەهێزی کوردانی فەیلی لەناو کایەکانی بازرگانی و کاسبی و ئابووری هۆکارێکی دیکەی جینۆسایدەکەی کوردانی فەیلی بووە؟**

- کەلتووری توندوتیژی و مۆرکی تاڵانی و زەوتکردنی ماڵ و حاڵی کوردان مێژوویەکی کۆنی هەیە. بەعسییەکان لە پێگەی بەهێزی کوردانی فەیلی لەناو جەرگەی بەغدا دەترسان، ئەو سەردەمە لە حەفتاکان و هەشتاکاندا حزبی ئیسلامی و مەزهەبی نەبوون، یان لاواز بوون، زیاتر بەلای بزووتنەوەی نەتەوەیی و چەپەکاندا دەچوون، کوردانی فەیلییش بە دابینکردنی هاوکاریی ماددی و پارمەتی بۆ مەلا مستەفا بارزانی و پارتی و شۆڕش هاوکار و یارمەتیدەرێکی باشی شۆڕش بوون. یەکێك لە بازرگانە کوردە فەیلییەکانی ئەو سەردەمە ٤٠٠ دیناری ساڵی شەستەکانی پێشکەش بە شۆڕش کرد، ئەمەش هاوکارییەکی گەورەی دارایی بوو. تەنانەت جووڵەی بازرگانییان لە نێوان عێراق و وڵاتانی دراوسێ ئاراستەی ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕشی ئەیلوول کرد، تاوەکو شۆڕش سوودی لێ وەربگرێت، کوردانی فەیلی مەلا مستەفا بارزانییان بە داکۆکیکاری سەرسەختی خۆیان دەزانی، بۆ نموونە کاتێك حکومەتی عێراق پاڵێوراوێکی بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی عێراق داوا کرد، مەلا مستەفا بارزانی کوردێکی فەیلی بۆ ئەو پۆستە دیاری کرد.

*** ئەگەر باسی هەڵگیرسانی شەڕی عێراق-ئێران بکەین، کە لەو ساڵانەدا جینۆسایدی کوردانی فەیلی گەیشتە لووتکە، بەڵام ئەمە بۆشاییەکی دروست نەکرد لە نێوان پەیوەندیی کوردانی فەیلی لەگەڵ شۆڕش، هۆکاری ئەوە چی بوو؟**

- ئەم پرسیارە بۆ ئێمەی کوردانی فەیلی گرنگە. لەناو جەرگەی بەغدا بە سەدان کوردی فەیلی لە ماڵ و حاڵی خۆیان دەربەدەر کران و بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێران کران و لەو ژیانە مەدەنی و خۆشگوزەرانی و پێگە داراییەوە ئاوارەی کەمپەکان بوون و دەست بەسەر ماڵ و حاڵیاندا گیرا، لە قۆناغێکی ناسکی شۆڕشی کورد و نەبوونی کەسایەتییەکی وەکو مەلا مستەفا بارزانی بە تەئکید بۆشاییەکی مەترسیدار لە نێوان دوو مێژووی خەبات دروست دەکات، کە شوێنەوارەکانی لە دوای ٢٠٠٣ زیاتر دەرکەوت و ژمارەیەك لە فەیلییەکان خۆیان بە مەندەلاوی و ناوی دیکە ناساند، ڕەنگە بە هۆی ترسیان لە دووبارە ڕاپێچکردنیان و پەراوێزخستنیانەوە بێت، یان زۆربەیان ڕوویان لە وڵاتانی ئەوروپا کرد، دەرەنجام ژمارەیان کەم بووەوە و پێگەی جارانیان نەماوە. من وەکو ئەکادیمییەکی مێژوویی لە توێژینەوەکانمدا ئەو ڕاستییەم بۆ دەرکەوتووە، بە بەرنامە کار بۆ کاڵکردنەوە و کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد لە بەغدا کراوە، لە کاتێکدا کوردەکان زۆر نیشتمانپەروەرتر و کاریگەرتر بوون لە زۆربەی ئەو هۆز و تیرانەی ئیدعای نیشتمانپەروەری دەکەن. خۆ ئەگەر کوردەکان نەبوونایە ویلایەتی مووسڵ بە دەستی تورکیاوە دەبوو، لەو کاتەدا زۆر لە هۆزە عەرەبییەکان دەنگیان دا بەوەی لەگەڵ تورکیادا بن، بوونی حزبە مەزهەبییەکانیش دەسەڵاتی زۆریان هەیە لە دامەزراندن و بەخشینەوەی ئیمتیازات. بۆیە ئەرکی سەرۆك بارزانی بۆ کۆکردنەوە و پاڵپشتیکردنی کوردانی فەیلی و قەرەبووکردنەوەیان و کۆکردنەوەیان بۆ پاڵپشتیکردنی دۆزە ڕەواکەی کورد لە بەغدا ئاسان نییە و دەبێت هەمووان پاڵپشتی بکەن.

**گرنگیدانی مەلا مستەفا بارزانی بە کوردانی فەیلی هەروا لەخۆڕا نەبوو، باش دەیزانی مامەڵە لەگەڵ چین و توێژێکی کورد دەکات، کە لە ئاستێکی بەرزی ڕۆحی نەتەوەییدان و بڕوای تەواویان بە دۆزە ڕەواکەی مەزڵوومییەتی کورد لە عێراقدا هەیە**

**هەر دوو سەرکردەی کورد ئیدریس بارزانی و مسعود بارزانی بیروباوەڕی تەواویان بە عەقیدەی بارزان و بەستنەوەی ڕابردوو بە ئێستا و داهاتووەوە بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوەی گەلی کورد هەبووە**

**یەکێك لە بازرگانە کوردە فەیلییەکانی ئەو سەردەمە ٤٠٠ دیناری ساڵی شەستەکانی پێشکەش بە شۆڕش کرد، ئەمەش هاوکارییەکی گەورەی دارایی بوو**

**کاتێك حکومەتی عێراق پاڵێوراوێکی بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی عێراق داوا کرد، مەلا مستەفا بارزانی کوردێکی فەیلی بۆ ئەو پۆستە دیاری کرد**



**دکتۆر محەمەد شاکر**

**پسپۆڕ و شارەزا لە بواری ئیسلامی سیاسی بۆ گوڵان:**

# حزبە ئیسلامییە سیاسییەکان ئیسلام بۆ بەرژەوەندیی شەخسی و حزبیی خۆیان بەکار دەهێنن

# کورد نەتەوەیەکی موسڵمان و دیندارە و بۆ هیچ حزب و لایەنێک نەهاتووە بیروهزری خۆی بەسەردا بچەسپێنێت

**دابەشکردنی ئیسلام بۆ ئیسلامی سیاسی زیانێکی گەورەی بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام گەیاندووە، بەتایبەتی لە ناو نەتەوەی کوردی موسڵماندا کە نەتەوەیەکی ئایینپەروەر و دیندارە و خزمەتێکی گەورەی ئیسلامی کردووە، خاوەنی چەندین مەلا و مامۆستا و زانای بلیمەتی ئایینییە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەرێکی دیکەی پەیوەندار، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ دکتۆر محەمەد شاکر پسپۆڕ و شارەزا لە بواری ئیسلامی سیاسیدا ساز دا.**

*** لە دوای ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی لە ئەستەنبوڵ، ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین لە میسر دامەزرا، بۆ دووبارە گێڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی و، دواتر فیکری ئیخوان بووە فیکرێکی جیهانی، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی ئیسلام دابەش ببێت بۆ سیاسی و عیبادەت، ئایا ئەم دابەشکردنەی ئیسلام بۆ ئیسلامی سیاسی تاچەند خزمەتی بە ئیسلام کردووە؟**

- بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دەبێت بزانین پێگەی سیاسەت لە ئیسلامدا چییە، ئایا پێگەی سیاسەت لە ئیسلامدا پێگەیەکی ئەساسییە کە نەتوانرێت تاکی موسڵمان مومارەسەی عیبادات و دینی خۆی بکات، بەبێ ئەوەی داخیلی جیهانی سیاسەت بێت؟ بۆ ئەمەش سێ بۆچوون هەیە، بۆچوونی ئەو جۆرە حزبانەی ئیخوان و حزبە ئیسلامییەکانی دیکەش ئەوەیە کە ئیسلام بەبێ سیاسەت نابێت، وەك ئەوەی (دوو ڕووی یەك دراوە)، واتە نە ئیسلام بەبێ سیاسەت دەبێت و نە سیاسەتیش بەبێ ئیسلام دەبێت، لەمەدا مەبەستیان ئەوەیە کە ئیمانی تاك کامیل نابێت تا داخڵی جیهانی سیاسەت نەبێت، ئەوەش هەڵەیە، هەرچەندە ئەوان نموونە دەهێننەوە بە کتاب و سوننەت بە حیسابی تەجروبەی مێژوو، کە خەلافەتی ئیسلامی هەر هەبووە، ئەم بۆچوونە ڕاست نییە و ئەوە زێدەڕۆیی تێدایە، بۆچوونێکی دیکە هەیە دەڵێت ئیسلام و سیاسەت هیچ پەیوەندییان بە یەکترەوە نییە، ئیسلام لە دۆڵێکە و سیاسەتیش لە دۆڵێکی دیکەیە، بۆچوونی سێیەمیش کە من پێموایە ئەو بۆچوونە ڕاستە کە ئیسلام باسی لە هەموو بوارەکان کردووە، بواری (عیبادات و خێزان و سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵایەتی و...تاد)، بەڵام لە بواری سیاسیدا تەنیا هێڵە گشتییەکانی داناوە، بەم شێوەیەی ئەوەی داخیلی جیهانی سیاسەت بێت لە ڕوانگەی ئیسلامەوە، دەبێت ڕەچاوی ئەو هێڵە گشتییانە بکات، بەڵام وردەکاریی سیاسەت ئیسلام باسی نەکردووە و ئەو هێڵە گشتییانەی کە ئیسلامیش دایناوە، تەقریبەن دەتوانین بڵێین هەندێك بنەمای مرۆڤایەتین، واتە هەر حزبێك داخیڵی جیهانی سیاسەت بێت، پێویستە پەیڕەوی ئەو بنەمایانە بکات، ئەوجا هەر حزبێك بێت ناوەکەی (ئیسلامی

**ئیسلام باسی سیاسەتی کردووە، بەڵام بەڕاستی نەچووەتە دیتێل و وردەکارییەوە وەک ئەوەی کە ئیسلامییەکانی ئێستا بانگەشەی بۆ دەکەن**

**ئەو بنەما ئەساسییانەی بارزانی لەسەر بنیاد نراوە، وای کردووە پێکەوەژیانی نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان لەناو کورد و کوردستان گەشە بکات و ئێستاکەش بەردەوامە و بەهێزیی خۆی هەیە**

بێت، یان علمانی، یان چەپ بێت، یانیش ڕاست و دیموکراسی بێت) ئەو بنەمایانە پیادە دەکەن، چونکە ئەو بنەمایانە مرۆڤایەتین و جێگەی باوەڕپێبوونی هەموو لایەن و کەسێکە و هەموو لایەنەکان لەسەری کۆکن و لە قاڵب و چوارچێوە نەدراوە بۆ ئیسلامییەکان، بۆ نموونە یەکێك لەو بنەمایانە دادپەروەری (وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ النَّاسِ أَن تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ) واتە ئەوەی مومارەسەی سیاسەت دەکات، پێویستە دادپەروەر بێت. دووەم: یەکسانی واتە دەبێت بە یەکسانی تەماشای هەموو لایەنەکان بکات، بۆ نموونە ئێمە (کورد، عەرەب، کریستیان، تورکمان، یەهودی و...تاد) و (پیاو، ئافرەت، منداڵ) ئەوە نابێت جیاوازی لە نێوانیاندا بکات، هاوکات ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی خەڵك و ئیتاعەی وەلی ئەمر، کە ئەو بنەمایە ئیسلام بە چاوێکی گەورە و گرنگی داناوە (أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ) ئەو بنەمایانە مرۆڤایەتین و هیچ حزبێك نادۆزیتەوە بڵێت لە کاتێکدا من گەیشتمە سەر کورسیی دەسەڵات، ئەوە من زوڵم دەکەم، یان من بە یەك چاو تەماشای هاووڵاتیان ناکەم، یان من ڕەچاوی بەرژەوەندیی خەڵك ناکەم، خۆ ئەگەر بە نووسینیش بێت، کە تەماشای پەیڕەوی هەر حزبێك دەکەیت لە کوردستان، ئیسلامی بێت، یان عیلمانی، هیچ شتێکی تێدا نییە کە پێچەوانەی ئەو بنەمایانە بێت، هەر بۆیە ئێمە دەڵێین ئیسلام باسی سیاسەتی کردووە، بەڵام بەڕاستی نەچووەتە دیتێل و وردەکارییەوە وەك ئەوەی کە ئیسلامییەکانی ئێستا بانگەشەی بۆ دەکەن، من پێموایە نابێت ئیسلام بە سیاسی بکرێت، بەڵکو دەکرێت سیاسەتەکە بە شێوازێك مومارەسە بکرێت، کە ئیسلام پێی ڕازی بێت، چونکە ئیسلام بە سیاسی بکرێت، زەربە لە خودی سیاسەتەکەی دەدات، چونکە ئەوەی دێتە سەر کورسیی دەسەڵات ئیمانی بە دەستاودەستکردنی دەسەڵات نییە، لەبەر ئەوەی خۆی پێ ڕاستە و بەرانبەرەکەی پێ هەڵەیە، ئەمەش کێشەیەکی زۆر گەورەیە کە تەنیا خۆی پێ ڕاست بێت و بە ناوی خودا و وەك سێبەری خوا، ئاوا حوکم بکات، دەکرێت زۆر شت بکات بە ناوی دینەوە و دینیش ئەوەی نەویستووە، بەڵام دەکرێت ئەو حوکمەی دەکرێت ئیسلام پێی ڕاست بێت (وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ النَّاسِ أَن تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ)، واتە ئەوەی گرنگە لە دەسەڵاتدارییەکەدا دادپەروەر و یەکسان بێت لە بەرانبەر کۆمەڵگەکەدا، لەمەدا دەردەکەوێت، ئەگەر ئەوەی ئیسلام دەیەوێت بەتایبەتی کە بنەماکانی ئیسلامت جێبەجێ کرد، وەك دادپەروەری و یەکسانی، ئەوە ئیسلام بە حوکمەکەت ڕازییە، بەڵام لە کاتێکدا بەرگێکی ئیسلامی بخەیتە سەر ئەو حوکمە، ئەو کاتە گورز لە ئیسلام دەدەیت، تۆ کە دەچیتە مزگەوت دەبێت بۆ خودا بچیتە مزگەوت، نەك بە ناوی حزبێکی ئیسلامییەوە، چونکە ئەو جۆرە حوکمدارییە خۆی بە سێبەری خوا دەزانێت لەسەر زەویدا و تەنیا ئەوەی خۆی دەیکات پێی ڕاستە و بەرانبەرەکەی پێ هەڵەیە، حزبە ئیسلامییەکان تەنیا خۆیان پێ ڕاستە و دوو حزبی ئیسلامیش کە هەن، یەکێکیان خۆی لەوەی دیکە پێ ڕاستترە .

*** بەپێی ئەم مێژووەی ئیخوان موسلمین، ئەوە دەرکەوتووە کە فیکری ئیسلامی سیاسی بایەخ بە پرسی خاك و نەتەوە نادات، پیرۆزییەکانی نەتەوە بێبەها دەکەن، لێرەش لە کوردستان دەبینین کە لەو مەدرەسانەی حزبە ئیسلامییەکان سەرپەرشتیی دەکەن، پرۆگرامەکانیان سڕینەوەی هزری نەتەوەیی و نیشتمانییە، هەروەها دەبینین سەرکردەی حزبە ئیسلامییەکان ڕێز لە سروودی ئەی ڕەقیب ناگرن، ئایا سڕینەوەی ئینتیما و پیرۆزییەکانی نیشتمانی چ کارەساتێکی لێ دەکەوێتەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە سڕینەوەی ئینتیما و پیرۆزییەکانی نیشتمان کارەساتی لێ دەکەوێتەوە، ئیسلام بە هیچ جۆرێك لە دژی نەتەوە نییە (وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا)، بەڵکو خوای گەورە ئەو هەمەڕەنگی و نەتەوەییەی داناوە، پێغەمبەر(د.خ) لەو کاتە لە مەککە وەدەریان نا، چووە مەدینە، ئەوەندە سۆزی بۆ مەککە هەبوو، دەفەرموێت «ئەگەر خەڵکی تۆ منیان دەرنەکردایە، بە هیچ شێوازێك نەدەڕۆیشتم»، گەرچی مەککە کافری تێدا بوو و پێغەمبەریان دەرکرد، کە چووە مەدینە ئەوە پێغەمبەریان حەواندەوە و ئیسلامیش هەر

**نابێت ئیسلام بە سیاسی بکرێت، بەڵکو دەکرێت سیاسەتەکە بە شێوازێك مومارەسە بکرێت، کە ئیسلام پێی ڕازی بێت، چونکە ئیسلام بە سیاسی بکرێت، زەربە لە خودی سیاسەتەکەی دەدات**

**تۆ کە دەچیتە مزگەوت دەبێت بۆ خودا بچیتە مزگەوت، نەك بە ناوی حزبێکی ئیسلامییەوە، چونکە ئەو جۆرە حوکمدارییە خۆی بە سێبەری خوا دەزانێت لەسەر زەویدا و تەنیا ئەوەی خۆی دەیکات پێ ڕاستە و بەرانبەرەکەی پێ هەڵەیە**

**حزبە ئیسلامییەکان تەنیا خۆیان پێ ڕاستە و دوو حزبی ئیسلامیش کە هەن، یەکێکیان خۆی لەوەی دیکە پێ ڕاسترە**

لەوێ گەشەی کرد، بەڵام هەموو کات پێغەمبەر (د.خ) خۆشەویستی و سۆز و دڵی لە مەککە بوو، کە ئەمە بۆ خۆشەویستیی نەتەوە و خاک و نیشتمان دەگەڕێتەوە، هیچ دژایەتییەك لە نێوان دین و نیشتمان و نەتەوەدا نییە، بەڵکو خۆشەویستیی وڵات ئێمە دەڵێین (حب الوطن من الأيمان) کە ئەمەش بەڵگەی وەفاداری و ڕاستگۆیی خۆتە بۆ ئەو خاکەی لەسەری پەروەردە بوویت و، لە خێر و بەرهەمەکانی سوود وەردەگریت، لە ئیسلامیشدا بە هیچ شێوەیەك وەك ئەوەی ئیسلامییەکان دەیوروژێنن (وەحدەی دەولەی ئیسلامی) وا نییە. ئەگەر تەماشای قورئان بکەین ئەوەی تێدا نییە و لە هیچ کاتێکیش یەك دەوڵەت نەبووە، ئەگەر تەماشای هەموو قورئانیش بکەین، ئەوە ئومەی ئیسلامی هەبووە و دەولەی ئیسلامی نەبووە، بەڵکو «دەولە» دەستەواژەیەکی تازەیە. ئەوانەی لای خۆمان بۆ هەندێ بەرژەوەندی و سوودی سیاسیی خۆیان تێکەڵی دەکەن و تەفسیری هەڵەی بۆ دەهێننەوە، ئەگەر تەماشای قورئان و فەرموودە بکەین، لە هیچ شوێنێکدا باسی دەولە و ئەدەواتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت کە (بە چ شێوازێك دەبێت، خلافەتە، یان کۆمارییە، یان دیموکراسییە) نەکراوە، لە هەقیقەتدا دوای وەفاتی پێغەمبەر (د.خ) لە سەقیفەی بەنی سەعیدە بووە دیالۆگ کە کێ دەبێتە خەلیفە، لەو کاتەدا ئەگەر سیستمی سیاسی، سستەمێکی دیاریکراو بووایە، ئەوا نەدەبوو گفتوگۆ و دیالۆگ و جیاوازی لە نێوان سەحابەکانی پێغەمبەر (د.خ) دروست ببووایە، ئەگەرچی ئەنساری وتیان با خەلیفە لە ئێمە بێت و مەهاجیرەکان دەیانویست خەلیفە لە ئەوان بێت، هەر بۆیە ئەو جیاوازییە بۆ دەسەڵات و حوکمڕانی هەیە، شتێکی سرووشتی و ئاساییە و پێغەمبەر(د.خ) خۆی نەیویستووە سیستمێکی دیاریکراو هەبێت و شتەکان فەرز بکرێت بەسەر خەڵکدا، لە ئیسلامدا دەبێت ڕێز لە نەتەوە و خاکی خۆت بگریت و بەرگری لە نەتەوەی خۆت بکەیت، پێغەمبەر(د.خ) شەخسی خۆی بەو شێوەیە مامەڵەی کردووە، بەڵام ئەوانەی لای خۆمان کە بەو شێوەیەی خۆیان دەیانەوێت، دەجووڵێنەوە، تەنیا بۆ بەرژەوەندیی شەخسییە، ئەگینا هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییە.

*** ئێمە وەك گەلێکی موسڵمان (گەلی کورد) خاوەنی مێژوویەکی پاکی موسڵمانیەتی و کوردایەتین و چەندین زانای گەورەی ئیسلامیمان هەبووە و هەیە، هەر لە «ئەحمەدی خانی»یەوە تا دەگاتە «مەولەوی و نالی»، بۆچی ئیسلامی سیاسی ئەم مێژووە فەرامۆش دەکات و دەیەوێت مێژوویەکی دیکە لە کوردستاندا بڵاو بکاتەوە، کە ئەویش مێژووی عەرەبییە؟**

- ئەمە زۆر ڕاستە و ئێستا فکری کوردەواری و تێگەیشتنی کورد بۆ دین تێگەیشتنێکی ئاشتییانە و پێکەوەژیانە و هەموو کات خۆشەویستی و تەبایی بڵاو دەکەنەوە، بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە ئەگەر تەماشای دیرۆك و مێژووی گەلی کوردستان بکەین، دەبینین هەر لە کۆنەوە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان ئازادانە لەگەڵ یەکتر ژیاون، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە تێگەیشتنی زانایانی ئیسلامیی کوردستان و خەڵکی کوردستان بە گشتی تێگەیشتنێکی مرۆڤدۆستییە و بەڕاست و دروستی لە ئیسلام تێگەیشتوون و لەگەڵ سیاسەت تێکەڵیان نەکردووە، هەر بۆیە یەکێك لە شانازییەکانی هەرێمی کوردستان لە ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەو پێکەوەژیانە ئاشتی و لێبوردەییەیە کە لە کۆنەوە تا ئێستاش هەیە، جەنابی سەرۆك بارزانی لە کاتی کردنەوەی یادگەی بارزانی ئاماژەی بەوە دا کە ئەو بنەما ئەساسییانەی بارزانی لەسەر بنیاد نراوە، وای کردووە پێکەوەژیانی نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان لەناو کورد و کوردستان گەشە بکات و ئێستاکەش بەردەوامە و بەهێزیی خۆی هەیە، بەڵام لە پاشان بەتایبەت لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا هەندێ بیروباوەڕی ئیسلامیی توندڕەو پەیدا بوون، کە ئەو ئیسلامییانە هەندێ بیروباوەڕی قوتووبەندیان لە دەرەوە هاوردە کرد بۆ هەرێمی کوردستان، کە لەگەڵ کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستاندا ناگونجێت، ئەگەرچی دەیانەوێت لێرە بڵاوی بکەنەوە و بیچەسپێنن بەسەر کۆمەڵگەکەماندا، هەر بۆیە دەبینین بیروباوەڕی توندڕەوی نەك تەنیا بەرانبەر بە کریستیانەکان و ئێزدییەکان هەیە، بەڵکو بەرانبەر

**ئەگەر تەماشای هەموو قورئانیش بکەین، ئەوە ئومەی ئیسلامی هەبووە و دەولەی ئیسلامی نەبووە، بەڵکو «دەولە» دەستەواژەیەکی تازەیە**

**هەر لە کۆنەوە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان بە ئازادانە لەگەڵ یەکتر ژیاون، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە تێگەیشتنی زانایانی ئیسلامیی کوردستان و خەڵکی کوردستان بە گشتی تێگەیشتنێکی مرۆڤدۆستییە و بەڕاست و دروستی لە ئیسلام تێگەیشتوون**

**لە ئیسلامدا دەبێت ڕێز لە نەتەوە و خاکی خۆت بگریت و بەرگری لە نەتەوەی خۆت بکەیت، پێغەمبەر(د.خ) شەخسی خۆی بەو شێوەیە مامەڵەی کردووە**

خەڵکی ئیسلامی خۆشمان هەیە، کە ئەو هزر و توندوتیژییە لە لای خەڵکی موسڵمانی خۆشمان قبووڵ ناکرێت و ناگونجێت، ئەوانە بەو بیر و هزرە قووتووبەندانەیان تۆی دووبەرەکییان لە ناو کۆمەڵگەکەمان چاند، بۆ ئەوەی توندوتیژی بڵاو ببێتەوە، ئێستا لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا حزبە ئیسلامییەکان خۆشیان یەکتر قبووڵ ناکەن و، ئەو بیر و هزرانەی ئەو حزبە ئیسلامییانەی لەسەر بنیاد نراوە، بە ڕادەیەکە تاکی موسڵمانی خۆشمان قبووڵیان ناکەن، نەک تەنیا کریستیان و ئێزدی و ئایینەکانی دیکە. بەڵام بیر و هزری تاکی ئیسلامی کورد بیرێکی ساف و هێمنە و دژی توندڕەوییە و قبووڵی پێکەوەژیان دەکەن و دەیانەوێت لە کوردستان پێکەوەژیانێکی ئاشتییانە و لێبووردەیی هەبێت و، بە ئاسوودەیی و بەختەوەری کۆمەڵگە بژی و گەشە بکات. ئەگەرچی بەداخەوە ئەوان ئیسلامی سیاسی لە بەر بەرژەوەندیی شەخسیی خۆیانە و هەندێ بیر و باوەڕی قووتووبەندی دەرەوەیان هێناوە ویستیان لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان جێبەجێی بکەن، کە لەوانە بیر و هزری ئیخوانە و هەشیانە بیروباوڕی دیکەیە، بەڵام خۆشبەختانە کۆمەڵگەی کوردەواری لەگەڵ پێکەوەژیاندایە. ئەو خزبە ئیسلامییە سیاسییانە سەرەتا بە جۆرێکی توندڕەوی دەستیان پێکرد، بەڵام کۆمەڵگەی کوردەواری لەگەڵیاندا نییە و کورسییەکانیان لە دابەزیندایە، چونکە خەڵکی ئێمە بە تەواوی لە دین گەیشتوون و زۆربەی کۆمەڵگەی کوردەواری نیاز و نییەتی ئەو حزبانەیان بۆ ئاشکرا بووە.

*** حزبە ئیسلامییەکان پرۆسەیەک بەڕێوە دەبەن، وەک ئەوەی بیانەوێت سەرلەنوێ کۆمەڵگەی کوردستان بە ئیسلام بکەنەوە، ڕاشکاوانەتر وەک ئەوەی میللەتی ئێمە موسڵمان نەبوویێت و ئەوان بیانەوێت موسڵمانی بکەن، ئایا دەکرێت ئیسلامەتی تەنیا ئەو ئیسلامە بێت کە حزبە ئیسلامییەکان پێناسەی دەکەن؟**

- بە دڵنیاییەوە نەخێر، وەک ئاماژەمان پێ دا، ئیسلام پەیوەندیی بە سیاسەتەوە نییە، ئەوەی ئەو حزبانە دەیانەوێت، ئەوەیە کە خەڵکانێک بۆ خۆیان ڕابکێشن و لە لایەنی حزبییەوە سوودیان لێ وەربگرن و دەنگی خۆیانی پێ زیاد بکەن، تا بگەنە سەر کورسیی دەسەڵات، ئەگەرچی زۆرینەی کورد موسڵمانە، بەڵام هەندێ لە حزبە ئیسلامییەکان پێیانوایە دەبێت خەڵکیش ١٠٠٪ وەک ئەوان بیر بکاتەوە و پێیانوایە سیاسەت ڕوکنێکی ئەسیلە لە دین، ئەگەرچی ئێمە دەزانین ئەرکانی ئیسلام و ئیمان دیارن و بە هیچ شێوەیەک سیاسەت لەو چەمک و بیروباوەڕانەی ئیسلامدا نییە، ئەوان دەیانەوێت بە جۆرێک مومارەسە و تەعریفی ئیسلام بکەن، کە سیاسەت بکەنە ڕوکن و بەشێکی گرنگی دین و بیکەنە مەرجێک بۆ ئیمانی تاک و، شرۆڤە و لێکدانەوەی ئیسلام و ئایەت و حەدیسەکان بە شێوەیەک بکەن کە وا بکات، کاریگەری لەسەر خەڵک دروست بکات و بۆ لای خۆیانی ڕابکێشن، تا بەو هۆیەوە جەماوەر و کورسییەکانیان لە هەڵبژاردندا زیاد بکات، بۆ نزیکبوونەوەیان لە کورسیی دەسەڵات، ئەو حزبە ئیسلامییە سیاسییانە بە هیچ جۆرێک سەرکەوتوو نەبوون لەکار و ستراتیژەکانیاندا، چونکە کۆمەڵگەی کوردی زۆر زیرەک و ئاگاداران و لە مەبەستی ئەو حزب و لایەنە ئیسلامییانە و ڕاستییەکان باش تێدەگەن و دەزانن ئیمان هیچ پەیوەندی بە سیاسەتەوە نییە و سیاسەت لایەنێکی دونیاییە.

*** باس لە بەرهەمهێنانی توندوتیژی و تیرۆر دەکرێت لە فیکری ئیخوان موسلمین و ئیسلامی ئوسوڵیدا، تەنانەت باس لەوە دەکرێت، یەکەم ڕێکخراوی تیرۆریستی لەسەر دەستی سەید قوتب بە ناوی (تەنزیمی سری) دامەزراوە، ئایا چاندنی تۆی توندوتیژی و ئیرهاب لە کۆمەڵگەدا، تاچەند کۆمەڵگە بەرەو ناسەقامگیری و کاولبوون دەبات؟**

- بە دڵنیاییەوە بەرهەمهێنانی توندوتیژی کۆمەڵگە بەرەو ناسەقامگیری و کاولبوون دەبات، بۆ نموونە دیتمان داعش چ کاولکاری و توندوتیژی و کۆمەڵکوژییەکی ئەنجام دا و چی بەسەر شاری مووسڵ و حەڵەبدا هێنا، کە تا چەندین ساڵی دیکە وەک خۆی لێ نایەتەوە، هەروەها ئابووریی وڵاتیان دارماند و ئاشتەوایی کۆمەڵگەیان لە قۆناغێکدا ڕاگرت و کێشەیان بۆ دروست کرد، ئەوانەی ئیسلام تێکەڵی سیاسەت دەکەن، بەرانبەری خۆیان ناخوێننەوە و زۆربەشیان پێیان وایە کە بەرانبەرەکانیان ڕاست

**یەکێک لە شانازییەکانی هەرێمی کوردستان لە ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەو پێکەوەژیانە ئاشتی و لێبوردەییە کە لە کۆنەوە تا ئێستاش هەیە**

**کۆمەڵگەی کوردی زۆر زیرەک و ئاگاداران و لە مەبەستی ئەو حزب و لایەنە ئیسلامییانە و ڕاستییەکان باش تێدەگەن و دەزانن ئیمان هیچ پەیوەندی بە سیاسەتەوە نییە و سیاسەت لایەنێکی دونیاییە**

**بەرهەمهێنانی توندوتیژی کۆمەڵگە بەرەو ناسەقامگیری و کاولبوون دەبات، بۆ نموونە دیتمان داعش چ کاولکاری و توندوتیژی و کۆمەڵکوژییەکی ئەنجام دا و چی بەسەر شاری مووسڵ و حەڵەبدا هێنا**



نین، هەموو ئەوانەش دەبنە هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر کوردستان و نیشتمان و مەترسین، ئەو حزبە ئیسلامییە سیاسییانە هەڕەشەن لەسەر هەر وڵاتێك کە تێیدا بن.

*** خاڵێکی دیکەی مەترسی لە فیکری ئیسلامی سیاسیدا مەسەلەی دووبارە تەفسیرکردنەوەی (فەتوادان)ـە، لە ئیسلامدا دەبێت حکومەت، یان «ئەمیرئەلموئمنین» فەتوا بدات، بەڵام ئیسلامی سیاسی دەڵێت هەر کەسێك دەتوانێت فەتوا بدات و خەڵك بکوژێت، ئایا ئەمە بێماناکردنی فەتوا و دروستکردنی ئاژاوە نییە لە کۆمەڵگەدا؟**

- ئەمە ئەوەیە کە ئێمە دەڵێین فکری تەکفیرییە، بەم پێیە هەر بیرێك بەرانبەر خۆی بە کافر بزانێت و ئەو ڕۆشنبیرییەش بڵاو بکەنەوە کە ئێستا زۆر لە ئیسلامییەکان باسی ئەنواعی تەوحید دەکەن، ئەگەرچی لە لای ئێمە هەر کەسێك بڵێت و لە حەدیسیش هاتووە (لَا إِلَـهَ إلاَّ اللَّـهُ مُحَمَّـدٌ رَسُـولُ اللـهِ) ئەوە ئیسلامە، بەڵام ئەوان عەقیدە بە بیروباوەڕەوە دەبەستنەوە، بۆ نموونە دەڵێن فلانە کەس نوێژ ناکات بە کافری دادەنێن، یان دیتمان داعش چۆن سەری تەنانەت موسڵمانیشیان دەبڕی و بە کافریان دادەنا، بۆیە لە فتوادانیش دەوڵەت بڕیار دەدات و تاك ناتوانێت بڕیار بدات، لە سەردەمی کۆنی ئیسلامیشدا بۆ تاك نەبووە، قەساس بکات و کەسێك بکوژێت، بەڵکو دەوڵەت قەساس دەکات، بەڵام ئەوەی ئیسلامییەکان دەیکەن و لە هەمووشی مەترسیدارتر ئەوەیە کە خەڵك تەکفیر دەکەن و خوێنی خەڵکیش حەڵاڵ دەکەن و بە کەسەکانیش دەڵێن ئەوە کافرە و واجبە ئەوە لەناو بچێت. هەروەها تەفسیری جیهاد و دین و سیاسەت بە جۆرێك دەکەن کە فەوزا لە ناو خەڵك و کۆمەڵگەدا دروست دەکات و ئاشووب و فیتنە و خراپەکاری بڵاو دەکاتەوە، بۆیە فکری تەکفیری زۆر مەترسیدارە.

**لە سەردەمی کۆنی ئیسلامیشدا بۆ تاک نەبووە، قەساس بکات و کەسێک بکوژێت، بەڵکو دەوڵەت قەساس دەکاتەوە**



**مەحموود ڕەش**

**ئەندامی پێشووی پەکەکە بۆ گوڵان:**

# کێشە و گرفتە نێوخۆییەکان بەرۆکی پەکەکەی گرتووە

## پەکەکە چاویان بە قەوارەی هەرێم هەڵنایەت و ڕاستەوخۆ دوژمنایەتییان ڕاگەیاندووە

# پەکەکە دەیەوێت شوێنی بارەگاکانی حزبەکانی ڕۆژهەڵات داگیر بکات

**پەکەکە وێڕای ئەوەی گرفت و کێشەی گەورەیان بۆ خەڵکی کوردستان و گوندنشینەکان و شنگال ناوەتەوە، دژایەتیی قەوارەی هەرێمی کوردستانیشیان نەشاردووەتەوە، دوای زنجیرە شکستەکانیان لەم دواییەدا ڕوویان لە کاری تیرۆریستیش کردووە لە هەرێمی کوردستان و کار بۆ تێکدانی ئارامی و ئاسایشی هاووڵاتیانی کوردستان دەکەن، بۆ ئەم پرسە و چەند تەوەرێکی دیکەی پەیوەندیدار، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ مەحموود ڕەش ئەندامی پێشووی پەکەکە سازدا .**

*** وێڕای ئەوەی ڕەوشی چەکدارانی پەکەکە ڕووی لە خراپی کردووە، کەچی دژایەتیی هەرێمی کوردستانیان نەشاردووەتەوە و بگرە زیاتریان کردووە و، ئاشوب و ئاژاوە لە شاروشارۆچکەکانی کوردستاندا دەنێنەوە، ئایا پەکەکە بۆچی دژی هێڵی نەتەوەیی و نیشتمانی ڕاوەستاوەتەوە؟**

- ماوەی چەند مانگێکە، بەتایبەتی لە ئێستادا بارودۆخی چەکدارانی پەکەکە و سەرکردایەتی و بەرپرسی گرووپە چەکدارەکان بەهۆی هێرش و بۆردومانی فڕۆکە جەنگی و درۆنەکانی تورکیاوە زۆر خراپە، چەندین کەسیان کوژراون، ئەمەش کاریگەریی لەسەر بارودۆخی ناوخۆیان دروست کردووە و لێرە و لەوێش لە کاتی دەرفەت وەرگرتن چەندین چەکداریان هەڵاتوون و خۆیان گەیاندووەتە شوێنی ئارام. لەم بارودۆخە خراپەدا چەکدارانی پەکەکە بە پیلانی هەندێ لە سەرکردەکانیان خۆیان گەیاندووەتە چەند ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان، کە بێگومان دەستی لایەن و کەسانی باشووری کوردستانیش یارمەتیدەر و هەماهەنگیان بووە، بەڵام ئەو ناوچە و شوێنانەی چەکدارانی پەکەکە بۆی چوون، ڕووبەڕووی هێرشی درۆن بوونەتەوە، بۆ نموونە لە قەزای ماوەت و ناحیەی تەکیە و لە گەرمیان و چەندین شوێنی دیکە، هەر بەم هۆیەشەوە خەڵکی سڤیلی ناوچەکانیش تێیدا زیانمەند بوون، نیاز و پیلانیان هەیە، ئەو شوێن و بارەگایانەی حزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات کە لە باشووری کوردستانن، بەتایبەتی لە سنووری ئێرانەوە چۆڵی بکەن و چەکدارانی پەکەکە داگیری بکەن و ئەو شوێنانەش بکەنە شوێنی ئاشووب و کردەوەی ناڕەوا و تیرۆریستیی خۆیان، هەموو ئەو کار و پیلان و کردەوانەی پەکەکە لە دژی قەوارە و ئەو سەقامگیرییەی هەرێمی کوردستانە بە مەرامی دوژمنانی گەلی کورد و کوردستانە.

**چەکدارانی پەکەکە بە پیلانی هەندێ لە سەرکردەکانیان خۆیان گەیاندووەتە چەند ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان، کە بێگومان دەستی لایەن و کەسانی باشووری کوردستانیش یارمەتیدەر و هەماهەنگیان بووە**

*** ئەم دوژمنداری و زیانگەیاندنە بە هەرێمی کوردستان لەلایەن پەکەکەوە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟ ئەی بۆچی ناچن لە گۆڕەپانی ڕاستەقینەی خۆیان خەبات بکەن و ڕێگری نەکەن لە ئاوەدانکردنەوەی ئەو هەموو گوندە و هێرشی درۆن و مووشەك و بۆمبارانکردنی ناوچە سنوورییەکان و ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی لە شارەکانی کوردستان؟**

- باشووری کوردستان نزیکەی ١٠٠ ساڵە شۆڕش و خەبات دەکات و هەزاران شەهیدی لەم پێناوەدا بەخشیوە، دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٢ـەوە لە پرۆسەیەکی دیموکراتیدا بە فەرمانی سەرۆك بارزانی بۆ یەکەمجار هەڵبژاردن بەڕێوە چوو، حکومەت و پەرلەمانی کوردستانی لێ هاتە بەرهەم و خەونی هەموو کوردێك بۆ ئازادی و دیموکراسی و بەرگریکردن لە ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان هاتەدی، کەچی

**پەکەکە دژایەتیی خوێنی شەهیدان و گەلی کوردستان دەکات و زیان بەم هەموو دەستکەوت و ئومێدە لە باشووری کوردستان دەگەیەنێت**

**چەکدارانی پەکەکە هەر لە سەرەتاوە باوەڕیان بە ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان نەبووە، بۆیە چاویان بەو کیانە هەڵنایەت و لە دەرفەت دەگەڕان کێشە و گرفت بۆ قەوارەی هەرێمی کوردستان دروست بکەن**

**پەکەکە لە بری ئەوەی پارێزگاری لێ بکەن تا ئاوەدانیی زیاتر ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکات، دەستی سەربازانی تورکیایان بۆ ناو هەرێمی کوردستان ڕاکێشا**

**کوردایەتی ئەوەیە کە هەموو حزب و لایەن و کوردپەروەرێک ئەم بەشە ئازادەی کوردستان وەک گلێنەی چاوی خۆیان بپارێزن، ئەگەر باجیشی لە پێناودا بدەن**

پەکەکە دژایەتیی خوێنی شەهیدان و گەلی کوردستان دەکات و زیان بەم هەموو دەستکەوت و ئومێدە لە باشووری کوردستان دەگەیەنێت، گرفتەکە لەوەدایە چەکدارانی پەکەکە هەر لە سەرەتاوە باوەڕیان بە ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان نەبووە، بۆیە چاویان بەو کیانە هەڵنایەت و لە دەرفەت دەگەڕان کێشە و گرفت بۆ قەوارەی هەرێمی کوردستان دروست بکەن، زۆر هەوڵیان دا و پیلانیان دارشت، پاش ئەوەی نەیانتوانی یەك بست لە خاکی باکووری کوردستان نەك ڕزگار بکەن، بەڵکو کۆمەڵێك کێشە و ناتەبایی و بارودۆخی خراپیان بۆ دروست کرد، بەتایبەت لە شەڕی خەندەقدا، گرنگ لەلای ئەوان ئەوە بوو دەرفەتیان وەرگرت و هاتن چیا و ناوچەی قەندیلیان لە باشووری کوردستان داگیر کرد، پەکەکە لە بری ئەوەی پارێزگاری لێ بکەن تا ئاوەدانیی زیاتر ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکات، دەستی سەربازانی تورکیایان بۆ ناو هەرێمی کوردستان ڕاکێشا، کە بەم هۆیەوە تا ئێستا لە نێوان (٥٠٠ تا ٦٠٠) گوند بەتایبەتی لە سنوورەکانی نێوان هەرێم و تورکیا ئاوەدان نەکراونەتەوە، چەکدارانی پەکەکە بوونەتە هۆکاری کێشە و ئاژاوەمی و ناسەقامگیری، بەتایبەت لەو شوێنانەی تێدا جووڵە دەکەن، ئەوەی چەکدارانی پەکەکە دیکەن، هیچ پەیوەندیی بە کوردایەتی و نیشتمانپەروەری و خواستی نەتەوەییەوە نییە، بەڵکو کوردایەتی ئەوەیە کە هەموو حزب و لایەن و کوردپەروەرێك ئەم بەشە ئازادەی کوردستان وەك گلێنەی چاوی خۆیان بپارێزن، ئەگەر باجیشی لە پێناودا بدەن، هەرچەندە قەوارەی هەرێمی کوردستان حزبێکی پێشەوا و قارەمان و نەتەوەیی کە پارتی دیموکراتی کوردستانە ڕابەرایەتی و سەرکردایەتیی دەکات، بەڵام خۆ ناکرێت لایەنێکی وەك چەکدارانی پەکەکە لە دامەزراندنیانەوە دوژمنایەتی کورد و پارتی دەکەن و ئەو قەوارە و هەرێمە ئازاد و دیموکراتییە لە دەست کورد دەربێنن و بۆ ١٠٠ ساڵ بیگێڕنە دواوە، بەڵکو پێویستە هەموو حزب و لایەنە کوردستانییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان بە هەستکردن بە بەرپرسیارێتییەوە پارێزگاری لەو بەشە ئازادەی کوردستان بکەن، کە چەترێکە بۆ پارێزگاری و مانەوەی هەموومان.

*** کاتێك حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەویت بە ڕێگەی ئاشتی کێشەی چەکدارانی پەکەکە چارەسەر بکات، کەچی چەکدارانی پەکەکە بۆسە و کەمین بۆ هێزی پێشمەرگە دادەنێن و پێشمەرگە شەهید دەکەن، ئایا دەبێت چۆن مامەڵە لەگەڵ پەکەکە بکرێت کە لە زمانی ئاشتی و دیالۆگ تێناگەن؟**

- دژایەتیکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان و ئەو شەڕانگێزییەی پەکەکە بەرانبەر حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان هەیەتی، بۆ کۆمەڵێك مەرامی تایبەت بە خۆیان دەگەڕێتەوە :

یەکەم: پەکەکە بەرنامە و پەیڕەویان بۆ سەربەخۆیی کوردستان نەبووە، بەڵکو حزب و گرووپێکی بەناو کۆمۆنیستی و سۆشیالیستین.

دووەم: هەر لەبەر ئەوەی نەتەوەیی نین، دژی هەموو لایەن و حزبێکی نەتەوەیین لە کوردستاندا، بەتایبەت لە دروستبوونیانەوە دژی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون. پارتی و سەرکردایەتییەکەی بە سرووشتی خۆیان نەتەوەیین و خۆیان بە خاوەنی نەتەوەی کورد و کوردستان دەزانن، پەکەکە بە چاوی خۆیان دیتوویانە، بەتایبەت سەرکردەکانیان کە بارزانیی نەمر بوو توانی لە بارودۆخێکی زۆر سەختدا شۆڕشی ڕزگاریخوازی کوردستان دەست پێ بکات و وەك چەترێك هەموو گەلی کوردستان و هەر چوار پارچە کۆبکاتەوە، کە بەرهەمەکەی ئەوەیە ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی ڕابەرایەتی دەکات، کە قەوارەکە گەیشتووەتە ئاستێکی زۆر پێشکەوتوو و هەموو وڵاتانی داگیرکار و دوژمن بە چەکدارانی پەکەکەشەوە، چاویان پێی هەڵنایەت و هەوڵی دروستکردنی کێشە دەدەن و گرفتی بۆ دروست دەکەن، سەرەڕای ئەوەی جەنابی سەرۆك بارزانی هەوڵی دا و چووە ناو هاوکێشەیەکیش بۆ ئەوەی کێشەی باکووری کوردستان لەگەڵ تورکیا بە ئاشتی چارەسەر بکات، چونکە ئێستا سەردەم و قۆناغی دیالۆگ و دانیشتنە دوور لە چەکداری، بەڵام چەکدارانی پەکەکە بۆ ئەوەی خۆیان وەك گرووپێك بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بمێننەوە، ئەو پرۆسەی ئاشتییەیان لە گۆڕ نا.

لەلایەکی دیکەوە جەنابی سەرۆك بارزانی بە فەرمان و بڕیار شەڕی کورد لەگەڵ کوردی حەرام کردووە، کەچی چەکدارانی پەکەکە ئەو بڕیار و هەڵویستە نیشتمانی و نەتەوەییەی سەرۆك بارزانییان بە دەرفەت وەرگرتووە و لێرە و لەوێ پەلاماری هێزی پێشمەرگەی کوردستان و خەڵکی سڤیلی هەرێمەکە دەدەن و بوونەتە میکانیزمێك بە دەستی دوژمنان و داگیرکارانی کوردستانەوە، هەر ئەو کردەوە ناڕەوا و خراپەکارییانەیە وای کردووە چەکدارانی پەکەکە بخرێنە چوارچێوە و لیستی گرووپە تیرۆریستەکانی دونیا.

*** ئەوەی جێگەی سەرنج و هەڵوەستەکردنە پەکەکە لە بری دۆستی ئەو لایەنانە بێت کە خەبات بۆ کوردستان دەکەن، کەچی وەك دەبینین دۆستی هەموو داگیرکارانی کوردستانە، هەر بۆ نموونە لە شنگال دۆستی حەشدی شەعبییە و دوژمنی پێشمەرگە، ئایا ئەمە چۆن تەفسیر دەکرێت؟**

- پێشتریش ئاماژەم پێ دا، چەکدارانی پەکەکە لە یەکەم ڕۆژی دروستبوونیانەوە بۆ سەربەخۆیی کوردستان هەوڵیان نەداوە و نایدەن و دژی ئەو لایەن و حزبانەن کە کوردستانی و نەتەوەیین، هەروەها چەندین ساڵیشە کە هەرێمی کوردستان بووەتە قەوارەیەکی فیدراڵی و سەربەخۆ و ئازاد لەلایەنی ئیداری و یاسایی و داراییەوە، کەچی چەکدارانی پەکەکە ڕق و کینەیان زۆر گەورەتر بووە و چاویان بەو کیانە هەڵنایەت کە لەسەر دەستی ئەوان نەك دانەمەزراوە، بەڵکو تێدا بەشدار نین بە یەك دڵۆپە خوێنیش، ئەمانەش وای کردووە ببنە گرووپ و چەکدار لەژێر دەستی دوژمنانی کورد و کوردستان، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان داگیر کردووە، بۆ نموونە پەیوەندیی چەکدارانی حەشد و پەکەکە زۆر بەهێزە، تا ئاستێك مووچەی بەشی زۆری چەکدارانی پەکەکە لەلایەن حەشدی شەعبییەوە دابین کراوە و نەك تەنیا لە شنگال، بەڵکو لە هەموو ناوچە و شوێنێك کە دەستی پەکەکەی پێڕا بگات، دژی خەڵك و بەرژەوەندییەکانی کوردستانن و پیلان و بەرنامەی دوژمنان جێبەجێ دەکەن، بەتایبەتی ئێستا وەك گرووپێکن لە بەردەستی ئێران و حەشدی شەعبی.

*** تیرۆریستانی داعش، شنگال و تەواوی ناوچەکانی کوردانی ئێزدییان کاول کرد و ژن و کچانی ئێزدییان کردە کەنیزە، پەکەکەش لەو کاتەی لەو ناوچەیەن لە داعشیان کەمتر نەکردووە کە کچ و کوڕانی ئێزدی چەکدار دەکەن و دەیانڕفێنن، کە ئەمەش کارەساتێکی زۆر گەورەیە، چ خوێندنەوەیەکت بۆ کارەیان هەیە؟**

- ئەو ڕەفتارانەی چەکدارانی پەکەکە لە شنگال دەیکەن، بەڵگەنەویستە کە پشتیوانی چەکدارانی حەشدی شەعبی و دوژمنی نەتەوەیین، ئەو بارودۆخەی بەسەر کوردانی ئێزدیشدا هات، زۆر ستەم و گەورە و ناخۆش بوو، کە زۆر درەنگ دەتوانن لە بیری بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا چەکدارنی پەکەکە ئازارەکانیان گەورەتر و زیاتر کردن، کە ناهێڵن خەڵکەکە لە زێدی خۆیان ئازاد بن، هەر بۆیە پێویستە ئێزدییەکان لە ژێر چەتری هێزێکی وەك پارتی دیموکراتی کوردستاندا یەکگرتوو بن و نەهێڵن خەڵکەکەیان بەتایبەتی گەنجەکانیان هەڵخڵەتێنرێن، چونکە بۆ ئێزدییەکان ڕوون بووەتەوە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو بە سەرپەرشتیی جەنابی سەرۆك بارزانی ڕاستەوخۆ شاری شنگال و ناوچەکەی لە دەستی تیرۆریستانی داعش ڕزگار کرد، بەڵام ئەگەر چەکدارانی پەکەکە ئیدیعایی ئەوە دەکەن، بە هانای شنگالەوە هاتن و دژی داعش شەڕیان کردووە، ئەوە دەڵێین دەستیان خۆش بێت، بەڵام پێویستە تا زووە ئەو ناوچەیە چۆڵ بکەن، تا بیانووی زیاتر نەدرێتە دەست دوژمنانی کوردستان، لەلایەکی دیکەوە ڕفاندن و چەکدارکردنی مێرمنداڵ و گەنجانی ئێزدی لە شنگال لەلایەن پەکەکەوە کارێکی زۆر ناڕەوا و قێزەوەنە، ئەگەرچی لە دەستپێکی دامەزراندنیەوە ئەوە سیاسەتی پەکەکە بووە، بەڵام پێویستە واز بێنن لە شنگالییەکان، چونکە مەرگەسات و کارەساتی زۆر گەورەیان بەسەردا هاتووە، هەر بۆیە پێویستە چەکدارانی پەکەکە شنگال جێبهێڵین بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، تا وەك ناوچەیەکی کوردستانی خزمەتگوزاری و ئاوەدانییەکانی تێدا دەست پێ بکاتەوە، ئەمەش تەنیا بەوە دەبێت لێرەدا دووبارەی دەکەمەوە کە چەکدارانی پەکەکە شنگال و دەڤەرەکە چۆڵ بکەن .


**پێویستە هەموو حزب و لایەنە کوردستانییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان بە هەستکردن بە بەرپرسیارێتییەوە پارێزگاری لەو بەشە ئازادەی کوردستان بکەن، کە چەترێکە بۆ پارێزگاری و مانەوەی هەموومان**

**جەنابی سەرۆک بارزانی بە فەرمان و بڕیار شەڕی کورد لەگەڵ کوردی حەرام کردووە، کەچی چەکدارانی پەکەکە ئەو بڕیار و هەڵویستە نیشتمانی و نەتەوەییەی سەرۆک بارزانییان بە دەرفەت وەرگرتووە و لێرە و لەوێ پەلاماری هێزی پێشمەرگەی کوردستان و خەڵکی سڤیلی هەرێمەکە دەدەن**

**پەیوەندیی چەکدارانی حەشد و پەکەکە زۆر بەهێزە، تا ئاستێک مووچەی بەشی زۆری چەکدارانی پەکەکە لەلایەن حەشدی شەعبییەوە دابین کراوە**

**ڕفاندن و چەکدارکردنی مێرمنداڵ و گەنجانی ئێزدی لە شنگال لەلایەن پەکەکەوە کارێکی زۆر ناڕەوا و قێزەوەنە، ئەگەرچی لە دەستپێکی دامەزراندنیەوە ئەوە سیاسەتی پەکەکە بووە**

دیمانەی تایبەت



**باڵوێز دانیاڵ کورتزەر**

**پڕۆفیسۆری دیراساتی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی پرینستۆن بۆ گوڵان:**


# ڕێککەوتنی نێوان ئێران و سعودیە گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە ناوچەکەدا دروست ناکات

**دانیاڵ کورتزەر پرۆفیسۆری دیراساتی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە سکوولی کاروباری گشتی و نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی پرینستۆن، لە ماوەی ٢٩ ساڵ خزمەتکردن لە وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، باڵیۆزی ئەمریکا بووە لە ئیسرائیل، هەروەها باڵیۆز بووە لە میسر و جێگری یاریدەدەری وەزیری کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیك بووە. ئەندامی تیمی ئاشتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە لە سەردەمێکدا کە «جەیمس بێکەر» وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بووە. کورتزەر، ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی ئەمریکا، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە هاوکاریکردن بۆ ئەنجامدانی کۆنفرانسی ئاشتیی مەدرید. هەروەها نوێنەری ئەمریکا بووە بۆ گفتوگۆی دوولایەنەی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین و ئیسرائیل و سووریا. بۆ هەڵسەنگاندنی پەرەسەندن و پێشهاتەکانی ئەم دواییەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە نێویاندا ئاشتەوایی و ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان عەرەبستانی سعودیە و کۆماری ئیسلامیی ئێران و دەرئەنجام و دەرهاویشتەکانی ئەم ڕێککەوتنە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا.**

* وەك ئاشکرایە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکی پڕ لە تەنگژە و ئاڵۆزی و شەڕی ناوخۆیی و دەوڵەتی شکستخواردووە، بەڵام سەرباری ئەو هەموو کێشە و قەیرانانە، بەم دواییە چەند پێشهات و پەرەسەندنێکی ئەرێنی ڕوویان دا، کە ڕەنگە لە ئەنجامدا ببنەهۆی خاوکردنەوەی گرژییەکان و کەمکردنەوەی ناکۆکی و کێشەکان، بۆ نموونە: دەکرێت لەم ڕووەوە ئاماژە بە ئاشتەوایی و ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان عەرەبستانی سعودیە و کۆماری ئیسلامیی ئێران بکەین، دید و تێڕوانینی ئێوە چییە لەم بارەیەوە و ئایا پاڵنەری هەردوولا بۆ هەڵگرتنی ئەم هەنگاوە چییە؟

- لە ڕاستیدا ئەوەی دەکرێت لەم بارەیەوە بگوترێت و ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە کە ئەم دوو وڵاتە (کۆماری ئیسلامیی ئێران و عەرەبستانی سعودیە) بە ڕوونی ئەوەیان بەدی کردووە و بە بەرژەوەندیی خۆیان زانیوە کە پێویستە کار و کۆشش بکەن و هەنگاو بنێن بۆ کەمکردنەوەی مەودا و بواری بارگرژییەکان و، هەوڵدان بۆ ئارامکردنەوە و سەقامگیرکردنی بارودۆخی ناوچەی کەنداو، ئەویش لە ڕوانگەی ئەو ڕاستییەوە، یان لەبەر ئەو گرنگییەی کە ئەم ناوچەیە هەیەتی، لە ڕووی ئەوەی بووەتە ڕێڕەوی گواستنەوەی وزە بۆ جیهان، هەروەها دەبێت لەم ڕووەوە ئاماژە بەوەش بکرێت کە ئەو شەڕە هەڵگیرساوەی لە

**کۆماری ئیسلامیی ئێران و عەرەبستانی سعودیە لە ڕێگەچارەیەک دەگەڕان بۆ خاوکردنەوە و کەمکردنەوەی بارگرژییەکان لە یەمەن**



**بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی هەر دوو وڵاتی عەرەبستانی سعودیە و ئێران بەردەوام دژ و پێک ناکۆک دەبن**

**هەڵکشان و زیادبوونی کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی چین لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی جۆرێک لە نیگەرانی و نارەحەتی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا**


وڵاتی یەمەن لەئارادایە، بووەتە مایەی هەڕەشە و مەترسی لەسەر وشککردنی سەرچاوەکانی وڵاتە هەرێمایەتییەکان، کەواتە لە ڕوانگەی ئەوانەی ئاماژەمان پێ کرد، ئەوا دەتوانین بڵێین کۆماری ئیسلامیی ئێران و عەرەبستانی سعودیە لە ڕێگەچارەیەك دەگەڕان بۆ خاوکردنەوە و کەمکردنەوەی بارگرژییەکان لە یەمەن.

*** بەڵام هەندێ کەس گوزارشت لە گومانی خۆیان دەکەن و پێیان وایە ئێران و سعودیە ناتوانن بە ئاسانی بەسەر مێژووی دوور و درێژی پۆلە ناکۆکیی خۆیاندا زاڵ بن، بۆیە لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەکرێت بڵێین ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەم ڕێککەوتن و ئاسایی بوونەوەی پەیوەندییانە لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا (کە مێژووییەکی دووری کێشە و ناکۆکی و بێ متمانەیی هەیە لە نێوانیاندا) سەرکەوتوو دەبێت و درێژە دەکێشێت؟ ئایا بە تێڕوانینی ئێوە دەبێتە هۆی بەدیهێنانی بەرەوپێشچوونی ڕاستەقینە بۆ کردنەوەی زۆرێك لە گرێ کوێرە و تەنگژەکانی ئەم ناوچەیە، یان ناکرێت ئەم چەشنە چاوەڕوانییەمان لێی هەبێت؟**

- لە ڕاستیدا من بە گومانم لەوەی ئەم ڕێککەوتنە ببێتە هۆی ئەوەی، یان سەربکێشێت بۆ گۆڕانکاری و وەرچەرخانی ڕیشەیی و بنەڕەتی لەم ناوچەیەدا، هەروەها سەرباری ئەوەی کە ئەم ناوچەیە پێویستی بەوەیە کە جۆرێك لە ئارامی و سەقامگیری بە خۆیەوە ببینێت، بەڵام ئەوەش ئاشکرایە کە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی هەر دوو وڵاتی عەرەبستانی سعودیە و ئێران بەردەوام دژ و پێك ناکۆك دەبن.

*** ئاشکرایە کە ڕێککەوتنی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان سعودیە و ئێران ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی هەیە، واتە ئەوەی لەم ڕووەوە جێی سەرنجە لەم ڕێککەوتنەدا، ئەوەیە کە وڵاتی چین (وەك هێزێکی هەڵکشاوی جیهانی) ناوبژیوانی کردووە و توانیویەتی ئەم دوو وڵاتە لێك نزیك بکاتەوە و بیانگەیەنێتە حاڵەتی ئاشتەوایی و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چەند ئەمە ئاماژەیە بە هەڵکشانی کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی چین و، تا چەند ئەمە بووەتە هۆی نارەحەتکردن و نیگەرانکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا؟**

- من لێرەدا دەمەوێت سەرنجتان بۆ ئەوە ڕابکێشم کە هەڵوێستی فەرمیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێشوازیکردن بوو لە گەیشتن بەو ڕێککەوتنە، ئەم هەڵوێستەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە خودی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش لە خەم و نیگەرانیدایە و لەگەڵ تێکچوونی بارودۆخە ئەمنییەکەدا



نییە، سەرباری ئەوەش نابێت ئەوە لە یاد بکرێت یان نابێت ئەوە نادیدە بگرین کە هەڵکشان و زیادبوونی کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی چین لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی جۆرێك لە نیگەرانی و نارەحەتی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

*** باشە ئەگەر ئەمە هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بێت، واتە پێشوازیکردن بێت لەم ئاشتەوایی و ڕێککەوتنە، ئایا ناکرێت بڵێین کە خودی نزیکبوونەوەی عەرەبستانی سعودیە و کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ناوبژیوانیی وڵاتی چین، گومان لەسەر پەیوەندییە ستراتیژییەکانی نێوان عەرەبستانی سعودیە و ئەمریکا دروست ناکات؟ ئایا ئێوە چۆن لە ئاقار و ئاراستەی ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە دەڕوانن؟**

- بە تێڕوانینی من ئەم ڕێککەوتنەی نێوان ئێران و سعودیە نەبووەتە مایەی تەحەددی و گرفتی دروست نەکردووە بۆ پەیوەندییە دوور و درێژەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و عەرەبستانی سعودیە، لەم بارەیەوە و بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم گریمانەیە، دەکرێت باس لەوە بکەین کە یەکێك لە ئاماژەکان (واتە ئاماژەی بەردەوامبوونی پەیوەندییە ستراتیژییەکانی نێوان ئەمریکا و سعودیە) ئەوەیە کە سەرلەنوێ ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی جۆ بایدن لە هەوڵ و کۆششدایە بۆ برەودان بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و عەرەبستانی سعودیە، کە دەکرێت بڵێین، ئەمەش خۆی لە خۆیدا پرۆسەیەکە کە ئەگەر سەرکەوتوو بێت، ئەوا لە ئەنجامدا سەردەکێشێت بۆ قووڵکردنەوەی پەیوەندییە دوولایەنەکانی نێوان ئەمریکا و سعودیە.

**ئەم ڕێککەوتنەی نێوان ئێران و سعودیە نەبووەتە مایەی تەحەددی و گرفتی دروست نەکردووە بۆ پەیوەندییە دوور و درێژەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و عەرەبستانی سعودیە**

**سەرلەنوێ ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی جۆ بایدن لە هەوڵ و کۆششدایە بۆ برەودان بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و عەرەبستانی سعودیە**

*** لە پەیوەندی بە کێشە و ناکۆکیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینەوە، کە کێشەیەکی درێژخایەن و خوێناوی بووە، لێرەدا دەمانەوێت پرسیاری ئەوە بکەین، بۆچی ئەم کێشەیە هێندە سەخت و ئاڵۆزە و بۆچی هەمیشە پرۆسەی ئاشتی ڕووبەڕووی ئاستەنگ و کۆسپی گەورە دەبێتەوە، کە ڕێگری دەکات لەوەی ئەم پرۆسەیە بگاتە چارەسەرێکی درێژخایەن؟**

- لە ڕاستیدا من پێم وایە ئەم پرسیارە زۆر ئاڵۆزترە لەوەی کە من بتوانم لە چاوپێکەوتنێکی کورتدا باس لە وردەکارییەکانی بکەم و وەڵامی تێروسەل بدەمەوە، بەڵام هەرچۆنێك بێت، لەم ڕووەوە و بۆ تێگەیشتنی باشتر لەبارەی ئەوەی بۆچی ئەم کێشە و ناکۆکییە هێندە درێژخایەنە، دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ کتێبەکەم بە ناوی «The Peace Puzzle».

مایکڵ بارنێت پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و کاروباری نێودەوڵەتیی لە سکووڵی ئیلیۆت لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و حوکمڕانیی جیهانی و چەند پرسێکی پەیوەندیدار دەدات. پێشتر وانەبێژ بووە لە زانکۆکانی مینێسۆتا، ویسکۆنسن و تەل ئەبیب. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پەیوەست بوون بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و پەرەسەندن و پێشهاتەکانی ئەم شەڕە و ڕەهەند و دەرهاویشتە جیهانی و نێودەوڵەتییەکانی.

### پرۆفیسۆر مایکڵ بارنێت بۆ گوڵان:

# دەسەڵات و حوکمڕانیی پوتین بەندە بە چارەنووسی شەڕەکەوە

## دیمانەی تایبەت



*** چۆن لە درێژەکێشان و پەرەسەندنی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا دەڕوانن، و ئایا بە تێڕوانینی ئێوە بۆچی ڕووسیا هێندە پێداگرە لەسەر بەردەوامیدان بەم شەڕە، سەرباری ئەو زیان و شکستە سەربازییانەی بەسەریدا هاتووە و سەرەڕای ئەوەی کە ئومێدێکی ڕاستەقینە نییە کە براوەی شەڕەکە بێت؟**

- من پێم وانییە سەرۆکی ڕووسیا (ڤلادمیر پوتین) هیچ بژاردەیەکی دیکەی لە بەردەمدا بێت، جگە لە پێداگری لەسەر درێژەپێدان و بەردەوامیدان بە شەڕەکە، چونکە ئاشکرایە کە پوتین تەواوی ناوبانگی خۆی و چارەنووسی ڕژێم و حوکمڕانییەکەیی گرێ داوەتەوە بە دەرئەنجام و ئاکامی ئەم شەڕەوە، کە لە سەرەتادا پێی وابوو، زۆر ئاسان دەبێت و سەرکەوتنی تێدا بەدەست دەهێنێت، کە ڕوونە پەرەسەندنەکانی شەڕەکە پێچەوانەی ئەمەیان خستەڕوو، کەواتە ئەگەر ئێستا پوتین ئاڵای سپی بەرز بکاتەوە، ئەمە وەك خۆکوشتنێك وا دەبێت، مەبەستم ئەوەیە پێم وانییە لە ئێستادا سەرۆك پوتین بیر لەوە بکاتەوە کە بێت و ڕایبگەیەنێت کە نەیتوانیوە هیچ یەکێك لەو ئامانجانەی شەڕەکە بەدەست بهێنێت کە ڕایگەیاندوون، چونکە ئەمە کێشە و پشێوییەکی زۆر بۆ خۆی و ڕژێمەکەی دروست دەکات. هەروەها پێم وانییە هەلومەرجەکەش بە ڕاددەیەکی زۆر بگۆڕێت و ببێتە هۆی هێنانەئارای هیچ ئاڵوگۆڕێك لە هیچ شتێکدا.

*** ئەی پێتان وایە کاردانەوە و پەرچەکرداری خەڵکی ڕووسیا چی دەبێت، ئەگەر وڵاتەکەیان بە تەواوەی لە شەڕەکەدا بدۆڕێت و تووشی شکستی یەکجارەکی ببێت؟**

**پێم وانییە لە ئێستادا سەرۆک پوتین بیر لەوە بکاتەوە کە بێت و ڕایبگەیەنێت کە نەیتوانیوە هیچ یەکێک لەو ئامانجانەی شەڕەکە بەدەست بهێنێت کە ڕایگەیاندوون**

**ئەوە ڕاستە کە چین چەک و هاوکاری بۆ ڕووسیا دەستەبەر ناکات بەو شێوەیەی ئەمریکا بۆ ئۆکرانیای دابین دەکات، بەڵام پەیوەندییەکانی چین و ڕووسیا لە ماوەی ١٨ مانگی ڕابردودا توندوتۆڵتر بوونەتەوە**

**سەرجەم وڵاتانی جیهان سیستمێکیان دەوێت کە لەسەر بنەمای ڕێساکان بنیاد نرابێت، چونکە ئەگەر ئەم ڕێسایانە نەبن، ئەوا ئەم جیهانە بۆ هەمووان ڕەها دەبێت**

- من پێم وایە ئەمە بەندە بەوەی مەبەستمان چییە کاتێك باسی دۆڕاندنی شەڕەکە، یان بردنەوەی شەڕەکە دەکەین، دواتر دەبێت ئەوەمان لە بەرچاو بێت کە بەرپرسە حکومییەکان زۆر وریایانە ئامانجەکانی شەڕەکە و ڕاددەی بەدەستهێنانیان دەخەنەڕوو و ئاماژەیان پێ دەکەن، بۆ نموونە ئەگەر پرسیاری ئەوە بکەین، ئایا ئامانجی سەرۆك ڤلادمیر پوتین ئەوە بوو کە تەواوی خاکی ئۆکرانیا داگیر بکات؟ ئەوا ڕەنگە بڵێین لە سەرەتادا ئەمە ئامانجەکە بوو، بەڵام دوای چەند مانگێك لە شەڕەکە کاتێك پەرەسەندنەکان دژ بە خواست و چاوەڕوانییەکانی ئەو بوون، ئەوا چیتر ئەمە (داگیرکردنی تەواوی خاکی ئۆکرانیا) وەك ئامانجێکی شەڕەکە نەمایەوە، کە لە وانەیە لە ئێستادا گۆڕدرابێت بۆ ئەوەی درێژە بە کۆنترۆڵکردنی ئەو خاکانەی ئۆکرانیا بدەن کە دەستیان بەسەردا گرتووە، کە زۆرێك لە دانیشتووانەکەیان ڕووسی زمانن، یان ئامانجەکە ئەوە بێت کە ڕێگە نەدرێت، ئۆکرانیا ببێتە بەشێك لە ڕۆژئاوا، یان ئەم وڵاتە ببێتە ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا، یان ناتۆ، کەواتە زۆرێك لەم پرسە بەندە بەوەی چۆن باس لە ئامانجەکانی شەڕەکە دەکەن، لەسەر ئەو بنەمایە دەتوانین ئەوە یەکلا بکەینەوە، ئایا براوە بوون لە شەڕەکەدا، یان نا. هەرچۆنێك بێت، ئەوە شتێکی ئاساییە کە لایەنەکانی شەڕەکە ئامانجەکانی خۆیان لە شەڕەکەدا بگۆڕن و بە گوێرەی ئەوەش بە خەڵکی خۆیان بڵێن کە براوە بوون، ئەمە شتێکی نائاسایی نییە کە ڕوو بدات لە بارودۆخی شەڕەکاندا.

*** ئاشکرایە کە ئەم شەڕە تەنیا ململانێ و ناکۆکییەکی سەربازی نییە لە نێوان دوو وڵاتدا، بەڵکو ڕەهەند و لێکەوتەی نێودەوڵەتیشی هەیە، ئەوەتا وڵاتانی ڕۆژئاوا و لەسەرووی هەموویانەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوکاریی سەربازیی بەرچاو بۆ ئۆکرانیا دەستەبەر دەکەن، ئایا تا چەند دروستە بڵێین ئەم شەڕە دەچێتە چوارچێوەی ململانێی هێزە مەزنە جیهانییەکانەوە؟**

- ئەوە ڕاستە کە ئەم بارودۆخەکە بەو شێوەیە، یان وا خراوەتە ڕوو، وەك ئەوەی کە ململانێی هێزە مەزنەکانی جیهان بێت، یان بەو شێوەیە لێك دراوەتەوە، کە دەرهاویشتەی نێودەوڵەتیی هەبووبێت، چونکە ئەگەر ئێمە لە مشتومڕەکانی نێو حزبی کۆماریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ دەستنیشانکردنی کاندیدیان بۆ هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکە ورد ببینەوە، ئەوا هەندێکیان ئاماژە بەوە دەکەن، کە دەبێت ئەمریکا بەردەوام بێت لە هاوکاریکردنی ئۆکرانیا، لەبەر ئەوەی ئەگەر ڕووسیا براوە بێت، ئەوا ئەمە دەبێتە دۆڕانێکی گەورە بۆ ڕۆژئاوا، هەروەها دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پێگە و ناوبانگی ڕووسیا، کەواتە بەلای ئەم کەسانەوە دۆڕانی ئۆکرانیا دۆڕان دەبێت بۆ ئەمریکاش، لە ڕاستیدا دەبێت، ئەم پرسەش لەبەرچاو بگیرێت لە میانەی هەر چارەسەرێکدا کە بۆ شەڕەکە بێتە ئاراوە، واتە دەبێت تاوتوێی پرسی بەرژەوەندیی هێزە دەرەکییەکانیش بکرێت.

*** نکۆڵی لەوە ناکرێت کە لە ئێستادا چین هێزێکی مەزنە لەسەر شانۆی جیهان و کاریگەری و دەستڕۆیشتوویەکی زۆری هەیە، ئایا چۆن لە هەڵوێستی چین لە ئاست شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا دەڕوانن و پێتان وایە ئەو دۆخەی بە هۆی ئەم شەڕەوە هاتووەتە ئاراوە لە بەرژەوەندیی چین بێت؟**

- سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە چین بێلایەن نەبووە لە ئاست ئەم شەڕەدا، هەروەك چۆن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش بێلایەن نییە لەم شەڕەدا، هەرچەندە ئەوە ڕاستە کە چین چەك و هاوکاری بۆ ڕووسیا دەستەبەر ناکات بەو شێوەیەی ئەمریکا بۆ ئۆکرانیای دابین دەکات، بەڵام پەیوەندییەکانی چین و ڕووسیا لە ماوەی ١٨ مانگی ڕابردودا توندوتۆڵتر بوونەتەوە، کەواتە لەم ڕووەوە دتوانین بڵێین کە ئەم شەڕە بووەتە هۆی ئەوەی ئەم دوو هێزە جیهانییە (ڕووسیا و چین) پتر لێك نزیك ببنەوە، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێ کرد، چین هێندەی ئەمریکا لەم شەڕەوە تێوە نەگلاوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت پرسیاری ئەوە بکەین، ئەگەر شەڕەکە بە چەشنێك پەرەی سەند کە لە بەرژەوەندیی ڕووسیادا نەبوو، ئایا چین چەك و هاوکاریی زیاتر بۆ ڕووسیا دەستەبەر



دەکات؟ بەڵام ئێمە دەزانین چین وڵاتێکە دەزانێت تا چ سنوورێك هەنگاو هەڵبگرێت.

*** وەك کەسێکی شارەزا و تایبەتمەندی بواری کاروبارە نێودەوڵەتییەکان، ئایا تا چەند ئەم شەڕە بووەتە هۆی گۆڕینی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ئایا دەکرێت بڵێین ئەم شەڕە بزمارێکی دیکە بوو لە تابووتی ئەوە درا کە پێی دەگوترێت سیستمی نێودەوڵەتی، یان سیستمی بنیادنراو لەسەر ڕێساکان؟**

- لە ڕاستیدا ڕەنگە چەمکی سیستمی نێودەوڵەتییش یەکێك بێت لەو چەمکە تەمومژاوییانەی کە پەیوەستە بەوەی لە چ ڕوانگەیەوە پێناسە دەکرێت و لێی دەڕوانرێت، بۆ نموونە دەکرێت لەم ڕووەوە ئاماژە بەوە بکەیت، کە سەرجەم وڵاتانی جیهان سیستمێکیان دەوێت کە لەسەر بنەمای ڕێساکان بنیاد نرابێت، چونکە ئەگەر ئەم ڕێسایانە نەبن، ئەوا ئەم جیهانە بۆ هەمووان ڕەها دەبێت، کەواتە دەوڵەتان خوازیاری ئەوەن کە ڕێسا هەبێت و لەسەر بنەمای کۆدەنگی داڕێژرابێت، ئەگەرچی هەمیشە کۆدەنگییان لەسەر نابێت. هەر چۆنێك بێت، ئەوەی پەیوەندی بە شەڕەکەوە هەبێت، ئەوا ڕووسیا پێشێلکاریی ئەم ڕێسایانەی کردووە لە ڕووی چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەم شەڕەوە، بەڵام پێم وایە هەمیشە ڕێگەیەك هەیە بۆ گەڕانەوە بۆ سیستمە جیهانییەکە، چونکە من لە یادمە لە سەروەختی داگیرکاری عێراق لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە لە ساڵی ٢٠٠٣، زۆرێك لە شرۆڤەکارانی ڕۆژئاوا ئاماژەیان بەوە دەکرد، کە ئەوەی ڕوو دەدات مایەی کۆتاییهاتنی سیستمی جیهانی بنیادنراوە لەسەر ڕێساکان، چونکە لەو کاتەدا کۆدەنگییەکە ئەوە بوو، کە ئەمە پێشێلکاریی یاسای نێودەوڵەتییە، کە لەلایەن ئەمریکاوە ئەنجام دراوە و کاتێکیش وڵاتێکی مەزنی وەك ئەمریکا ئەم کارە دەکات، ئەوا ئەمە بە واتای کۆتاییهاتنی سیستمەکە دێت، کە پێم وایە ئەو بۆچوونانە تێڕوانینی پێشوەختە بوون، هەرچەندە کەس خوازیاری ئەوە نییە کە جارێکی دیکە ئەمریکا لە کارێکی لەم چەشنەوە تێوەبگلێتەوە، بەڵام لەو کاتەشدا پێم وایە زۆرێك لە وڵاتان پێکەوە هاوکار دەبن بۆ ئەوەی دووبارە سیستمێکی بنیادنراو لەسەر ڕێساکان بسەپێننەوە، کە ئەمەش ئەوەیە کە لە ئێستادا ڕوو دەدات، هەرچەندە مشتومڕێکی زۆر هەیە، کە ئایا ئەو سیستمە سیستمێکی لیبراڵی بێت، یان سیستمێکی چینی بێت، لەبەر ئەوە پێم وانییە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا ببێتە هۆی ئەوەی بە شێوەیەکی ڕیشەیی گۆڕانکاری بەسەر ئاڕاستەی ئەم مشتومڕەدا بهێنێت.

**پێم وایە زۆرێک لە وڵاتان پێکەوە هاوکار دەبن بۆ ئەوەی دووبارە سیستمێکی بنیادنراو لەسەر ڕێساکان بسەپێننەوە**


# لە ڕۆژی نێودەوڵەتیی ئاشتیدا: ژینگە وەک نەوایەک بۆ ئاشتی

ئەمساڵ جیهان بە دروشمی «کارکردن لەپێناو ئاشتی، هیوامانە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە جیهانییەکان» بۆنەی ڕۆژی نێودەوڵەتیی ئاشتی بەرز ڕادەگرێت، کە ساڵانە لە ٢١ی ئەیلوول (سێپتەمبەر)دا یادی دەکرێتەوە، بە مەبەستی بەهێزکردنی ئاگربەست و بڵاوکردنەوەی کەلتووری ئاشتی و هزری ناتوندوتیژی، بەتایبەت لە ئەمڕۆدا کە وێڕای هەموو مەترسییەکان، مەترسیی گۆڕانی کەشوهەوا و پیسبوونی ژینگەش هەڕەشە لە ئاشتی دەکات.

جا لەبەر ئەوەی ژینگە بەگشتی لە سایەی ئاشتیدا پارێزراو دەبێت و لە سێبەری شەڕ و جەنگیشدا وێران دەبێت، بۆیە لە تەواوی جیهاندا ئەوانەی دۆستی ژینگەن لە هەمان کاتدا دۆستی ئاشتین.

ژینگە کە لە پێش بوونی مرۆڤەوە هەبووە، واتە ژینگە وەك ماڵ بۆ مرۆڤ ئامادە کراوە. ژینگە بە پێکهێنەرە سەرنجڕاکێشەکانی هەمیشە بووەتە ئیلهامبەخشی مرۆڤ بۆ گەڕان بە دوای ژینگە و ژیانی نەمریدا، بۆیە مرۆڤ دوای بەسەربردنی هەزارەها ساڵ لەم ژینگەیەدا، زۆر درەنگ گەیشتە ئەو ڕاستییەی کە پێویستە تەبا و هاوژین بێت لەگەڵ سرووشت و ژینگەدا، نەك دژایەتی بکات، بۆیە درەنگ بۆی دەرکەوت کە شتێك نییە بە نێوی تووڕەیی و شێتی و تۆڵەی سرووشتەوە، بەڵکو پیسبوونی ژینگە دەرئەنجامی ڕەفتارخراپیی مرۆڤ خۆیەتی، بۆیە هەر درەنگیش زانیی کە ئاوەدانکردنەوەی زەوی و پاکڕاگرتنی جۆرێکی بڵندی خوداپەرستییە و پیسکردنی زەوی و ژینگەش لە لیستی گوناە و خراپەکاندایە، چونکە ژینگەی پاك و جوان سوپاسگوزاریی خودامان لەسەر دەکات بە ئەرك و لێپرساوێتی، کاتێك زیادەڕەویی و ئیسراف هاوسەنگیی ژینگە تێك دەدەن، هەر ئەو کاتیش ژینگەی خاوێن بەهەشتی دونیایە و ژینگەی پیسکراویش دۆزەخ.

بۆیە دەبێت بزانین کە خودا ژینگەی بە ئەمانەت داوەتە دەستمان، نەك وەك موڵکی خۆمان، هەروەها ئێمە ژینگەمان لە باوانمانەوە بۆ ماوەتەوە، بەشێکیشمان لەو دەرامەتە



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵانی نووسیوە

ژینگەییانە لە نەوەکانمان قەرز کردووە، هەروەها ئێمە میوانین لەم ژینگەیەدا و میوانیش نابێت دەستکاریی خراپی ماڵی خاوەن ماڵ بکات.

پێویستە بزانین کە خودا زیاد لە ژمارەی مرۆڤەکان دەرامەتی پێداوین، بەڵام ئەوە مرۆڤەکانن کە لە یەکدی قەدەغە دەکەن.

خودا بە قەدەر پێویستییمان دەرامەتی پێداوین، نەك بەقەدەر چاوچنۆکیمان، مرۆڤ بە دەستکاریکردنی بڕی نیعمەتەکانی خودا جۆری نیعمەتەکانی خودا خراپ دەکات، بۆیە دەبێت بزانین کە ئەم ژینگەیە تا مردن تەنیا ماڵمانە و پەرستگەکانیشمان هەر لەم ژینگەیەدان.

هەر بۆیەش یاسادانەران دەڵێن و دەستووری وڵاتانیش دەنووسن «ژیان لە ژینگەیەکی سەلامەت و بێ زیاندا، مافێکی دەستووریی هەر مرۆڤێکە لە هەر وڵاتێکدا»، بۆیە ئێمەی مرۆڤ پێویستە بزانین کە یەك هەسارە و یەك ژینگە و یەك ماڵی گەورەی هاوبەشمان هەیە و، پیسکردنی ژینگەی ئەوانی دیکەش پیسکردنی ژینگەی خۆمانە، چونکە وەك لە شەڕدا مووشەکی کیشوەربڕ هەیە، لە ئاشتیشدا پیسبوونی ژینگە کێشەیەکی کیشوەربڕە.

هەروەها کە لە یەك ژینگەدا هەوا و ئاوی هاوبەشمان هەیە، هەموو دۆستین و کەس دوژمنی کەس نییە. بۆیە هەر تەنیا ئاشتی پارێزەری ژینگەیە و جەنگ و شەڕیش دوژمنی ژینگە و پێکهاتەکانیەتی.

لە کۆتاییشدا دەبێت ئەو ڕاستییە بزانرێت کە تەنیا پەرەپێدانی بەردەوام و پاراستنی ژینگەیە کە دەبێتە هۆی زامنی ئایندەیەکی گەش بۆ مرۆڤایەتی. لە ڕووی ئابوورییشەوە بەهێزکردنی چینی ناوەند لە کۆمەڵگەدا و نەهێشتنی جیاوازیی چینایەتی و هەژاری بەرقەرارکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتییە، کە پرسی ژینگەپارێزی دەکاتە خەمێکی گشتی.

لە دواجاریشدا چونکە ژینگە موڵکی ئێمە و نەوەکانی ئایندە و داهاتووشە، پێویستە بە خاوێنی ڕادەستیان بکەین، بۆ ئەمەش پێویستە لایەك و دەروازەیەك بکەینەوە بەرەو بەکارهێنانی سەرچاوەکانی وزەی خاوێن و نوێبووەوە، کە سەرچاوەیەکی هەمیشەیین و هی هەموومانە و بەشی هەمووشمان دەکات.

### شۆخان کویخا حسێن شوانی:

# هەمیشە ئامانجم بووە خزمەت بە خاک و نیشتمان و نەتەوەکەی خۆم بکەم



شۆخان کۆیخا حسێن شوانی، لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بەربژێرە و بەمجۆرە باسی بەرنامەی کاری خۆی لە ئەگەری سەرکەوتنی دەکات:

«هەر لە سەرەتای گەنجێتیمەوە ئامانجم بووە، وەکو هەر تاکێکی کورد و کەرکووکی خزمەت بە خاك و نیشتمان و نەتەوەکەی خۆم بکەم، کوردبوون ئاسان نەبووە و نییە، بەتایبەت لە شارەکەی مندا (کەرکووك)، چونکە لە هەموو ڕوویەکەوە لە نێوان نەتەوەکانی کەرکووك جیاوازییەکی زۆر بەدی دەکرێت، لەلایەن دەسەڵاتدارانی بە زۆر سەپێندراو بە سەر ئەم شارەدا، بەتایبەتی لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە، هەر ئەمەش بوو بە هۆکار بۆ خۆبەربژێرکردنم بۆ ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك، بە ئامانجی ئەوەی بتوانم، بە شێوەیەکی مەیدانی هەوڵ بدەم بۆ نەهێشتنی ئەو جیاوازییە نارەوایە لە نێوان نەتەوەکانی شاری کەرکووکی دڵی کوردستان، جیاوازییەکانیش زۆرن، بۆ نموونە :

١- جیاوازیی زمان، دەبێت کارێکی وا بکەین، زمانی کوردییش لە دامودەزگاکان بە شێوەیەکی یاسایی و دەستووری وەکو زمانی دووەمی عێراق کاری پێ بکرێت.

٢- جیاوازیی خزمەتگوزاری، کە خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوەی گەڕەکە عەرەب نشینەکان و پشتگوێ خستنی گەڕەکە کوردنشینەکان شتێکی زۆر بەرچاون.

٣- گەڕاندنەوەی زەوی و زاری جووتیارانی کورد، کە لەلایەن عەرەبە شۆڤێنییەکانەوە داگیر کراون و، گەڕانەوەیان بۆ خاوەنە ڕەسەنەکانی خۆیان و بەکارخستنەوەی ماددەی ١٤٠ و وەرگرتنی قەرەبوو بۆ زیانلێکەوتووانی ئەو ماددەیە.

٤- جیاوازی لە ڕووی دامەزراندن، جیاوازییەکی زۆر و بە ڕێژەیەکی بەرچاو دەکرێت لە نێوان دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکانی نەتەوەکان و پشکی کورد لەچاو نەتەوەکانی دیکە بۆ دامەزراندن، زۆر بە کەمی دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەو جیاوازییە گەنجانی نیگەران کردووە، هۆکاری ئەم جیاوازییە

**بڕیارە لە ١٨ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق بەڕێوەبچێت و، لە دوای ١٨ ساڵ هەمان هەڵبژاردن لە کەرکووك بکرێت. لەوەتەی عێراقی فیدراڵی دامەزراوە، لە کەرکووك تەنیا یەك جار هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك بەڕێوەچووە، ئەویش لە ساڵی ٢٠٠٥ بوو، کە تێیدا کورد زۆرینەی کورسییەکانی مسۆگەر کرد و، بۆ یەکەم جار بە شێوەیەکی یاسایی ئیدارەی پارێزگاکەی بە دەستەوە گرت.**
**بۆ ئەمجارە کورد لە کەرکووك بە فرەلیست بەشدار دەبن، هاوکات لە ناو بەربژێرەکاندا ژمارەیەکی باش لە خانمانی بەتوانا خۆیان کاندید دەکەن و، لە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان ٩ ئافرەتی بەتوانا و پڕئەزموون بۆ پۆستی ئەنجومەنی پارێزگاکان کاندیدن. شۆخان کوێخا حسێن شوانی، لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بەربژێرە و خانمێکی بە هەڵوێست و داکۆکیکارێکی سەرسەختی خەڵکی سڤیلی شاری کەرکووك بووە، هاوکات پاڵپشت و خەمخۆری خانمان و کچانی شارەکەیەتی. لەم دیمانەیەدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باسی بەرنامەکانی کاری خۆی دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

نەتەوایەتییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەسەڵاتە بە زۆر سەپێندراوەی ئێستای کەرکووك، کە زۆر پێویستە هەوڵی چارەسەرکردنی بدەین.
شۆخان کوێخا حسێن شوانی، سەبارەت بە ئافرەتان پلاتفۆرمی خۆی هەیە و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «بۆ داهاتووی خانمانی کەرکووك پلانم هەیە، وەکو ئێستاش کە خۆم پارێزەری مافی ئافرەت و خانمانی کەرکووکم، داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافەکانی خانمان بووم و دەبم لە هەموو ڕوویەکەوە، چونکە ئافرەت گەورەترین سەرچاوەیە بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی وشیار و تەندروست بەتایبەت لەشاری کەرکووکدا. دەتوانم بڵێم ئافرەتان بەتواناترین چینی کۆمەڵگەن و لەگەڵ ئەو هەموو نەهامەتییەی لەم شارەدا هەیە، گەورەترین ئەرك و ماندووبوونیان لەسەرە، هەر بۆیە پێویستە و مافی خۆیانە هاوکاری بکرێن. من بە پێویستی دەزانم لە کەرکووك چەندین سەنتری ڕۆشنبیری و پیشەیی بۆ بەهرەمەندکردنی خانمان بکرێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانرێت لە ڕێگەی خولەکان و دیالۆگەوە ئافرەتی سەرکردە و خاوەنکار پێ بگەیەندرێن، تاکو ئافرەتانی دیکەش لەسەر دەستی ئەوان پێبگەن. هەروەها زۆر پێویستە گرنگی بە ئافرەتان بەگشتی و ئافرەتانیماڵەوە بەتایبەتی بدەین و، لە نزیکەوە گوێ بۆ کێشەکانیان بگرین، بۆ ئەوەی بتوانین چارەسەری بکەین. دەبێت بەرنامەمان بۆ دابینکردنی شوێنی تایبەت بۆ ئەو ئافرەتانە هەبێت، کە تووشی کێشەی کۆمەڵایەتی دەبنەوە، کردنەوەی شەڵتەر و خانەی بەساڵاچووانی ئافرەتان و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان بەپێی یاسا و مافی مرۆڤ دەبێت لە ئەولەوییەتی کارەکانمان بۆ ئافرەتان بن».

**جیاوازییەکی زۆر و بە ڕێژەیەکی بەرچاو دەکرێت لە نێوان دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکانی نەتەوەکان و پشکی کورد لەچاو نەتەوەکانی دیکە بۆ دامەزراندن**

ئەو بەربژێرە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە کۆتایی وتەکانیدا جارێکی دی داکۆکیی لە ئافرەتان دەکات و دەڵێت: «پاراستن و دانانی لێکۆڵەری ئافرەت لە بواری تایبەت بە کەیسی دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەت بە هەموو شێوەیەك پێویستە و هەروەها دەبێت هەوڵ بدەین، خولی سەربازی و پاسەوانی بۆ ئافرەتان بکرێتەوە، بەتایبەتی بۆ گرتووخانەکانی تایبەت بە ئافرەتان و نەوجەوانان. هاوکات لە بەرنامەی کارمدایە گرنگییی زۆر بە خولی فێرخوازیی گەوران بدەین، بۆ ئەو ئافرەتانەی کە دابڕاون لە خوێندن و هەوڵ بدەین بۆ دووبارە گەڕانەوەیان بۆ خوێندن و ببنە خاوەن بڕوانامەی خۆیان، هەروەها ڕەخساندنی هەلی کار بۆ ئافرەتانی بێ بڕوانامە کە بتوانن لە کارگە و شوێنی شیاو کار بکەن، بۆ ئەوەی ببن بە خاوەن داهاتی خۆیان، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بایەخی زۆر بە لایەنی بازرگانیی ئافرەتان هاوکاریکردنیان لەو ڕووەوە بدەین. ئەم بابەتانە و چەندین پرسی دیکە لە بەرنامەی کارمدان و دەبێت بە ئامانجمان بۆ چوونە ئەنجومەنی پارێزگا تا بتوانین بە شێوەیەکی مەیدانی کاری بۆ بکەین و بیخەینە بواری جێبەجێکردنەوە بە پشتیوانی خودای گەورە

**پاراستن و دانانی لێکۆڵەری ئافرەت لە بواری تایبەت بە کەیسی دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەت بە هەموو شێوەیەک پێویستە**



## تاڤگە عومەر ڕەشید بۆ گوڵان:

# گرنگترین میکانیزمەکانی چارەسەری ئالوودەبووان، بوونی سەنتەرێکی شیاندنەوەی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و دەروونییە

**لەناو بەڕێوەبەرایەتیی چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان، کەیسی ماددەی هۆشبەر هەم لە حوکمدراو و هەم لە ڕاگیراویشدا ڕێژەیەکی بەرز هەیە. لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان بە گوێرەی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٢٠ هەوڵی پێویست دراوە، بۆ کردنەوەی سەنتەرێکی شیاندنەوە بۆ بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر.**
**تاڤگە عومەر ڕەشید بەڕێوەبەری گشتیی یاسا و مافی مرۆڤ لە دەستەی سەربەخۆیی مافی مرۆڤ، هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لەسەر(ئاراستە سەردەمییەکانی بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی مادده هۆشبەرەکان)، لە دیدارێکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، دامەزراندنی ناوەندێکی شیاندنەوە بۆ ئالوودەبووانی ماددەی هۆشبەر بەرز دەنرخێنێت و باس لە ڕێکارەکانی بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

تاڤگە عومەر ڕەشید بەڕێوەبەری گشتیی یاسا و مافی مرۆڤ لە دەستەی سەربەخۆیی مافی مرۆڤ، ڕای وایە: «گرنگترین میکانیزمەکانی چارەسەری ئالوودەبووان بە ماددەی هۆشبەر و کارتێکەرە دەرونییەکانی، بوونی سەنتەرێکی شیاندنەوەی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و دەروونییە لە پێناو گەڕاندنەوەیان بۆ ژیانی ئاسایی لەناو کۆمەڵگە، لەبری جێبەجێکردنی سزای سەپێندراو بە گوێرەی یاسا». هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «فەلسەفەی جێبەجێکردنی ئەم میکانیزمە بریتییە لەوەی ڕاستە کە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر تاوانە و پێویستە سزایەکی توندی لەسەر بێت، بەڵام لەلایەکی دیکەوە پێویستە بە شێوەیەك مامەڵە لەگەڵ بەکارهێنەر بکەین، کە قوربانیی تەنگژە دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانە و دەتوانرێت پەنا ببرێتە بەر چارەسەرکردن و چاکسازیکردن و دووبارە شیاندنەوەی بۆ ناو کۆمەڵگە و ژیانی سرووشتی خۆی و لکاندنەوەی بە خێزانەکەیەوە».

وەك باسی کرد، لە هەرێمی کوردستان بە گوێرەی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٢٠ هەوڵی پێویست دراوە بۆ کردنەوەی سەنتەرێکی شیاندنەوە بۆ بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر، کە ئەمە بە هەنگاوێگی گرنگ بۆ جێبەجێکردنی یاساکە دادەنرێت و هەروەها کەم کردنەوەی فشارە لەسەر دامەزراوەکانی چاکسازیی کۆمەڵایەتی. بنەمای گشتی بۆ سزادانی بەکاربەری ماددەی هۆشبەر، ئەوەیە ڕەچاوی ماوەی سزای یاسایی پێویست بکرێت و، نابێت لە هەموو حاڵەتێکدا ماوەی مانەوەی لەناو سەنتەری شیاندنەوە لە ماوەی حوکمدانی زیاتر بێت».

بەڕێوەبەری گشتیی یاسا و مافی مرۆڤ، ئاماژە بەوە دەکات کە «ئەو ئاراستەیەی کە یاسادانەری عێراقی گرتوویەتە بەر، دوای ڕەتکردنەوەی یاسای ژمارە ٦٨ ی ساڵی ١٩٦٥ لە یاسای نوێ ژمارە ٥٠ ی ساڵی ٢٠١٧ بریتییە لە لکاندنی بنەمای سزایی و بنەمای چارەسەری و خۆپارێزی لە خووپێوەگرتن و چارەسەری بەکارهێنەران، ئەم ئاراستەیەش لەگەڵ ناوەڕۆکی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتی و هەرێمیەکان یەك دەگرێتەوە، کە تایبەتە بە چارەسەرکردن لەبری سەپاندنی سزا، بە مەرجێك کە سزادراو بە دانانی لە شوێنی شیاندنەوە ڕەزامەند بێت.

بە گوێرەی یاسا نوێیەکە دەبینین کە یاسادانەر جیاکاری نەکردووە لەوەی کە کەسی بەکارهێنەر، ئایا بە چ هۆکارێك تووشی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر بووە؟ ئایا دەرەنجامی تووشبوونی بە نەخۆشییەك بووە، کە پێویست بووە ئەم ماددەیانە بەکاربهێنێت، یان بە ڕەزامەندیی خۆی بەکاری هێناوە؟ کە ئەمەش دەرچەیەکی یاسایی زۆر باشە بۆ ئەوەی کە هەموو بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر و کارتێکەرە دەروونییەکان سوودمەند بن، لە ڕێکارەکانی چارەسەری کە یاسادانەری کوردستانیش هەمان بنەمای پەیڕەو کردووە، کە ئەمەش زۆر گونجاوە لەگەڵ بنەما نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر.

لە لایەکی دیکەشەوە چارەسەرکردنی بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر، جگە لە سوودمەندبوونی ئالوودەبووان و خێزانەکانیان، ڕێگەچارەیەکی یاسایی گونجاوە بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی تاوانباران لەناو چاکسازییە کۆمەڵایەتییەکاندا و هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی کە قەرەباڵغی و زۆریی ژمارەی سزادراوان کەم بکرێتەوە و، سیستمی چاکسازی بە شێوازێکی گونجاو لەسەر سزادراوانی دیکە پیادە بکرێت. سەنتەرەکانی شیاندنەوە پێویستی بە بوونی ژمارەیەکی زۆری فەرمانبەری پاسەوان و هێزە ئەمنییەکان ناکات، کە بارگرانییەکی زۆری ئابووری لەسەر دەوڵەت دروست دەکات.

لە یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمی کوردستان بە تایبەت یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٢٠ و پەرلەمانی کوردستان، جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە نێودەوڵەتییەیە کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر گیراوەتەبەر، دەرفەتێپێدانێکی زۆر باشیشە بۆ بەکاربەران تاوەکو جارێکی دی هەمان تاوان ئەنجام نەدەن و، لە زیانەکانی بەکارهێنانی ئەم ماددەیە لە هەموو ڕوویەکەوە ئاگادار بن، بەتایبەتیش لە دیوە کۆمەڵایەتی و ئابووری و تەندروستییەکەیەوە. هەروەها گرنگییەکی دیکەی بوونی ئەم سەنتەرانە ئەوەیە کە وادەکات، بە شێوەیەکی ئەرێنی کاریگەری هەبێت لەسەر داهات و بەرهەمی نیشتمانیی دەوڵەت، ئەویش بە سوودوەرگرتن لە توانای مرۆیی ئالوودەبووان دوای چارەسەریان بە تەواوی و بەکارهێنانیان لەلایەن دەوڵەتەوە وەکو دەستی کار لە کەرتە جیاوازەکانی کارکردن و هەروەها دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی دەوڵەت لە ڕێگەی جێبەجێکردنی پڕۆگرامی چاودێریی پاشینە».

سەبارەت بەو کەسانەش کە ئالوودە بوون بە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر» پاش وەرگرتنی چارەسەری پێویست، گوتی: «ئەوانە دەچنە قۆناغێکی نوێ لە تەندروستی بە ڕزگاربوون لە بەکارهێنانی ئەو ژەهرە و ئەو ئازارە جەستەییانەی تووشی دەبن، لە دەرەنجامی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، هەروەها شیاندنەوەی ئالوودەبووان ڕێگەیەکە گەڕانەوەی ئەو خەرجییانەیە کە بەکاری دەهێنن بۆ پەیداکردنی ماددەی هۆشبەر، کە زۆرجار پەیداکردنی خەرجییەکی زۆریان لەسەر دروست دەکات، بە هۆی ئالوودەبوونیان، کە زۆر جار ناچار دەبن پەنا ببەنە بەر ئەنجامدانی تاوانی دیکەی وەك دزیکردن، کوشتن، لەشفرۆشی، هەڵخەڵەتاندن و...هتد، تاوەکو بتوانن، خەرجی ماددەی هۆشبەر بەدەست بهێنن. دەرەنجامی چارەسەریش ڕێژەی ئەنجامدانی تاوان لەناو کۆمەڵگە کەم دەبێتەوە، چونکە تێبینی کراوە، کە ڕەنگە ئەندامەکانی دیکەی خێزانەکەش پەنا بەرنە بەر ئەنجامدانی تاوان، بە هۆی ئەو بارودۆخە ئابوورییە نەخوازراوەی پێیدا تێپەڕ دەبن، بە تایبەتیش نەوجەوانان، دوای سزادانی باوك، یان دایکیان، یان هەر دووکیان کە ئەمەش پێچەوانەی ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ و یاسا نیشتمانییە کارپێکراوەکانە، بە تایبەتیش یاسای چاودێریی نەوجەوانان ژمارە ٧٦ی ساڵی ١٩٨٣، لە کۆتاییشدا پاڵنەرێکی باشە بۆ بەرزبونەوەی ئاستی زانستی و مەعریفیی وڵات، بە تایبەتیش ئەگەر ئالوودەبوو گەنج، یان نەوجەوان بوو، بە گەڕاندنەوەی بۆ بەر خوێندن و بەرزکردنەوەی توانا زانستییەکانی خۆی».

بەڕێوەبەری گشتیی یاسا و مافی مرۆڤ لە دەستەی سەربەخۆیی مافی مرۆڤ، لە کۆتایی لێدوانەکەیدا ئەوەشی خستەڕوو کە «لە وڵاتانی ئەوروپا ئەزموونێك هەیە، کە دروستکردنی پێناسەیە بۆ کەسی ئالوودەبوو واتە(سیستمی کارنیە - KARNE) پەیڕەو دەکرێت و بریتییە لەوەی، ئەوانەی کە جۆری ماددەی هۆشبەری سووك بەکار دەهێنن، بە گوێرەی یاسای ژمارە ١٣ی ساڵی ٢٠٠٢ وڵاتی هۆڵەندا پێویستە لە سەنتەرەکانی شیاندنەوەی دەروونی و کۆمەڵایەتی دابنرێن بۆ چارەسەرکردن و دووبارە گەڕاندنەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگە، پێچەوانەی بەکاربەرانی ماددەی هۆشبەری قورس کە جۆری دووەمە و مەترسیدارە و دەبێت بە گوێرەی یاسای ئاماژەپێکراو سزای بەکاربەری ئەو جۆرەیان بدرێت».

**گرنگترین میکانیزمەکانی چارەسەری ئالوودەبووان بە ماددەی هۆشبەر و کارتێکەرە دەروونییەکانی، بوونی سەنتەرێکی شیاندنەوەی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و دەروونییە لە پێناو گەڕاندنەوەیان بۆ ژیانی ئاسایی لەناو کۆمەڵگە**

**بنەمای گشتی بۆ سزادانی بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر، ئەوەیە ڕەچاوی ماوەی سزای یاسایی پێویست بکرێت و، نابێت لە هەموو حاڵەتێکدا ماوەی مانەوەی لەناو سەنتەری شیاندنەوە لە ماوەی حوکمدانی زیاتر بێت**

**یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٢٠ و پەرلەمانی کوردستان، جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە نێودەوڵەتییەیە کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر گیراوەتەبەر، دەرفەتپێدانێکی زۆر باشیشە بۆ بەکاربەران تاوەکو جارێکی دی هەمان تاوان ئەنجام نەدەن**

# لە پێناو ژیانێکی شایستە بۆ گەنجان داوای کاراکردنەوەی پرۆژەی قەرزی بچووک دەکرێت

**پرۆژەی قەرزی بچووک، لەسەر ئەو بنەمایە دەستیپێکرد، کە ئەگەر هاتوو قەرز بەپێی مەرجی گونجاو و لۆژیک بە خەڵکی هەژار بەخشرا، ئەوکات ئەگەری ئەوە هەیە، هەزاران گەنج ببنە خاوەن کاری خۆیان، لە ڕابردووشدا وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ڕێگەی قەرزی بچووکەوە توانی لە ماوەی سێ ساڵدا زیاتر لە ٨٠٠٠ گەنج لە وەرگرتنی ئەو قەرزە سوودمەند بکات. دوای ئەوەی پرۆژەی قەرزی بچووک بە هۆی قەیرانی دارایی ڕاگیرا، بەڵام هاووڵاتیان داوا لە حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار دەکەن، ئەو پرۆژەیە کارا بکرێتەوە، بۆ ئەوەی گەنجانی بێکار و دانەمەزراو لە ڕێگەی وەرگرتنی ئەو قەرزەوە هەلی کاریان دەست بکەوێت و ببنە خاوەن کاری خۆیان. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان ڕاوسەرنجی خۆیان لەو بارەیەوە هەیە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**



دیمەن محەمەد توێژەری کۆمەڵایەتییە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «یەکێك لە کێشەکانی گەورەی ئەم سەردەمەی گەنجان نەبوونی هەلی کار و داهاتی سەربەخۆیە، کە بتوانن لە ڕێگایەوە ژیان و گوزەرانی خۆیان ڕایی بکەن و پێداویستی و حەز و ئارەزووەکانیان بەدی بێنن. بێگومان زیاتر بە هۆی بێکارییە کە کێشە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی سەرهەڵدەدەن. بۆ ئەوەی گەنج لەو قەیرانە دەروونی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە ڕزگار بکرێت و بەرەو ژیانێکی شایستە ببرێت و وای لێ بکرێت، خاوەن داهاتی سەربەخۆی خۆی بێت و پشت بە خۆ ببەستێت، پێویستە هەلی کاری بۆ دابین بکرێت، یەکێك لەو ڕێکارانەش پێدانی بڕە پارەیەکە بە شێوەی قەرز لە لایەن دەسەڵاتەوە کە بە زەرووەرتێکی زۆر دادەنرێت بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی ژیانی». هاوکات دەڵێت: «چەند ساڵ لەمەوبەر لە ڕێگای پرۆژەی قەرزی بچووکەوە، ژمارەیەك گەنج لەو پرۆژەیە سوودمەند بوون، دواتر بەهۆی قەیرانی دارایی پرۆژەکە سڕکرا و کاری پێ نەکرا، بەڵام لە سەردەمی ئێستادا کە هەزاران دەرچووی زانکۆ و پەیمانگا و گەنجی ئەم وڵاتە بێکارن، زۆر پێویستە کە لە ڕێگەی قەرزی بچووکەوە دەرفەتی کاریان بۆ بڕخسێنن. هەر بۆیە پرۆژەی قەرزی بچووك بە میکانیزمێکی سەردەمییانە و لە بەرژەوەندی تاکی کۆمەڵگە بە پێویست دەزانرێت، کاری پێ بکرێتەوە، ئەوەش قورسایی و داواکاریی دامەزراندن و کێشەی گەنجان لەسەر حکومەت کەم دەکاتەوە، بە هۆی ئەوەی چینە هەرە گرنگەکەی نێو کۆمەڵگە دەبێتە خاوەن پرۆژەی خۆی و لە ڕێگایەوە دەتوانێت پەرە بە توانا و بەهرە و باری گوزەرانی بدات و، هەر لەو ڕێگایەوە قەیرانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و فیکری تا ڕادەیەك بەرەو چارەسەر دەکرێت و، لە ئەنجامدا کۆمەڵگە بەرەو خۆشگوزەرانییەکی مرۆیی دەچێت، دوور لەو کێشانەی هەموو لایەك پێیەوە سەرقاڵ و سەرگەردانن» .

عیسا بۆتانی، نووسەر و ڕۆژنامەوانە و سەبارەت بە هەمان پرس ڕای وایە: «ئەوەی بووەتە بەربەست لەبەردەم خەون و خولیای گەنجان بۆ پێکهێنانی پاشەڕۆژێکی باش و ڕەخساندنی کار و وەگەڕخستنی توانا و بە کرداریکردنی بیرۆکەکانی، بە تایبەتی لەم ڕۆژگارەدا نەبوونی سەرمایەیە، بۆیە دەستگرتنی چینی گەنجان و یارمەتیدانیان بۆ ئەوەی لەسەر پێی خۆیان بوەستن و بتوانن کار و پیشەیەك بدۆزنەوە کە لەگەڵ پسپۆڕی و ئارەزووەکانیان یەك بگرێتەوە و ببێتە سەرچاوەیەکی داهات بۆ خۆیان و کەسانی دەوروبەریشیان کارێکی زۆر گرنگە؛ ئەگەر لە وڵاتان و شوێنەکانی دیکەی سەر گۆی زەوی ئەوە گرینگ و پێویست بێت، ئەوا بۆ هەرێمی کوردستان

دوو بەرابەرە». هاوکات دەڵێت: «لە ئێستادا ژمارەیەکی یەکجار زۆری دەرچووی کۆلێژ و پەیمانگاکان دەرفەتی دامەزراندنیان لە دامودەزگاکانی دەوڵەتدا نییە و دەرچووی چەندین ساڵە بەسەر یەکدا کەڵەکە بووون و هەلی کارکردنیان لەبەردەمدا نییە، نە لە کەرتی تایبەت و نە لە کەرتی گشتی. لەو هەلومەرج و بارودۆخە ئابوورییە سەختەی کە هەرێمی کوردستان پێیدا تێدەپەڕێت، گەنجان بۆ بونیادنانی پاشەڕۆژیان تووشی نائومێدی بوون، لەوەی بۆ کارکردن ترووسکاییەك نابینن و تەنانەت خێزانەکانیشیان ناتوانن خەرجی و ژیانێکی ئاسوودەیان بۆ دابین بکەن، بۆیە بەداخەوە جاری وایە بیر لە جێهێشتنی وڵات و ڕووکردن لە هەندەران دەکەنەوە، کە چارەنووسی چەندین لاوی ئەو نیشتمانەمان بینیوە لەوەی لە دەریاکاندا خنکاون و گیانیان سپاردووە. بۆیە دامەزراندنی پرۆژە و کارگە و پێدانی قەرزی بچووك بۆ گەنجان، سوودەکەی تەنیا بۆ وەگەڕخستنی تواناکانیان و بە پراکتیزەکردنی زانست و داهێنانەکانیان و دەستەبەرکردنی سەرچاوەیەکی بژێوی نییە، بەڵکو گێڕانەوەی متمانەی ئەو چینە کاریگەرەی کۆمەڵگەیە بە نیشتمان و حکومەت و دواجار پاراستنی گیانی گەنجەکانمان و کەڵکوەرگرتنە لێیان بۆ ئایندەی گەشی وڵات».

ئەو ڕۆژنامەنووسە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «سەرباری گرنگیپێدانی قەرز بۆ پرۆژەکانی گەنجان؛ هەروەها بۆ ئەوەی تا ئاستێکی باشتر و بەرزتر سوود لەو قەرزانە وەربگیردرێت، پێویستە چاو بە سیستەمی خوێندن و بەشەکانی کۆلیژ و پەیمانگاکاندا بگێڕینەوە و ئەو بەش و کۆلیژانەی کە ژمارەی دەرچووەکانیان لەڕووی پسپۆرییەوە زیاترن لە پێویستی کۆمەڵگا دابخرێن، یان ڕێژەیەکی کەمتری قوتابی وەربگرن» لەلایەکی دیکەوە پێویستە لەبەردەم دەستەواژەی گرینگیپێدانی قەرز بە گەنجان بۆ وەگەڕخستنی پرۆژەی بچووك بوەستین، مەبەست و ئامانج لەوە چییە؟ مەگەر ڕەخساندنی هەلی کارکردن و باشترکردنی بژێوی گەنج و کۆمەڵگە نییە بە شێوەیەکی گشتی؟ لێرەدا دەبێت چاوخشاندنەوە بەو هۆکارانەشدا بکرێت کە بوونەتە مایەی کەمیی هەلی کار لە هەرێمی کوردستان. ئایا لە هەرێمی کوردستان کە ژمارەی گەنج و هێزی کاری پێویستییەکانی خۆی پڕ دەکاتەوە، چ پێویستی بە هێنانی کرێکارانی بیانییە کە لە هەموو شارەکان و لەهەموو کۆمپانیا و دەزگا و بازاڕەکاندا بە فراوانی دەبیندرێن؟ بێگومان هێنانی ئەمانە لەسەر حیسابی بێکارکردنی گەنجان و کرێکارانی ئەم هەرێمەیە».

بێلان ڕۆژبەیانی، چالاکی مەدەنییە و ئەویش یەکێکە لەو هەزاران هاووڵاتییانەی کە پێدانی قەرزی بچووك لەلایەن حکومەتەوە بە گەنجانی بێکار بە کارێکی ئەرێنی دەبینن کە «سوودی زۆری بۆ هاونیشتمانیان بەگشتی و گەنجان بەتایبەتی هەیە، بەتایبەتیش ئەوانەی کە پرۆژەی بچووکی وەکو وەرشە پیشەییەکان و دامەزراوە بازرگانیەکانیان هەیە و توانای داراییان نییە، تاوەکو خەون و خەیاڵەکانیان بکەن بە پرۆژە و لەو ڕێگەوە ببنە خاوەنی کار و ئەزموونی خۆیان تاقی بکەنەوە. گوتیشی: «لە ڕابردوودا دەیان لاو لە هەردوو ڕەگەز لە ڕێگەی وەرگرتنی قەرزی بچووکەوە توانیاویانە ببن بە خاوەنی کار و ببن بە هۆی دۆزینەوەی هەلی کار بۆ هاووڵاتییانی دیکەش، هەر بۆیە بەردەوامیی پرۆژەی پێدانی قەرزی بچووك، گرنگی زۆری هەیە لە بەرەوپێشچونی کۆمەڵگە و نەهێشتنی بێکاری و کەمکردنەوەی کێشە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان و هێورکردنەوەی دەروونی تاك، وێڕای دروستکردنی خێزان لەلایەن لاوانەوە کە ئێستا ڕوو لە کەمبوونەوەیە، هاوکات دەستگرتنی گەنج ڕێگری لە کۆچی گەنجان بەرەو هەندەران و جێهێشتنی خاك و نیشتمان و خزمەتکردن بە وڵاتی بێگانە دەکات، کە ئەمەش دەبێتە مەترسی بۆ داهاتوی ئەم هەرێمە و شوناسی نەتەوەییمان، لەوەش زیاتر کەمکردنەوەی ئەو زەخت و فشارانەیە لەسەر حکومەت بۆ داوای دامەزراندن و دەتوانرێت لە ڕێگەی پێدانی قەرزی بچووکەوە هاووڵاتییەکی بەرهەمهێن دروست بکەین.

بەگشتی ئامانج لە پێدانی قەرزی بچووك ڕەخساندنی دەرفەتی کاری زیاتر و پەرەپێدانی وەبەرهێنانە لەو پرۆژە بچووکانەی خەڵکی ناوچەکە دەستیان پێ کردووە، ئەوەش لە کاتێکدایە لە زۆریك لەشارەکاندا کێشەی گەورەیان بێکارییە، لە ڕێگەی قەرزەوە گەنجان دەتوانن پرۆژە بچووکەکانیان فراوانتربکەن و دەتوانن وەبەرهێنانی تێدا بکەن . ئەم قەرزە وا دەکات کە گەنجان گۆڕانکاری ڕیشەیی لەد ووکان و شوێنی کارەکانیان بکەن .

ئەم پرۆژانە دەبێتە هوکارێکی زۆر بەهێز بۆ زیاتر گەشەکردنی بواری بازرگانی و پیشەسازی و دەبێتە هۆی ئەوەی کە وەبەرهێنەران وبازرگانان دەیان و سەدان پرۆژەی گەورە و ناوەند بۆ گەنجان بڕەخسێنن.

ئەم قەرزی بچووکە و دەستگیرۆییەی گەنجان دەبێتە هۆی نەهێشتنی هەژاری، یان کەمکردنەوەی هەژاری بە ڕێژەیەکی بەرچاو .

پێدانی قەرز لەلایەن حکومەتەوە، یان لەلایەن ئەو ڕێکخراوانەی کە تایبەتمەندن بە بوارەکە، وا دەکات بازاڕ بووژانەوەی تەواو بەخۆیەوە ببینێت و جموجوڵی کڕین و فرۆشتن زیاتر بێت. ئەگەر هاوکاریی گەنجان بکرێت (بە بێ زیادە ئەو قەرزە بگێڕنەوە بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی دارایی) وا دەکات کەسانێکی زیاتر ئەو قەرزە وەربگرن و ببن بە خاوەنی کار و پیشەی خۆیان لە نێوبازاڕی کاردا» .

**چەند ساڵ لەمەوبەر لە ڕێگای پرۆژەی قەرزی بچووکەوە، ژمارەیەک گەنج لەو پرۆژەیە سوودمەند بوون، دواتر بەهۆی قەیرانی دارایی پرۆژەکە سڕکرا و کاری پێ نەکرا**

**لە سەردەمی ئێستادا کە هەزاران دەرچووی زانکۆ و پەیمانگا و گەنجی ئەم وڵاتە بێکارن، زۆر پێویستە کە لە ڕێگەی قەرزی بچووکەوە دەرفەتی کاریان بۆ بڕخسێنن**

**لە هەرێمی کوردستان کە ژمارەی گەنج و هێزی کاری پێویستییەکانی خۆی پڕ دەکاتەوە، چ پێویستی بە هێنانی کرێکارانی بیانییە کە لە هەموو شارەکان و لەهەموو کۆمپانیا و دەزگا و بازاڕەکاندا بە فراوانی دەبیندرێن**

**لە ڕابردوودا دەیان لاو لە هەردوو ڕەگەز لە ڕێگەی وەرگرتنی قەرزی بچووکەوە توانیاویانە ببن بە خاوەنی کار و ببن بە هۆی دۆزینەوەی هەلی کار بۆ هاووڵاتییانی دیکەش**

# خاوەنی ئاگر کەتیە دلێ من کۆچی دوایی کرد



بەرەبەیانی ڕۆژی ١٣ی ئەیلوول هونەرمەند (بەیتۆ جان) لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی سوید، بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد.
پێشتر گۆڤاری گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدابوو و تێیدا باسی چەند لایەنێکی ژیانی هونەریی خۆی و ئازارەکانی کردبوو، لێرەدا بەشێکی دیمانەکەی بڵاو دەکەینەوە.

بەیتۆ جان لە خانەوادەیەکەوە هاتە نێو بواری گۆرانیی کوردی کە شێخ و خاوەن مورید بوون، ئەمەش کارێکی سەخت بوو، لە هەمان کاتدا شکاندنی ڕێچکەیەك بوو لە کاتێکی زۆر زەحمەتدا کە تەنانەت گۆرانیگوتن تێیدا بە حەرام وەسف دەکرا، بەیتۆ جان سەرەڕای ئەمەش توانی سەرکەوتوو بێ و بە گۆرانی و ستایلە تایبەتیەکەی خزمەتێکی باش بە هونەری کوردی بکات.

سەبارەت بە سەرەتاکانی هاتنە نێو بواری هونەری، بەیتۆجان دەڵێ: لە ساڵی ١٩٥٥ هاتومەتە دنیا، بەهۆی ئەوەی باوکم شێخ بوو، کە چوو بۆ حەج لەوکاتە ناوی منی کردە بەیتوڵڵا، تاوەکو ئەو لە ژیان مابوو من هەر بەیتوڵڵا بووم، دوای مردنی بووم بە بەیتۆجان .

لە بنەماڵەی شێخ بووم هەر شتێك کە پەیوەندی بە هونەرەوە هەبوایە، بە حەرام ناو دەبردرا و قەدەغە کرابوو، بەڵام ئەو خۆشەویستییە زۆرەی (نیشتمان- خاکی وڵات) وای کرد کە ئەگەرچی ئاستەمیش بوو، ڕێگر نەبوو لەوەی بێمە نێوبوارەکە.

ستایلی بەیتۆ جان تا ڕاددەیەك تایبەتە، لەم بارەیەوە دەڵێت: «ئەم ستایلەی من کە زیاتر بە ستایلێکی لەسەر خۆ ناسراوە، جۆرە تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە بۆ خودی خۆم، لەم جۆرە ستایلەی خۆمدا دەتوانم بە ئامێری موسیقییەوە گۆرانی بڵێم، لە هەمان کاتدا بەبێ ئامێریش دەتوانم کارەکەی خۆم پێشکەش بکەم».

سەبارەت بە تێکەڵکردنی هونەر بە هونەری هەریەکە لە عەرەب و تورك و فارس لە هەموو پارچەکانی کوردستان و، کاریگەرییەکانی لەسەر هونەری کوردی، هونەرمەند بەیتۆجان گوتی: «زۆر جار گوتوومە و ئێستاش دووبارەی دەکەمەوە، من هیچ کات لەگەڵ ئەوەدا نیم کە هونەری کوردی تێکەڵ بە هونەری نەتەوەکانی دیکە بکرێت، چونکە هەر میللەت و وڵاتێك بە هونەری خۆیەوە ناسراوە، بەوە جیا دەکرێتەوە کە هونەرەکەیان هەندێك خاسییەت و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بەڵام کاتێك هونەری نەتەوەیەك تێکەڵ بە هونەری دیکە دەکرێت، وای لێ دێت بڵێیت ئەو نەتەوەیە (میللەتی کورد) هونەری نییە، من دەڵێم هەر هونەرمەندێك دەبێت سەرەتا بتوانێت گۆرانی بە زمانی دایك بڵێت، ئینجا ئەگەر بیەوێت بە زمانی دیکە گۆرانی بڵێت، هەرچەندە من لەگەڵ ئەوەشدانیم کە بە زمانی بیانی گۆرانی بگوترێت، چونکە هێشتا ئێمە نەمانتوانیوە بە تەواوی ئازاد بین، چۆن کاری لەم جۆرە بکەین، بەڵام بەداخەوە زۆر کەس ئێستا هەن، گۆرانی بە زمانی بیانی دەڵێن و خۆشیان شانازیی پێوە دەکەن».

سەبارەت بە خزمەتکردن و پاراستنی هونەری ڕەسەنی کوردی، بەیتۆ جان پێیوایە تا کوردستان نەبێتە یەك وڵاتی سەربەخۆ، هونەریشی پارچە پارچە دەبێت، لەو بارەیەوە دەڵێت: «ئەگەر سەیری هونەری هەر چوار پارچەکە و ئەورووپاش بکەین، هەر یەکەیان ستایلێکی تایبەتی خۆی هەیە لە خزمەتکردن بە هونەری کوردی، من دەڵێم تا کوردستانی چوار پارچە هەبێت هونەریش چوار پارچە دەبێت. ڕەنگە زۆر جار گلەیی بکرێت لە هونەرمەندانی باشوور من گلەییەکان بە گونجاو دەزانم، چونکە ئێمەی هونەرمەند هیچ کات نابێت تەنیا سەیری دەوروپشتی خۆمان بکەین و تەنیا نزیك ببینین، بەڵکو دەبێت ئێمە دووریش ببینین، بۆ ئەوەی بە ڕاستی ببینە خەمخۆری میللەتەکەمان، بۆ ئەوەی خەڵکی خۆمانیش ڕەخنەمان لێ نەگرێت و بە خراپی باسمان نەکەن، دەبێت هەوڵ بدرێت، بەتایبەتی هونەرمەندانی ئەم پارچەیە کە پارچەیەکی ئازادە و بە ئازادانە دەتوانن هەر کارێك بکەن بۆ ئەوەی پارچەکانی تریش هەست بەوە بکەن کە لەم پارچەیە ئازادە هەشت بە خەمەکانیان دەکرێت.»

گۆرانیی (ئاگر کەتییە دلێ من) کە یەکێکە لە گۆرانییە ناسراوەکانی بەیتۆ و تا ئێستا چەندین هونەرمەند ئەو گۆرانییەیان گووتووەتەوە، سەبارەت بە نهێنی سەرکەوتنی ئەم گۆرانییە دەڵێت: «میلۆدیی ئەم گۆرانییە هی خۆم نییە، پێشتر بیستبووم، شتێکی زۆر خۆش بوو لەلام، منیش وشەم لەسەر ئەم میلۆدیە دانا و کاریگەریی گۆرانییەکە بەسەر منەوە وای کرد کە شتێکی جوان و پوختی لێ دەربچێت و بە ئاسانی بچێتە ناو ناخی مرۆڤەوە، بە بڕوای من ئەم ئاسان چوونە نێو ناخی مرۆڤە وای کرد کە زیاتر لە (٣٢) هونەرمەند ئەو گۆرانییە بڵێنەوە، زۆرێکیان تەلەفۆنیان بۆ کردم کە دەیانەوێ ئەو گۆرانییە بڵێنەوە، بەڵام هەشبووە پرسیاری لێ نەکردووم».

# تۆم کرووزیش لە باربی نیگەرانە



چەندین ڕۆژنامەی جیهانی ئاماژەیان بەوە کردووە، ئەستێرەی هۆڵیوود تۆم کرووز ئیرەیی بە فیلمی باربی دەبات، کە لە ماوەیەکی پێوانەییدا سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێنا بەراورد بە فیلمە نوێیەکەی بەناوی -Mission: Impos sible کە نائومێدی کرد و داهاتێکی کەمی بەدەست هێنا.

بەگوێرەی ماڵپەڕی (The Sun) تۆم کرووز بەهۆی شکستی بەشی حەوتەمی زنجیرە فیلمە بەناوبانگەکەی بەناوی (-Mission Im possible) لە بۆکس ئۆفیس، کە قازانجەکانی زۆر کەمتربوون لەوەی چاوەڕوان دەکرا، تووشی حاڵەتێکی بێزاری و دڵتەنگی بووە. بەپێی زانیارییەکان تێچووی فیلمەکە ٢٥٠ ملیۆن دۆلار بووە، داهاتەکەی تا ئێستا تەنها ٥٧٠ ملیۆن دۆلار بووە لە بۆکس ئۆفیسەکانی جیهاندا بەدەست هێناوە، ئەمەش وای کردووە پاڵەوانی فیلمەکە هەست بە بێزاری بکات.

سەرچاوەیەکی نزیک لە تۆم کرووز ئاشکرای کردووە، تیمی فیلمی (Mission: Impossible) نیگەرانن لە زیادبوونی سەرکەوتنی فیلمی (Barbie) لە جیهاندا، بەو پێیەی فیلمەکە لەسەر ئاستی جیهان بەردەوامە لە سەرکەوتن و ڕۆژانەی ڕێژەی بینەرانی لە زیادبووندایە، بۆیە توانیی لە ماوەیەکی کورتدا بەربەستی یەک ملیار دۆلار بشکێنێت.

ئەو سەرچاوەیە گوتیشی: پرۆسەی بەرهەمهێنانی فیلمەکە بە زەحمەتییەکی زۆرەوە بەڕێوە چوو، لەپێناو گەیشتن بە بینەران لە سینەماکاندا بە چەندین قەیران و ئاستەنگدا تێپەڕی، بۆیە تیمی فیلمەکە هەستیان بە بێزاری کرد، چونکە فیلمی (باربی) تووشی بێزاری بوون و هیواکانی (Mission Impossible) لەناو برد، بۆ بە دەستهێنانی ئەو سەرکەوتنەی چاوەڕوانکراو بوو. ئاماژەی بەوەشکرد، لە ئێستادا کاتێکی سەختە لە هۆڵیوود، کەس ناتوانێت هاوتای سەرکەوتنەکانی باربی بێت، ئەم سەرکەوتنە بووەتە هۆی هەستکردن بە شکست و دڵشکان بۆ هەندێک کەس.

هاوکات فیلمەکەی باربی سەرکەوتوو بووە لە شکاندنی بەربەستی ملیار دۆلاری، داهاتی بۆکس ئۆفیسەکانی تا ئێستا گەیشتووەتە ١,١٨ ملیار دۆلار لە سەرانسەری جیهاندا، هەروەها ڕاپۆرتەکان ئاشکرایان کردووە کە پێشبینی دەکرێت داهاتی پاڵەوانی فیلمەکە، مارگۆت ڕۆبی بگاتە ٥٠ ملیۆن دۆلار وەک ئەکتەری سەرەکی و فیلمەکە.

شایانی باسە کە هەموو بەشەکانی فیلمی(Mission: Impossible) سەرکەوتوو نەبوون لە بەدەستهێنانی داهاتێکی گەورە وەک ئەو سەرکەوتنەی فیلمی باربی بەدەستی هێنا، ئەمەش ستایشی ڕەخنەگران و وەسفکردنی وەک یەکێک لە گرنگترین بەرهەمەکانی مارگۆت ڕۆبی پشتڕاست دەکاتەوە.

**سەرچاوە: سیدتی**



## سەلما حایک:

# ئەنجلینا جۆلی باشترین دەرهێنەرە

بەپێی گۆڤاری (People) دوای ئەوەی سەلما حایکی ئەستێرەی مەکسیکیی بە ڕەچەڵەك لوبنانی، بووە هاوڕێی ئەستێرەی ئەمریکی ئەنجلینا جۆلی، ڕایگەیاندووە کە ئەنجلینا باشترین دەرهێنەرە.

سەلما حایك دەڵێت: «لە ژیانی هونەریمدا لەگەڵ زۆر دەرهێنەری باش و ناسراو کارم کردووە، بەڵام ئەنجلینا جۆلی باشترین دەرهێنەرە کە تا ئێستا لەگەڵیدا کارم کردووە.»

ئەم لێدوانە دوای ئەوە هات کە سەلما حایك لە فیلمی(The Vampire›s Assistant) دەرکەوت، کە یەکێکە لە فیلمە ترسناکەکان، کە لە دەرهێنانی سوپەرستارێکی نێودەوڵەتی ئەنجلینا جۆلی بووە. لەم دواییانەدا چەند جارێك کامێرای پاپارازییەکان پێکەوە بینیویانە، ئەمەش پشتڕاستی دەکەنەوە کە هاوڕێیەتییەکی بەهێزیان هەیە، نەك تەنیا پەیوەندییەکی تایبەت بە بواری کارکردن.

لە لایەکی دیکەوە سەلما حایك باسی ئەزموونی خۆی لەگەڵ ڤایرۆسی کۆرۆنادا کرد و بە کوشندە وەسفی کرد، چونکە بە قسەی خۆی لە سەرەتای پەتاکەدا نزیك بوو لەناوی بەرێت.

ئەو خانمە ئەکتەرە تەمەن ٥٦ ساڵە لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ گۆڤاری ڤاریتی ڕایگەیاند کە پێویستی بە ئۆکسجین هەبوو و، نزیکەی حەوت هەفتە لە ماڵەکەیدا بە شێوەیەکی گۆشەگیر ژیاوە.

ئاماژەی بەوەشکردووە کە پزیشکەکەم داوای لێکردم بچمە نەخۆشخانە، چونکە بارودۆخەکەم زۆر خراپ بوو، بەڵام پێم گوت: نەخێر سوپاس، پێم باشە لە ماڵەوە بمرم. هەروەها باسی لە یەکەم ڕۆڵی خۆی بینی دوای تووشبوونی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا بوو لە فیلمی (House Of Gucci) شانبەشانی ئادەم درایڤەر و لەیدی گاگا و، گوتی هەستم کرد وزەم لە لەشدا نەماوە و زۆریش لاواز بوونم

**سەرچاوە: سیدتی**



### هانی بۆ گوڵان:

# ئەنجامدانی کاری هونەری بۆ کچێکی کورد لە ئەوروپا بەبێ پاڵپشتی ئاسان نییە

هانی لە شاری سنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایکبووە، لە قۆناغی سەرەتاییەوە هەر لەو شارە خوێندویەتی تا گەورە بووە، لە ساڵی ٢٠٠٠ـەوە دەستی بە گۆرانیگوتن کردووە، لە ساڵی ٢٠٠٤ ڕووی لە وڵاتی ئەڵمانیا کردووە و لەوێ نیشتەجێ بووە، بەشداریی لە چەندین فیستیڤاڵی جیهانیدا کردووە و چەندین کۆنسێرتی لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان ئەنجام داوە. هانی کە بە کچێکی بوێر و ڕچەشکێن ناوبانگی دەرکردووە، یەکەمین ئەلبوومی گۆرانیی خۆی بە ناوی (ساندرێلا) لە ساڵی ٢٠٠٩ بڵاو کردەوە، کە لە ١١ تراك پێك هاتبوو، هەروەها ئەلبوومی دووەمی بەناوی (دایك) لە ساڵی ٢٠١٠ بڵاو کرایەوە، کە سەرجەم ئاوازەکانی لەلایەن هانی خۆیەوە داندراوە، ئەم ئەلبوومەشی لە ١١ تراك پێك هاتبوو. لە دەرفەتێکدا بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵانی دایەوە.

*** کێ زیاتر هاندەرت بوو بۆ ئەوەی ڕوو لە بواری گۆرانی و موزیك بکەیت؟**

- دایکم هاندەری سەرەکیم بوو، ئەو بۆ ئێمە گۆرانیی دەگوت، سەرەڕای ئەوەی خاوەن دەنگێکی خۆش بوو، بەڵام نەیدەتوانی بە ئازادی گۆرانی بڵێت، هەمیشە بەو حەسرەتەوە ژیاوە، دوای ئەوەی ژیانی هاوژینی پێك دەهێنێت ناچار بوو واز لەم بیرۆکەیە بهێنێت، چونکە لە خێزانێکی ئایینی و ناسراو بووین، ئیدی ئەو حەزەی دایکم لەگەڵ دایکم خرایە ژێر گڵ، دایکم کە گۆرانیی بۆ دەگوتین تك تك فرمێسکی دەهاتە خوارەوە و دڵتەنگ و خەمبار بوو چونکە نەیدەتوانی بە ئازادی گۆرانی بڵێت، بۆیە من دەنگ خۆشی و ئەو حەزەی گۆرانیگوتنم لە دایکمەوە بۆ ماوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بنەماڵەی باوکیشم دەنگیان زۆر خۆش بووە، ڕەنگە ئەوانیش تا ڕادەیەك کاریگەرییان لەسەر من هەبوویێت.

*** سەرەڕای سەردانەکانت بۆ کوردستان، بەڵام ماوەیەکی زۆرە لە غوربەتدا دەژیت، وەك هونەرمەندێك ژیانی غوربەتی بۆ تۆ چی دەگەیەنێت؟**

- دەبێ لە هۆکاری دوورکەوتنەوەم لە وڵات دەست پێبکەم، کاتێکدا کە نەتوانم دەنگ و هەستی خۆم بۆ نەتەوە و گەلەکەم بەئازادی هەڵبڕم، ناچارم ژیانی غوربەت هەڵبژێرم، بۆیە لە وڵاتی ئەڵمانیا نیشتەجێ بووم، بۆ ئەوە هاتمە ئەڵمانیا تا وەك کچێکی کورد بە ئازادی لە فێستیڤاڵە جیهانییەکاندا پەیام و کلتوور وفەرهەنگی میللەتێکی بەشخوراو بەخەڵکی بناسێنم، هەمیشەش چاوم لەوە بووە داهێنان و بەهرەی کچی کورد لە بواری هونەر و موزیك بە جیهان نیشان بدەم، لەو بوارەشدا جێپەنجەمان دیارە، کە لە چەندین فێستیڤاڵ و شوێنی جیهانیدا کۆنسێرت دەکەم و دەنگ و سەدای کوردی بە هەموو کووچە و کۆڵانەکانی ئەوروپا دەگەڕێنم، هەڵبەتە بۆ کچێکی کورد بەتەنیا لە ئەوروپا بەبێ پاڵپشتی بۆ ئەنجامدانی ئەم کارانە هێندە ئاسان نەبوو، هەمیشە دەمگوت هانی تۆ کەسێك نیت دابنیشیت، تۆ پێشمەرگەی، ئەبێ وەکو پێشمەرگە لە ئەڵمانیا بجەنگی و بەردەوامبیت تاوەکو پەیام و ئامانجەکانی گەلەکە و نیشتمانەکەت دێنییە دی.

لە ساڵی ٢٠١٨ گرووپێکی میوزیکیم لە ئەڵمانیا ناسی، توانیم لەگەڵیان کۆنتاکێکی زۆر باش بکەم و چەند ستایلێکی جوان پێشکەش بکەین، ئێستاش لەگەڵ ئەو گرووپە بەردەوامم، ماوەیەکە خەریکی ئەلبوومێکی ئەلیکترۆنیم کە لە داهاتوویەکی نزیکدا بڵاو دەکرێتەوە، بە شێوازی کۆلاژ، کە هەموو بیرەورییەکانی منداڵیی منە، بە ساوند سسیتمێکە بەناوی (هەژیرۆك) لە ئارت هاوس بڵاو دەکرێتەوە، ئەمە دەبێتە دەستپێکی ناوێکی هونەریی من کە هەر لەگەڵ ئەو گرووپە میوزیکەدا جێبەجێی دەکەین.

*** وەکو ئەکتەر ڕۆڵێکی سەرەکی و سەرکەوتووت بینی لە فیلمی (بێ نیشتمان)ی تورەج ئەسڵانی، ئەم هەنگاوە چ گۆڕانکارییەکی لە ژیانی هونەریتدا درووست کرد و ئایا پرۆژەی نوێت هەیە؟**

- من شەیدای جیهانی سینەمام، بۆیە حەزم کرد ئەم بوارەش لە ژیانی خۆمدا تاقی بکەمەوە، پێموایە ئەزموونێکی زۆر باش بوو، ئەگەر کارێکی دیکەی جوان و بەهێز هەبێت پێمخۆشە بەردەوام بم لە بواری سینەما و وەکو ئەکتەر بەشداری دەکەم. فیلمی (بێ نیشتمان) لە نووسین و دەرهێنانی تورەج ئەسڵانی دەرهێنەری کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، لەسەر چیرۆکێکی ڕاستەقینە بەرهەم هاتووە، چیرۆکەکە باس لە ژیانی دوو هاوژینی هونەرمەند دەکات، کە بەهۆی بارودۆخی خراپی کوردستان کۆچ دەکەن و دەچنە ئەورووپا، بەگشتی ئەو فیلمە باس لە سەرهەڵدانی داعش و ئاوارەبوونی هەزاران کەس و نەهامەتی کورد لەو سەردەمەدا دەکات.

*** حەز دەکەیت منداڵەکانی خۆت یان کەسوکارت ڕوو لە کاری هونەری بکەن و ئەم بوارە هەڵبژێرن؟**

- منداڵەکانم ئازادن لەوەی چی هەڵدەبژێرن و لە چ بوارێك کار دەکەن، بەڵام سیامەندی کوڕم دەمێکە لە بواری هونەریدا کاردەکات و ئیشی زۆر باشیشی کردووە، دوایین بەرهەمی من کە بەناوی (ڕۆحی هەتاو) بوو کاری دەرهێنانی لەلایەن سیامەندی کوڕم ئەنجام دراوە، سیامەند دەرهێنەری سینەماییە و میوزیك پرۆدیوسەریشە، لە بەرلین دەژیت، ئەو تەنیا لەگەڵ من ئیشی نەکردووە، بەڵکو لە ئێران ئیشی زۆری کردووە، بۆ نموونە بۆ سوهراب پوور نازەری، هۆمایۆنی شەجەریان بۆ ئەمانە ئیشی کردووە و بەردەوام ئیشیش دەکات، لە نێو کوردیشدا دوایین ئەلبوومی بانە ئەو پرۆدیوسی کردووە.

*** هیوا ئارەزووەکانی هانی بۆ ئاینندە چین؟**

- هیوا و ئاواتی من ئەوەیە، کە گەنجان و لاوانی وڵاتەکەم باوەڕ بە خۆیان دروست بکەن، وەکو هەموو گەنجانی وڵاتی پێشکەوتوو بژین و کار بۆ ئایندەیان بکەن، هیوادارم گەنجانی ئێمە ڕێچکەی نوێ بۆ خۆیان و وڵاتەکەیان لە بوارەکانی میوزیك و هونەر و زانستدا دروست بکەن، ئێمەش دەبێت دەستیان بگرین و هاوکاریان بین، بۆ ئەوەی ئایندەیەکی پڕشنگداریان بۆ ساز بکەین، تەنیا هیواو ئاواتی من ئەوەیە کە ببینم گەنجەکانمان بەدوای پێشکەوتن و سەرکەوتنی کوردستانەوەن.



# بۆکسێن زانانی کوردستان داوای پشتگیری زیاتر دەکەن

له هەولێر پایتەختی کوردستان بە سەرپەرشتیی یانەی وەرزشی زانکۆی جیهان و بە هاوکاریی ڕێکخراوی کوبو، پاڵەوانێتی بۆکسێنی نێودەوڵەتی بە بەشداری ٢٤ یاریزانی شەش وڵاتی جیاواز دەستی پێکرد، کێبڕکێیەکان لە سەر ١٢ کێشی جیاواز بوو، پاڵەوانێتیەکی پڕ ململانێ و ئاست بەرز و پڕ بینەری شەیدای ئەم یارییە و تامەزرۆ بۆبینینی شەڕی بەرگری و سەرکەوتن، کوردستانیان بۆ ماوەی شەش کاتژمێر لە شەڕی بەهێزدا بوون بۆ ئەوەی توانای خۆیان ببینن کە دەتوانن کاری ئەستەم ئەنجام بدەن، سەرئەنجام لە کۆی ١٢ بەشداری نێوان یاریزانان کوڕانی کوردستان توانیان حەوت سەرکەوتن بەدەست بهێنن و پێش هەموو هەڵبژاردە ڕکابەرەکانیان بکەون، لەم بارەشەوە یاریزانانی پاڵەوانی بەشداربوو قسەی خۆیان بۆ گۆڤاری گوڵان هەبوو.

راپۆرت: کارزان کانەبی



لە بارەی ڕێکخستنی ئەم پاڵەوانێتیە (بورهان سابیر) سکرتێری یانەی وەرزشی زانکۆی جیهان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە ماوەیەکە هەوڵی ئەوە دەدەین پاڵەوانێتییەکی نێودەوڵەتی بگوازینەوە نێو هەولێری پایتەخت، بە هاوکاریی ڕێکخراوی (کوبو) توانیمان ئەو کارە ئەنجام بدەین، ئاستی پاڵەوانیتییەکە زۆر بەرز بوو، ژمارەیەکی زۆریش لە هاندەرانی وەرزشی ئامادەی یارییەکان بوون و بۆ ماوەی شەش کاتژمێر هانی یاریزانانیان دەدا، هەوڵ دەدەین کاری باشتر و گەورەتر بکەین، یانەی وەرزشی زانکۆی جیهان ئەوە یەکەم کاری نییە و دوایین کاریش نابێت و بەردەوام دەبین لە چالاکییە جۆراوجۆرەکانمان، سوپاسی سەرۆکی یانەکەش دەکەین بۆ پاڵپشتی تەواوی چالاکییەکانمان».

ئیسماعیل حەسەن ڕاهێنەری یاریی بۆکسێن و ئەندامی یەکێتیی بۆکسێن، لە بارەی ئاستی ئەم یارییە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەم یارییە وەکو لایەنی ماددی هیچ پشتگیرییەکی نییە، یەکێتی بۆکسێن دەیەوێت پێشی بخات، بەڵام کە پارە نەبێت هیچ ناکرێ و چالاکی ئەنجام نادرێت، لە هەولێر هیچ شوێنێك نییە بۆ بەڕێوەبردنی ئەم یارییە، جگە لە زانکۆی جیهان، ئەو پاڵپشتییەی بۆ یاریی تۆپی پێی دەکرێت بۆ بۆکسێن بکرێت زۆر پێش دەکەوێت، تاکو ئێستا خەڵکی خۆمان لەم یارییە تێنەگەیشتوون، و ئەم یارییە پێکانی کەمە»، ئیسماعیل حەسەن سەبارەت بە پشتگیری و هاوکاریکردنی ئەم یارییەش گوتی: «زۆر جار لە سەر گیرفانی خۆم پارە بۆ ئەم یارییە سەرف دەکەم بۆ ئەوەی بەردەوام بین، کردنەوەی ئەم جۆرە پاڵەوانێتییانە کارێکی زۆر باشە، سوپاسی یانەی زانکۆی جیهانیش دەکەین کە ئەم پاڵەوانێتیەی ئەنجام دا، ئەگەر ئەم یاریزانانەش بەردەوام مەشق ئەنجام نەدەن ئاستیان دادبەزێت، لە بەغدا یانەکان گرێبەست لەگەڵ یاریزانان دەکەن، لێرە ئێمە لەسەر گیرفانی خۆمان بەشداری لە پاڵەوانێتییەکاندا دەکەین».

عەبدولوەدوود ئەکرەم یەکێکی دیکە لە یاریزانە کوردە پاڵەوانەکانی ئەم پاڵەوانێتییە، لەم بارەیەوە قسەی خۆی هەبوو بۆ گوڵان گوتی: «ئێمە وەکو یاریزانانی پرۆفیشناڵ حەز دەکەین ئەم پاڵەوانەتییانە بە بەردەوامی بکرێتەوە، ئەگەر لە هەولێریش بێت کە شاری خۆمانە باشترە، بۆ ئەوەی زیاتر پێشی بخەین، جگە لەوەش هیچ کەسێك نییە پشتگیریی ئەم یارییە بکات، زۆریشمان پێ خۆشە ئەم پاڵەوانێتییانە هەبێت، بۆ ئەوەی سەرکەوتنی کوردستان ڕابگەینین، ئەم جۆرە پاڵەوانێتییە پرۆفیشناڵانە گرنگیی خۆی هەیە، داوا دەکەین پاڵپشتیی ئەم یاریزانە پرۆفیشناڵانە بکرێت، سوپاسی زانکۆی جیهانیش دەکەین بۆ پاڵپشتیکردنی ئەم جۆرە چالاکییانە».

لای خۆیشییەوە (عەبدولسەمەد لەتیف) کە یەکێکی دیکەیە لە پاڵەوانە بەشداربووەکان، بۆ گوڵان قسەی خۆی هەبوو و گوتی: «پاڵەوانێتییەکی نێودەوڵەتی بوو کە ئاستێکی بەرز پێشکەش دەکرا و ڕکابەریی بەهێز لە نێوان یاریزانانی بەشداربوو هەبوو، منیش وەکو کوڕی هەولێر و بە ناوی کوردستانەوە لە کێشی ٨٠ کگم بەشدار بووم، توانیم لە یەکێك لە پاڵەوانەکانی ئەم پاڵەوانێتییە ببەمەوە و سەرکەوتن بەدەست بهێنم، هیوادارم گرنگیی زیاتر بەم یارییە بدرێت و ئاستی بەرەو پێش بچێت، سوپاسی یانەی وەرزشی زانکۆی جیهانیش دەکەم بۆ ڕێکخستنی ئەم جۆرە چالاکییانە».

پاڵەوانی کوردستان و عێراق (بەهێز ئیسماعیل) بەشداربوویەکی دیکەی ئەم پاڵەوانێتییە بوو، ئەویش بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەنجامدانی پاڵەوانێتی زۆر پێویستە بۆ یاریزانان، زیاتر پێش دەکەوێت و زۆر جیاواز دەردەکەوێت و یاریی دیکە دەبینی»، لە بارەی گرفتەکانیش گوتی: «ئەم یارییە یەکجار گرفتی زۆرە و هیچ پشتگیرییەکی نییە، وەکو پاڵەوانێکیش من لە کاتژمێر شەش و نیوی بەیانی تاکو شەشی ئێوارە کار دەکەم، دواتر دەچمە مەشقە وەرزشییەکان، بەوەش ناتوانم ئاستی خۆم بە تەواوی پێشکەش بکەم، چونکە ماندووبوونێکی زۆر دەبینم، لێرە دەبێ پارەی مەشقەکانیش بدەین، ئەم یارییە ئەگەر چەند پاڵەوانێتییەکی بۆ بکرێتەوە و ڕاگەیاندنەکان بە تەواوی پشتگیریی بکات، بە خەڵك دەناسیندرێت، یاریزانەکانیش هاندەری تایبەتی خۆیان هەیە لەم یارییە».






# ئاسۆ ڕۆستەم چاوەڕوانە

هەر چەندە ئەم وەرزە یانەکانی کوردستان و عێراق خۆیان بۆ وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی عێراقی ئامادە کردوە، بەر لە خولەکەش یاریزانانی بەشداربووی یانەکان خۆیان بۆ دەستپێکی خولەکە ئامادەکردوە، بۆ ئەوەی بتوانن کێبڕکێی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بکەن، ئاسۆ ڕۆستەم یاریزانی یانەی شورتەی شاری بەغدا لە ئێستادا چەندین یانە لەسەر هێڵن بۆ گواستنەوەی ئەم ئەستێرە کوردە، بەڵام ئەو بڕیاری کۆتایی نەداوە، سەرچاوەیەکیش ئەوەی ئاشکرا کردووە کە یانەی زاخۆ نزیکترین یانەیە لە گواستنەوەی ئەم یاریزانە بۆ ڕیزی یانەکەی، لە بارەی یەکلاکردنەوەی چارەنوسی خۆی بۆ وەرزی تازە، ئاسۆ ڕۆستەم بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «تاکو ئێستا لە هیچ یانەیەك نزیك نیم وەکو ئەوەی گرێبەستی لەگەڵ بکەم، جگە لەوەش کە ئێستا من گرێبەستم لەگەڵ یانەی شورتە هەیە، لەم یانەیەش نزیك نیم، بۆیە لەگەڵ هەر یانەیەك قسەیەکی جیاواز کراوە و بە شێوەیەك قسە کراوە کە جیاواز بووە لە یانەیەکی دیکە، هەر یانەیەك تایبەتمەندیی خۆی هەیە و شێوازی کارکردنیان جیاوازە، بۆیە من لە هیچیان نزیك نیم، لە بارەی هاتنی گرێبەستی دیکەش گوتی: «ڕاستە لە دەرەوەی وڵات گرێبەستم بۆ هاتبوو، بەڵام تازە درەنگە و کاتی گواستنەوە نەماوە، تاکو ئێستاش بە فەرمی خۆم بۆ هیچ یانەیەك یەکلا نەکردووە تەوە»، لە بارەی هەڵبژاردەی عێراقیش گوتی: «ڕاهێنەری هەڵبژاردەی عێراق بۆ هەر سەربازگەیەکی مەشقی بانگێشتی چەند یاریزانێك دەکات، ئێمەش لە لیستی ٥٠ یاریزانەکەی کاسیاسی ڕاهێنەری هەڵبژاردەکەین».

# کۆیەش دەستی بە جووڵە کرد

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی کۆیە بەشدارە لە یارییەکانی خولی پلە یەکی یانەکانی کوردستان، کارگێڕیی یانەی کۆیە ئەم وەرزە چاویان لە بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستەیە لە خولی پلە یەك و، لە ئێستاوە ستافی ڕاهێنەرانیان دیاری کردووە بۆ ئەوەی وەکو وەرزی ڕابردوو دەستبەتاڵ نەیەنە دەرەوە، ئیدارەی یانەکە بە فەرمی گرێبەستیان لەگەڵ یوسف کاکێ ڕاهێنەری پێشووی یانەکانی هەولێر و برایەتی و پەروەردە مۆرکرد، بۆ ئەوەی ئەم وەرزە بە فەرمی سەرپەرشتیی مەشقی یانەکە بکات لە خولی پلە یەك، جگە لەم ڕاهێنەرە، یانەکە بە فەرمی هەریەك لە ئەحمەد کاوە و زرار کرێکاری وەکو یاریدەدەر و ڕاهێنەری گۆڵپارێز ناساند، ئامانجی یانەی کۆیە لەم وەرزە ئەوەیە کە دەیەوێت بەم ڕاهێنەرە هەولێرییە شەڕی بەدەستهێنانی پلێتێکی خولی پلە یەکی کوردستان بکات، یانەکەش بگەیەننە ڕیزی یانە نایابەکانی کوردستان، وەرزی ڕابردوو یانەکە لەسەر دەستی عزەدین عەسکەری ڕاهێنەری شاری کەرکووک، توانی مانەوەی خۆی لە خولی پلە یەك مسۆگەر بکات، یانەکەش خەریکی کۆکردنەوەی یاریزانانی یانەکەیە بۆ ئەوەی دەست بە ئامادەکارییەکانی وەرزشی نوێ بکەن و لەگەڵ چەندین یاریزان قسەی کردووە بۆ ئەوەی بیانگوازنەوە ڕیزی یانەی کۆیە.






# دهۆک لە ئامادەکارییەکانی بەردەوامە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی دهۆك بۆ وەرزی نوێ خولی نایابی یانەکانی عێراقی دەستی بە مەشقەکانی کردووە، بۆ ئامادەکارییەکانی وەرزی تازە، کارگێڕیی یانەکەش ئەم وەرزە گرێبەستی لەگەڵ ژمارەیەك لە یاریزانانی یانەکەی نوێ کردووەتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێ ژمارەیەکی قورس بێت لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی، ڕۆژانە یانەکەش لەژێر سەرپەرشتی (سلێمان ڕەمەزان)ی ڕاهێنەر و حەیدەر سەباح یاریدەدەری ڕاهێنەر، مەشقەکانیان ئەنجام دەدەن، یانەکەش کەمپێکی مەشقی نێوخۆیی ئەنجام داوە بۆ ئەوەی بتوانێ یاریزانەکانی بە شێوازی باش ئامادە بکەین، کارگێڕی یانەی دهۆك بەفەرمی لەگەڵ هەریەك لە یاریزانان (سیپان عەگید، بەیار ئەبوبەکر، محەمەد سەعید، موسا شوکر، زیاد ئەحمەد، هەرێم تەحسین، ئاکۆ عوزێر، محەمەد عەدنان، وەلید سەلمان، ژیار گۆڤەند، ئەحمەد بەشار، دومینیك ڤینیسیوسی بەرازیلی، محەمەد معەن، فیراس زامل، محەد سالح -گۆڵپارێز) گرێبەستی کردووە و، بەم یاریزانە تازانە و یاریزانە کۆنەکانی دەیەوێت شەڕی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بکات لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی، دهۆك ئەم وەرزە پارەیەکی زۆری بۆ هێنانی یاریزانان تەرخان نەکردووە، بۆیە نایەوێ دەستبەرداری بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بێت لە خولی نایابی عێراقی و، دەیەوێت شانبەشانی یانەکانی کوردستانی بەشدار لە خولەکە و یانەکانی دیکەی عێراقی بکات، ئامانجی یانەی دهۆك ئەم وەرزە بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستەیە و شەڕی ئەنجام دەکات لە عێراق.






# مۆدریک هەموو شتێک لە پێناوی چێڵسی دەکات

یانەی چێڵسی هۆشداریی داوەتە میخایلۆ مودریك یاریزانی ئۆکراینی بەهۆی ئەوەی زیادەڕۆیی لە مەشق و راهێنانەکان دەکات و تەندروستی خۆی خستووەتە مەترسی.
رۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانیا لە راپۆرتە هەواڵێکدا ئاشکرای کردووە میخایلۆ مودریك لە پێناو بەهێزکردنی توانای جەستەیی و بوونی لەش ولارێکی جوان رۆژانە لە دەرەوەی یاریگە بەشێوەیەکی چڕوپڕ مەشقەکانی دەکات ئەمەش نیگەرانی لای دەستەی پزیشکی و راهێنەرانی چێڵسی دروست کردووە.
ڕۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانیا هێمای بۆ ئەوە کردووە مودریك بە تەواوەتی پابەندە بەو مەشق و راهێنانە توندانەی یانەی چێڵسی سەرەڕای ئەوەش دوای راهێنانەکانی لەگەڵ یانەکەی دەچێتە هۆڵەکانی لەشجوانی دوور لە پلان و بەرنامەی یانەکەی مەشق و راهێنانی زیادە دەکات.
مودریك هەموو پلانەکانی مەشقی یانەکەی جێبەجێ دەکات، بەڵام هەمیشە دەرفەتەکان دەقۆزێتەوە و دەچێتە هۆڵەکانی لەشجوانی و مەشقی زیادە دەکات و دەیەوێت هەم لەش ولارێکی جوانتری هەبێت هەم ئاستیشی باشتر بکات.
مودریك رۆژانە لەگەڵ راهێنەرێکی تایبەتی خۆی بە ناوی (دیما زابۆڤسکی) کاردەکات زۆرجار ڤیدیۆی وەرزشەکانی لە ئەکاونتی خۆی ئینستاگرام بڵاودەکاتەوە.
مودریك بەوە ناسراوە، کە خێراترین یاریزانی خولی ئینگلیزیە تەنانەت وێسلی فۆفانای هاوڕێی لە دوایین لێدوانیدا گوتی: مودریك خێراترین یاریزانە، کە بەرامبەری یاریم کردووە، تەنانەت لە کلیان ئێمباپێی هاونیشتیمانم خێراترە.
سەرەڕای ئەمەش مودریك ئەم وەرزە بەهۆی پێکان نەیتوانی لەژێر سەرپەرشتی ماوریزیۆ پۆچیتینیۆ بە ئاستی راستەقینەی خۆی دەربکەوێت.
مودریك دوای ئەوەی لەگەڵ یانەی شاختار ئاستی گەیشتە لوتکە چەندان یانەی گەورە هەوڵی گواستنەوەی ئەو ئەستێرە ئۆکرainییەی دا دواجار لە گواستنەوەی زستانەی ساڵی ٢٠٢٢ بە بەهای ١٠٠ ملیۆن یۆرۆ پەیوەندی بە یانەی چێڵسی کرد.
مودریك لەم وەرزەدا ٣ یاری لەگەڵ چێڵسی کردووە بە کۆی گشتی تەنیا ٦٦ خولەک یاریی کردووە، هیچ گۆڵ و ئاسیستێکی نەکردووە، وەرزی ڕابردووش تەنیا بەشداری لە ١٧ یاری کردووە.



# هالاند: تا ئێستا نەگەیشتوومە ئاستی میسی

ئێرلینگ هالاند هێرشبەری نەرویجی یانەی مانچستەر سیتی دانی بەوە دانا، کە ئەو هێشتا یاریزانێکی تەواو نییە و ئامانجی من ئەوەیە وەکو لیۆنێل مێسی فێری برین بم.
بە گوێرەی پێشبینییەکان خەڵاتی باڵۆن دۆر لە نێوان لیۆنێل مێسی و ئێرلینگ هالاند لە مانگی داهاتوو لە مەراسیمێکدا ئاشکرا دەکرێت.
ئێرلینگ هالاند لە چاوپێکەوتنێکی گۆڤاری فرانس فووتبۆڵ لە بارەی ئەگەری بردنەوەی خەڵاتی باڵۆن دۆر رایگەیاند دەرفەتی بردنەوەی خەڵاتەکەی هەیە. گووتی: من هێشتا گەنجم و دەتوانم ئاستی خۆم زۆر باشتر پێشبخەم، حەز دەکەم ئاستم بگاتە لیۆنێل مێسی بەتایبەتی لەڕووی بڕینی یاریزانانەوە حەز دەکەم وەکو مێسی بم.
لەبارەی بەراوردکردنی هالاند بە ئێمباپێ، هێرشبەرە نەرویجییەکە گوتی: دەبێت هەردووکمان باش لەوە تێبگەین مێسی و کریستیانۆ کاری شێتانەیان کردووە سەرەڕای تەمەنی گەورەیان، بەڵام من بەختم هەیە، کە توانیومە سەیری ئاستی سەرسوڕهێنەری مێسی و کریستیانۆ بکەم.
هالاند ڕەتی کردەوە، کە ئەو ئیلهامی یاریکردنی لە مێسی یان کریستیانۆ وەرگرتبێت، لەمبارەیەوە گوتی: من شێوازی خۆم هەیە و تەنیا سەرنج و بیرم لەسەر خۆم بووە، هەوڵدەدەم هەموو رۆژێك باشتر بم و بەردەوام چێژ وەردەگرم لەوەی دەیکەم.
ئێرلینگ هالاند لە هاوینی ٢٠٢٢ لە یانەی دۆرتمۆند بە بەهای ٦٠ ملیۆن یۆرۆ روویکردە مانچستەر سیتی، لە یەکەم وەرزیدا لەگەڵ یانە ئینگلیزییەکە ٥٢ گۆڵی لە سەرجەم پاڵەوانێتییەکان کرد و بووە گۆڵکاری خولی ئینگلیزی و خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا.
هالاند لەم وەرزە دوای ٤ هەفتەی سەرەتای خولی ئینگلیزی ٦ گۆڵی کردووە، هاتریکێکی تۆمار کردووە.



# پۆل پۆگبا راگیرا

دادگای نیشتمانی دژە ماددەی وزەبەخش لە ئیتاڵیا بڕیاریدا بەشێوەیەکی کاتی پۆڵ پۆگبا ناوەراستکاری یانەی یۆڤانتۆسی راگرت، دوای ئەوەی لە پشکنینی ماددە قەدەغەکراوەکان شکستی هێنا.

لە دوای یەکەمین یاری ئەم وەرزەی یۆڤانتۆس لە خولی ئیتاڵیا بەرانبەر ئۆدێنزی، سەرەڕای ئەوەی پۆگبا لەسەر کورسی یەدەگ بوو بەشداریی لە یارییەکە نەکرد، بەڵام لە ناکاو لێژنەیەك سەردانی یاریگەی کرد و پشکنینی ماددەی وزەبەخشی بۆ پۆڵ پۆگبا کرد ئەنجامی پشکنینەکەی پۆزەتیڤ دەرچوو ئەمەش دەرکەوتووە پۆگبا ماددەی قەدەغەکراوی هۆرمۆنی تێستۆستیرۆن بەکارهێنانەوە.

دواتر یانەی یۆڤانتۆس لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاندووە، کە پۆڵ پۆگبا یاریزانی یانەکەیان لە لایەن دادگای نیشتیمانییەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەی وزەبەخش ئاگادارکراوە، کە دەبێت بەشێوەیەکی کاتی لە چالاکییە وەرزشییەکان رابگیردرێت تاوەکو پشکنینی دووەمی بۆ دەکرێت.

بەگوێرەی رۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانیا ئەگەر تۆمەتی ماددە هۆشبەرەکان لەسەر پۆگبا ساغ بێتەوە ئەو یاریزانە بۆ ماوەی ٢ تا ٤ ساڵ لە یاریکردن و چالاکییە وەرزشییەکان سڕ دەکرێت.

بەشێك لە هاندەرانی یۆڤانتۆس بەشێوەیەکی گاڵتەجاری و تەنز هێرشیان کردە سەر پۆگبا، هاندەرێك نووسیویەتی: دوای ئەوەی وەرزی رابردوو لە قۆناغی دووەم گەڕایەوە یۆڤانتۆس پۆگبا هیچ شتێکی دڵخۆشکەر و ئەرێنی بۆ یۆڤانتۆس پێ نەبوو تاکە شتێکی ئەرێنی ئەو ماددەی وزەبەخشەیە، کە بەکاری هێناوە و بەهۆیەوە لە کۆڵمان دەبێتەوە و نایبینینەوە.

لە لایەکی دیکەیشەوە، پیمیانتا بەڕێوەبەری کارەکانی پۆڵ پۆگبا لە لێدوانێکدا بۆ کەناڵی فەرەنسی RMC Sport دەڵێت: چاوەڕێی دژە شیکاری زیاتر دەکەین، پێش ئەنجامەکان ناتوانین بۆچوونێکمان هەبێت ئەوەی، کە ئێمە دڵنیاین پۆگبا هەرگیز بەنیازی شکاندنی رێساکان نەبووە و چاوەڕوانی پشکنینی دووەم دەکەین.







# ڕۆژانە چەند پیادەڕۆیی پێویستە؟



پیادەڕۆیی Walking مەشقێکی کاردیۆی Cardio باشە، کاردیۆ واتە هەر مەشقێکی وەرزشی کە لێدانەکانی دڵ بۆ ماوەیەکی باش بەرزبکاتەوە هاوکات لەگەڵ خێرابوون و قووڵتربوونی هەناسە. پیادەڕۆیی هەنگاوێکی گەورە و ئاسانە بۆ باشترکردنی تەندروستی، بەڵام ئایا ڕۆژانە چەند پیادەڕۆیی پێویست دەکات؟ بۆ ئەم مەبەستە، پسپۆڕانی تەندروستیی ئەورووپی ڕێنمایی پیادەڕۆیی تەنیا ٤،٠٠٠ هەنگاوی ڕۆژانە دەکەن بە خێرایی ١٠٠ هەنگاو لە یەك خولەکدا کە ڕۆژانە نزیکەی ٤٠ خولەك دەخایەنێت. ئەمەش ڕوون کراوەتەوە کە هەر چەند ماوەی پیادەڕۆیی زیاتر بێت هێندە سوودە تەندروستییەکانیشی زیاتر دەبن، هەروەها بە گوێرەی خێرایی پیادەڕۆیی، بۆنموونە: باشترکردنی تەندروستی و توانای دڵ، بەهێزکردنی پەیکەرە ماسوولکەکان و ئاستی بەرگەگرتنیان، بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی لەش، باشترکردنی مەزاج و فرمانەکانی مێشك، کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش، بەهێزکردنی ئێسك، ڕێکخستنی پەستان و شەکری خوێن، کۆنترۆڵکردنی ئاستی کۆلیستیرۆڵ، سووککردنی ئازار و سخبوونی جومگەکان، هەروەها زیادکردنی توانای هاوسەنگیی لەش لە هەر جۆرە جووڵەیەك و ڕێگرتن لە کەوتن. ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت پیادەڕۆیی ئەنجام بدەن، پێویستە کە سەرەتا بە هەنگاوی کورت و هێمن دەست پێبکەن بۆ دووریی کەم، پاشان بەرە بەرە هەنگاوی گەورەتر بۆ دووریی زیاتر، ئینجا بەرە بەرە لە خێرایی پیادەڕۆیی زیاد بکەن تا ماوەکەی دەگاتە ڕۆژانە ٣٠-٤٥ خولەك. بێگومان پێویستە ئەمەش لە یاد نەکرێت کە پێڵاوی تایبەت بە پیادەڕۆیی و ڕاکردن تەرخان بکرێت.

# بەهای خۆراک

شیلیك (فەراولە) Strawberry بەهایەکی خۆراکیی بەرزی هەیە بەوەی کە دەوڵەمەندە بە ڕیشاڵ، مادده دژەئۆکسانەکان، ڤیتامین C، ڤیتامین B9 یان فۆلەیت، کانزای مەنگەنیز، پۆتاسیۆم، لەگەڵ ڕێژەیەکی کەمی شەکر. سوودە تەندروستییەکانی شیلیك: کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا کە هاندەرە بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشییە درێژخایەنەکان، پاراستنی تەندروستیی دڵ، خۆپاراستن لە ڕوودانی جەڵتەی مێشك، کۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێن، خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە گەلێك جۆری شێرپەنجە بەتایبەتی شێرپەنجەی جگەر، ڕێکخستنی ئاستی شەکری خوێن، باشترکردنی فرمانەکانی کۆئەندامی هەرس و هاندانی گەشەی بەکتریای سوودبەخشی ڕیخۆڵە، هاندانی کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش لە

# چۆن خۆت لە کۆلێرا دەپارێزیت؟

کۆلیرا Cholera نەخۆشییەکی بەکتریایی گوازراوەیە، بەکتریاکە لە ڕیخۆڵە باریکەدا گەشەدەکات، ئاو و خۆراکی ئالوودەبوو سەرچاوەی سەرەکیی گواستنەوەن، نیشانەکان ١٢-٢٤ کاتژمێر پاش تووشبوون دەردەکەون کە بریتین لە: سکچوونی ئاوی، سک ئێشە، ڕشانەوە، تا و لەرز Chills، لەگەڵ نیشانەکانی کەمبوونەوەی ڕێژەی شلەی لەش وەکو بێهێزی، سەرسووڕان، تینوێتی، وشکبوونی دەم.

هەنگاوەکانی خۆپاراستن لە کۆلێرا:

- دڵنیابوون لە پاکیی ئاوی خواردنەوە، بەکارهێنانی ئاوی بتڵ یان ئاوی کوڵاو و ساردکراوە بۆ خواردنەوە و شووتنی ددان و ئامادەکردنی خۆراک و شلەمەنییەکانی دیکە، ئاو بە کوڵاندن و کلۆر بەتەواوی لە بەکتریای کۆلێرا پاک دەبێتەوە.
- گرنگیدانی زۆر بە شووشتنی دەستەکان بە سابوون و ئاوی پاک لەم کاتانەدا: پێش و پاش ئامادەکردنی خۆراک، پاش بەکارهێنانی توالێت، پاش پاککردنەوەی منداڵ، هاوکات لەگەڵ دوورکەوتنەوە لە بەرکەوتنی دەستەکان بە دەم و لووت. لە کاتی دووری لە ئاو و سابوون، دەتوانرێت کە دەستەکان بە بەکارهێنانی پاککەرەوەی ئەلکهولی ٦٠٪ و بەسەرەوە لە میکرۆب پاک بکرێتەوە.
- کوڵاندنی خۆراك بە باشی و داپۆشینی، شووشتنەوەی سەوزە و میوەکان بە گیراوەی سرکە یان پاوەدری کێك، هاوکات لەگەڵ قەڵاچۆکردنی مێش و مەگەزی ناوماڵ.
- گرنگیدانی زۆر بە چێشتخانەی ماڵ و شووشتنی کەلوپەل و قاپ و قاچاخی خۆراك بە ئاو وسابوون پاشان وشککردنەوەیان.
- گرنگیدان بە پاکوخاوێنیی توالێت و بەکارهێنانی گیراوەی نەهێشتنی میکرۆب Disinfectants.



# ـــــــــیی شیلیک

ڕێگەی تاودانی کرداری سووتاندنی چەوری، بەهێزکردنی سستمی بەرگریی لەش بەرانبەر بە بەکتریا و ڤایرۆسەکان، پاراستنی تەندروستیی پێست و دواخستنی کرداری زووپیربوون یان لۆچبوونی پێست، دابەزاندنی ئاستی کۆلیستیرۆڵ لە خوێندا، باشترکردنی تواناکانی مێشك، پاراستنی تەندروستیی چاو، بەتایبەتی کەمکردنەوەی ئەگەری ئاوی سپی Cataract لە هاوێنەی چاودا، هەروەها هاندانی گەشەی دروستی کۆرپە و پاراستنی لە ئەگەری سەقەتیی زگماکیی پەیوەست بە گەشە و پەرەسەندنی کۆئەندامی دەماری کۆرپە.



# جگەرەکێشان ئەگەری خەمۆکی تا دوو هێندە زیاد دەکات

بەم دواییە، توێژەرانی زانکۆی ئارهوس Aarhus/ دانیمارك جەختیان کردووەتەوە کە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان جگەرەکێشان و تووشبوون بە نەخۆشییە دەروونییەکاندا هەیە، بۆنموونە جگەرەکێشان ئەگەری تووشبوون بە خەمۆکی و گرفتی دووجەمسەرە Bi-polar disorder تا دوو هێندە بەرز دەکاتەوە. لە لێکۆڵینەوەکاندا ئاماژە بەوە کراوە کە هۆکاری ئەم پەیوەندییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ماددەی نیکۆتین Nicotine کە لە جگەرەدایە هۆکارە بۆ تێکدانی خانەکانی مێشك، هاوکات لەگەڵ چەند میکانیزمێکی بایۆلۆژی، بۆنموونە باسی ئەوە کراوە کە ماددەی نیکۆتین ڕێگەدەگرێت لە هەڵمژینی ماددەی سیرۆتۆنین Serotonin کە گەیەنەری سیگنالی دەمارەکانە لە لایەن خانەکانی مێشکەوە، ئەمەش سەلمێنراوە کە ڕێژەی کەمیی ماددەی سیرۆتۆنین لە مێشکدا هاندەرە بۆ خەمۆکی. ئەگەرچی جگەرە لە سەرەتای کێشانیدا هاندەرە بۆ دەردانی ماددەی سیرۆتۆنین لە مێشکدا، بۆیە جگەرەکێش هەست بە ئارامبوونەوە دەکات، بەڵام جگەرەکێشانی درێژخایەن کاریگەریی پێچەوانەی هەیە، واتە بە تێکڕایی ڕێژەی سیرۆتۆنین لە مێشکدا کەم دەکاتەوە، کە کاریگەریی دەروونیی نەرێنی لێ دەکەوێتەوە. لە لایەکی دیکەوە باسی ئەوە کراوە کە جگەرەکێشان دەبێتە هۆی هەوکردن Inflammation لە مێشکدا کە بە تێپەڕبوونی کات چەند بەشێکی مێشك تێك دەدات و ئەگەری گرفتی دەروونی دێتەوە پێشەوە.






# گرنگیی زیاد خواردنەوەی ئاو

نزیکەی ٦٠٪ی کێشی لەش لە ئاو پێك هاتووە، ئاو بەشدارە لە زۆربەی فرمانەکانی لەشدا، بۆیە پێویستە کە هەر کەسێك ڕۆژانە بڕێکی باشی ئاو لە کاتی جیاوازدا بخواتەوە. گرنگیی ڕێژەی تەواوی ئاو لە لەشدا: گواستنەوەی ئۆکسجین و ماددەی خۆراکی بۆ خانەکانی لەش، چونکە ئاو ڕێژەی ٩٠٪ی خوێن پێك دەهێنێت، ڕاماڵینی بەکتریا لە میزڵدان و ڕێگرتن لە دروستبوونی بەرد لە کۆئەندامی میزەڕۆدا، هاندانی هەرسکردنی خۆراك و ڕێگرتن لە قەبزی، ڕێکخستنی پەستانی خوێن، تەڕکردنی جومگەکان و هەڵمژینی هێدەمە بۆ پاراستنیان لە زەبر و فشار لەوکاتەی کە ئاو ڕێژەی ٨٠٪ی کرکراگەکانی جومگە پێك دەهێنێت، پاراستنی شانە و ئەندامە ناسك و هەستیارەکانی وەکو مێشك و پەتکە دەمار، ڕێکخستنی پلەی گەرمیی لەش، پاراستنی تەندروستیی پێست، هاندانی دابەزاندنی کێشی لەش لە ڕێگەی تاودانی کرداری میتابۆلیزم (زیاد سووتاندنی کالۆری) و زیادکردنی هەستی تێربوون و ڕێگرتن لە زیاد خواردن، ئاو هاندەرە بۆ توانەوەی کانزا و مادده خۆراکییەکان تاکو لەش بە ئاسانی سوودیان لێ وەربگرێت، لە گورچیلەکانیشدا هاندەرە بۆ فڕێدانی پاشەڕۆکان لەوکاتەی کە ئاو گرنگیی زۆری بۆ فرمانی گورچیلەکان هەیە لە پاراستنی هاوسەنگیی ئاستی شلە لە شدا، هەروەها خواردنەوەی بڕی زیاتری ئاو هاندەرە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئاگایی Alertness چونکە کەمبوونەوەی ڕێژەی شلەی لەش هۆکارە بۆ هەستکردن بە ناڕەحەتی و ماندووبوون و بۆرژان.

# زیانە تەندروستییەکانی نەخواردنی ژەمی بەیانی



ژەمی بەیانی گرنگترین ژەمی خواردنە، نەخواردنی ژەمی بەیانی هاندەرە بۆ زیاد خواردن لە کاتێکی درەنگی ئێوارە و شەودا لەوکاتەی کە لەش پێویستی بە کالۆریی زیاتر نییە، ئەمەش هۆکارە بۆ بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی ئاستی هۆرمۆنی ئینسولین پێش نووستن و کۆبوونەوەی چەوری لە لەشدا لەکاتی نووستن.
زیانەکان: زیادبوونی چانسی ڕوودانی نۆرەی دڵ بە ڕێژەی ٢٧٪ لەگەڵ بەرزبوونەوەی پەستای خوێن و ڕەقبوونی خوێنبەرەکان کە ئەگەری جەڵتەی مێشك بەرزدەکەنەوە، زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم، زیادبوونی کێشی لەش و قەڵەوی، کاریگەریی نەرێنی لەسەر مەزاج و ئاستی وزەی لەش، زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجە لە ئەنجامی زیادبوونی کێش و قەڵەویدا، کەمکردنەوەی تواناکانی مێشك بەتایبەتی لە نەوجەوانانەدا، زیادبوونی ئەگەری نۆرەی شەقەسەر و سەرئێشە لەبەر دابەزینی توندی ئاستی شەکری خوێن و بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، زیادبوونی ئەگەری قژهەڵوەرین، هەروەها نەخواردنی ژەمی بەیانی کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر کرداری میتابۆلیزمی لەش Metabolism.






# ئۆتۆمبیلی فڕۆکەی جۆری Transforming AirCar

وڵاتی سلۆڤاکیا لە بواری پیشەسازیدا ناو و ناوبانگی نییە، لە بەرهەمهێنانی چەك و تەقەمەنیدا زیاتر ناسراوە.

ئۆتۆمبیل فڕۆکەی جۆری Transforming AirCar لەلایەن وڵاتی سلۆڤاکیا بەرهەم هاتووە، فڕۆکەکە لەلایەن پرۆفیسۆر «ستایڤن کلاین» بەرهەمهاتووە. گروپێکی هەشت کەسی زیاتر لە سەد هەزار کاتژمێر کاریان لەبەرهەمهێنانیدا کردووە. زیاتر لە ٧٠ کاتژمێر بە ئاسماندا فڕیوە.

ئۆتۆمبیلی ئاماژە بۆ کراو، مەکینەی ١,٦ لیتری BMWی لەسەرە، هێزەکەی ١٤٠ ئەسپی هەڵمییە. هەوڵ دەدرێت خێرایی ئۆتۆمبیلەکە بگەیەننە ٣٠٠ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا کە بتوانێت هەتا ١٠٠٠ کیلۆمەتر بڕوات، بەڵام لە ئێستادا خێراییەکەی ١١٥ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدایە. لە سەر جادەش ١٦٠ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا دەڕوات. بە داگرتنی دوگمەیەك لە فڕۆکەوە دەبێتە ئۆتۆمبیل.

# ئامێرێکی گرنگ بۆ تۆمارکردنی پەیوەندییەکان




ئەگەر تۆ لە ڕاگەیاندندا کار بکەی و نیازت هەیە لە ڕێگای دوورەوە بە مۆبایل دیمانەیەك بکەی. یان کەسێکی ئاسایی یا بازرگانێکی و تۆمارکردنی پەیوەندییەکان بۆ تۆ گرنگن، ئامێری Plaud Note AI باشترین ئامێرە بۆ تۆمارکردنی پەیوەندییەکان بە هاوکاری زەینی دەستکردەوە. ئامێرەکە بەهۆی موگناتیسەوە بەمۆبایلەکەتەوە دەنووسێت و ئیتر بە داگرتنی دوگمەیەك هەر پەیوەندییەکی بۆت بێ، خۆمار تۆماری دەکات. لەوەش گرنگتر پەیوەندییە تۆمارکراوەکە دەکاتە دەق، دەنگ و دەقەکە بۆ مۆبایلەکە بەڕێ دەکاتەوە. ئامێرەکە بۆ تۆمارکردنی پەیوەندییەکان سوود لە سیستەمی ژیری دەستکردی ChatGPT وەردەگرێ و، دەکرێت وای پرۆگرام بۆ دابندرێ کە دیمانەیەکی چەند کاتژمێری لە کاتژمێرێکدا کورت بکاتەوە و پوختەی دیمانەکەت بۆ بکاتەوە دەق. دەتوانی بێ پچڕان ٣٠ کاتژمێر دەنگ تۆمار بکات و هەروەها ٤٨٠ کاتژمێریش دەنگی تۆمارکراو لەخۆیدا هەڵبگرێ



# کامێرایەکی ناوازە بۆ کۆڕوکۆبوونەوەکان

وێب کامەکان واتە ئەو کامێرایانەی تایبەتن بە جیهانی وێب و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، تایبەتمەندییەکانیان جیاوازە. کامێرای جۆری IPEVO TOTEM 360تەنانەت لە ڕیزی کامێرا وێبکەمەکانیش جیاوازە. کامێراکە کاتێك لەسەر مێزگردێك دادەنرێ، دەتوانێ بە هەرچوارلادا فیلم هەڵبگرێ. کاتێك یەکێك لە جیهانی ئینتەرنێتدا سەیریان دەکا، هەموو گۆشەکان دەبینێت.

کامێراکە هەروەك لەناوەکەیدا دیارە، ٣٦٠ پلەیە، چوار ئاوێنەی هەیە. مایکێك و سپیکەرێکی بەهێزی هەیە بە جۆرێك دەنگی چوار لای خۆی وەردەگرێت. لە سیستەمی زیرەکی دەستکرد سوود وەردەگرێ، دەنگە دەنگە و ژاوەژاو کەم دەکاتەوە. بۆ هەموو سیستەمێکی کۆمپیوتەر و مۆبایل دەبێت، هەروەها بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی سکایپی و زووم و میت و ...تاد خۆکار خۆی دەگونجێنێت.

# مۆبایلێک بەبێ هیچ تایبەتمەندییەک!

لەم دە ساڵەی دواییدا هیچ ئامێرێك بەقەد مۆبایل گەشەسەندنی بەخۆوە نەدیت، بە جۆرێك وای لێهاتووە مۆبایلەکان مرۆڤەکانیان کردۆتە دیلی خۆیان و بۆتە بەشێکی سەرەکی ژیانی ڕۆژانە. زۆر جار دەڵێن خۆزگەم بە جاران کە هیچ مۆبایلێك لە ئارادا نەبوو.

کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنی تەکنەلۆژیای نوێ، دەیەوێ ئەو خۆزگەیە بێنتە دی و مۆبایلێکی بچووکی بەناوی light phone II بەرهەم هێناوە کە هیچ تایبەتمەندییەکی نییە. تەنیا دەتوانی تەلەفونی پێبکەی و کورتەنامە SMS بەڕێ بکەی و ئیدی هیچی دیکە. نە کامێرا، نە وێنە نە هیچ پرۆگرامێکی لەسەر نییە. سیستەمی بلوتوس و جی پی ئێسی هەیە.

سایز و قەوارەی مۆبایلەکە نیو هێندەی مۆبایلێکی ئاساییە، کێشەکەی زۆر کەمە. دوو ڕەنگی ڕەش و سپی هەیە. ئەوە ئاساییە مۆبایلێکی لەم شێوەیە چەندین ڕۆژ پێویستی بە شەحنکردنەوە نییە. شاشەکەی لە حیبری یەك ڕەنگی ئەلکترۆنییە. بەکارهێنانی مۆبایلێکی وا، کارێك دەکات مرۆ چیدی دیلی مۆبایل و تەکنەلۆژیای نوێ نەبێت.



# بچووکترین پاوەربانک




و گەڕۆك بۆ گەشت و
پاوەربانك، وزەی
سەیران و شوێنە دووردەستەکانی دوور لە وزەی
کارەبا گرنگی خۆی هەیە. پاوەربانکەکان
بە زۆریان ئەوەندە گەورە و کێشیان هەیە کە
ناکرێت لە بەرك بخرێن. بەڵام پاوەربانکی
جۆری هەر بە قەد کارتێکی ڕێکلام دەبێت
و دەکرێت لە جزدانەکەتدا هەڵیبگری.
لە هەر شوێنێك پێت بێ، لەکاتی
پێویستی و بێ وزەییدا ڕۆڵی خۆی
دەبینێ. بەرهەمهێنەری پاوەربانکەکە پێیوایە
بچووکترین پاوەربانکی جیهانە. لە کاتی
پێویستدا ۳۰ هەتا ۱۰۰٪ وزە دابین دەکات.
بارستایی کارتەکە ۸ ملمە. نە تەنیا مۆبایل
دەکرێت هێدفۆن و سپیکەریشی پێ شەحن
بکرێتەوە. کێشی پاوەربانکەکە تەنیا ......
گرامە.
چوار گلۆپی بچووکی تێدایە کە نیشان
دەدا چەندە وزەی تێدایە. خۆی لە پۆڵای
دژە ژەنگ دروستکراوە. بۆ هەردوو جۆری
ئەندرۆید و ئایفۆن دەبێت. وزەی کۆگاکراو
زۆر نییە تەنیا ۲۷۰۰ میلی ئامپێرە، بەڵام
بۆ کاتی پێویست گرنگی خۆی هەیە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

بەڕێزێك دەپرسێت wordpress چییەو بۆ چ مەبەستێك دەبێت؟ خوێنەری بەڕێز، ئەگەر بتهەوێ ماڵپەڕێکی تایبەت بەخۆت هەبێ، یا ماڵپەڕێك بۆ کۆمپانیا یا هەر شوێنێکی بازرگانی بێت، میدیایی یا کاری ئەدەبی سیاسی...تاد. پێویستت بە شوێنێك هەیە کە ماڵپەڕەکەی لێدروست بکەی تا لە ئینتەرنێتدا بڵاو بێتەوە. ماڵپەڕی wordpress ئەو ئەرکە بە خۆڕایی و بێ بەرامبەر دەبەخشێت. تەنیا ئەوەندە بەسە کە ناوێك بۆ ماڵپەڕەکەت دیاری بکەی و پاشان لە ماڵپەڕی wordpressدا هەژماری خۆت بکەیەوە و وردپرێس دابەزێنی و پێگەیەکت هەبێ بۆ ئەوەی بابەت و مەبەستەکانی خۆتی لەسەر دابنێی. هەر ئەوەندە و بەس. بەهۆی ئاسان بەکارهێنان لە دروستکردنی ماڵپەڕدا دەکرێ بڵێین دوو لەسەر سێی گشت ماڵپەڕەکانی جیهان لە وردپرێس سوودیان وەرگرتووە.

# لەگەڵ ژیری دەستکرد شەترەنج بکە

شەترەنج یارییەکی بیری بەهێزە، یارییەك کە لەودا تەنیا زەین و هۆش و لێکدانەوە ڕۆڵ دەبینێ و شانس هیچ ڕۆڵێکی نییە. شەترەنج لە ڕیزی وەرزشیش داندراوە چونکە لەودا مێشك زۆر ماندوو دەبێت. مێژووی شەترەنج بۆ چەند هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە.

لە سەردەمی ژیری دەستکردا شەترەنجی جۆری GoChess بەرهەم هاتووە، لەو شەترەنجە زیرەکەدا دەتوانی ڕکابەرەکانت لە هەر کوێ بن لەگەڵیان یاری بکەی. هەموو دوگمەکانی زیرەکن و خۆکارن. شەترەنجی ناوبراو وەك مامۆستایەك فێری شەترەنجت دەکا. فێرت دەکات چۆن جوڵە بکەی. دەکرێ دوور لە تەختە شەترەنجەکەش بی و یاری لەگەڵ بکەی. شەترەنجەکە دەتوانێت لەگەڵ خۆشی یاری بکات.






# سینەمای تایبەت بە منداڵان

بە داهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ، سینەما لە برەو کەوت و لە زۆر وڵاتاندا هۆڵی سینەما نەماوە. ئەگەر بتهەوێ جارێکی دیکە هۆڵێکی سینەما بەڵام بچووکتر لەماڵەوە دروست بکەی پێویستت بە پرۆژکتەر یا داتاشۆیە. داتاشۆکان گەلێکن و تایبەتمەندی جیاوازیان هەیە. داتاشۆی جۆری WEWATCH V30SE داتاشۆیەکی منداڵانەیە. بچووکە و بۆ هەموو شوێنێك دەبێت، دەکرێت ژووری منداڵەکەت بکەی بە سینەما. کوالیتی نیشاندان فوول ئیچ دییە. کاتێك لە دیوار نیشان دەدا بەقەد شاشەیەکی ٤٠ هەتا ١٢٠ ئینجی دادەگرێ. بڵندگۆی هەر لەخۆیدایە. سیستەمی وای-فای خێرای هەیە و ڕاستەوخۆ لە ئینتەرنێت فیلم وەردەگرێ و بڵاوی دەکاتەوە. دژە تۆز و خۆڵە. لە تیڤی زیرەك و مۆبایلیش پەیوەند دەدرێت. دەکرێت فیلمەکانی سەر تیڤی یا لاپتۆپ یا مۆبایل نیشان بدات. جگە لەوەش شوێنی دانانی میمۆریش هەیە و دەکرێت فیلمی سەر فلاش میمۆریش بخوێنێتەوە.




## ماڵپەڕێکی زیرەکی دەستکرد بۆ ئاواز دانان

ئاوازدانان لە گۆرانی گوتن سەخترە، لە راستیدا ئاواز بنەمای سەرەکی گۆرانییە. هەرچەندە دەنگیشت خۆش بێ، بەڵام ئەگەر نەتوانی ئاوازێك دابنێی ئەوە هیچ سوودێکی نییە. ئاوازدانەری دەکرێ هونەرێکی جیا لە دەنگخۆشی بێت. ئاوازدانەر هونەرێکە و دەنگخۆشیش هونەرێك. لە سەردەمی زیرەکی دەستکرددا ئاوازیش بە زیرەکی دەستکرد دادەنرێ. ماڵپەڕی Soundful.com تایبەتە بە دانانی ئاواز و گۆرانی. کاتێك ماڵپەڕەکە دەیکەتەوە هەژمارێك بۆخۆت دادەنێی، دەتوانی خۆت ئاوازەکە دەستکاری بکەی. ماڵپەڕەکە بۆ یوتیوبەر و ئەوانەی لە سۆشیال میدیادا کار دەکەن سوودێکی زۆری هەیە و کاتێکی زۆر دەگێڕێتەوە. هەر ئەوەندە بەسە شێوازی مەبەستی خۆت هەڵبژێرە و ماڵپەڕەکەش پارچەیەکەت لە شێوازەکە پێشکێش دەکا.

# پرۆگرامێک بۆ دیزاینی جلوبەرگ

پیشەی جل و بەرگ دروون، دژوارترین ئەرکی دیزاین و نەخشەسازییەکەیەتی، کە جلوبەرگت دیزاین کرد، درونەکەی زۆر ئاسانە. پرۆگرامی Marvelous Designer بۆ ئەم مەبەستە داندراوە، ئەوەی بە خەیاڵتدا دێت بە پرۆگرامەکەی بسپێرە و ئەرکی دیزاینەکەی جێبەجێ دەکا. پرۆگرامەکە نەخشەسازییەکەی بە شێوەی سێ ڕەهەندییە و بەکارهێنەر لەسەر کۆمپیوتەر یا مۆبایل، نموونەی کارەکەی خۆی دەبینێت. دەتوانی دیزاینەکە بکەی بەر کاراکتەرێکی مەجازی و لەوێوە کەموکوڕییەکانی ببینی. پرۆگرامەکە هاوشێوەی پرۆگرامی CAD توانای دیزاینی هەموو جۆرە جلوبەرگێکی هەیە. هەموو جۆرە پارچەیەکی دەکرێ پێ دیزاین دەکرێ و ڕێك وەك خۆی دەردێت، بۆ نموونە پارچەی نەرم، پارچەی کێشی، مەخمەر، ئەستوور، تەنك... تاد. لەگەڵ پرۆگرامە سێ ڕەهەندییە ئاست بەرزەکانی وەك 3Dmax و maya دەگونجێت. تەنانەت شێوازی دروونەکەش لە پرۆگرامەکە دا هەیە.








# چۆن خۆت لە شەرمکردن بە دوور دەگریت

زۆر جار بەهۆی شەرمەوە ئامانجێکت بۆنایەتەدی، بۆیە هەندێك جار پێویستە بەسەر شەرمدا زاڵ بیت، چونکە بێدەنگبوون و شکانەوە لەژێر ناوی شەرمەودا زۆر جار دەبنە مایەی کێشە، بۆیە دەتوانیت ئەو دیوارە بشکێنیت و بەسەر ئەو گرفتەدا زاڵ بیت. دەکرێت لە ڕێگەی چەند ڕێنماییەکەوە بتوانیت لەو گرفتە خۆت ڕزگار بکەیت، بەم چەشنە: هەندێ جار کەسێك بە باشە باست دەکات، تۆش تووشی شەرم دەبیت، نابێت لەم کاتەدا بێدەنگی هەڵبژێریت، بەڵکو تۆش دەتوانی هەمان سیفاتی ئەو کەسە باس بکەیت، تاوەکو لە شەرمەکە ڕزگارت ببێت، کاتێك تووشی کەشێکی ناخۆش دەبیتەوە، دەتوانی ئەو کاتە بیر لە کارە باشەکانت بکەیتەوە، یان ئەو شوێنە بۆ ماوەیەك جێبهێڵە بە بیانوی هاتنی پەیوەندی یان تەلەفۆنکردنێکی بەپەلەت بۆ هاتووە، کاتێك پێویستت بە کەسێکە بۆ کارێك، شەرم مەکە و داواکارییەکەت بە شێوەیەکی جوان پێشکەش بکە، کاتێك کەسێك لە شوێنێك بە خراپە باست دەکات، یان هەڵە و کەتنەکانت بڵاو دەکاتەوە، دەتوانی لەگەڵ ئەوان بابەتەکە خۆشتر بکەیت، ئەگەر پێی بێزار نابیت، یان بڵێ تکایە باسی ئەو بابەتە مەکە.



# خشڵ و ئێکسسوارە تازەکان بۆ کەشی فێنک



بەهـۆی ئـەوەی لەمـەودوا بـەرەو کەشـێکی فێنکـی شـەوانە دەڕۆیـن، پێویسـتمان بـە نیمچـە گۆڕانکارییـەك لـە خشـڵ و ئێکسسـوارکاندا هەیـە، چونکـە خشـڵەکانی وەرزی گـەرمـا هەندێك جیاوازیـان دەبێت لەگـەڵ خشـڵەکانی پێشـوودا، لـە وەرزی هاوینـدا کۆلێکشـنێك لـە شـەش جـۆرە ئێکسسـوار پێك هاتبـوون بۆ ئـەو وەرزە دەگونجان، بەڵام مۆدی تازەی هەمـان کۆلێکشـن بـۆ کەشـی فێنکـی شـەوانە و دەرچـوون و سـەردانی بریتیـی دەبـن لـە: ملوانکـەی مارکـەی بولگـەری، کـە بـە dives dream ناسـراوە، بەشـەکانی زیاتـر لـە بـەرد پێـك هاتـووە و لەگـەڵ بوونـی بریقەیەکـی ناسـك لەسـەر خشـڵەکەدا، پارچـەی دووەم کاتژمێـری جـۆری (ڤان کلیڤ )ـە کە بە sweet Alhambraیە، بە نەخشـونیگاری نـاوەوە ڕازاوەتـەوە، گـوارەکانیـش لـە مارکـەی (کارتێیـە) کـە ورد و بچووکـن و ڕەنگێکـی ناسـك و تاکڕەنـگ لـە خـۆ دەگرێت، بازنەکانیـش لـە مارکـەی (تیفانـی لوك)ـە کـە بەشـی سـەرەوەی نەخـش و بەشـی ژێرەوەشـی زنجیـر کـراوە، گـوارەکانیـش لـە مارکـەی (میسـیکا) ئامـادە کـراوە، لـە ڕەنگـی کـراوە و دیـار، شـێوەیەکی ناسـك و بچووکیـش لـە خـۆ دەگرێت.




# جینز و پانتۆڵی کراوە بۆ دەرچوون و گەشت و بۆنەکان

پێشتر مۆدی جینز زیاتر لە ڕەنگ و ستایلی شین بوون، بەڵام لە دوای دەرچوونی پۆلێك لە جینزی جیاواز و هەمە چەشن، کە مۆدی تەنوورە و پانتۆڵەکانیشی لەخۆ گرتبوو، بەم جۆرە توانی بەسەر هەردوو مۆدە کێبڕکێکەی دیکەدا زاڵ بێت و ببێتە خۆشەویست و باو لای زۆربەی خانمان، مۆدی جاران زیاتر جینزی کراوە و فراوان بوو، ئەوانەی ئێستا زیاتر لە شێوەی بەدی و جەستەگر و تەسکن، جگە لەوەش ماددەی لاستیك و مەتات دەخرێتە ناو پێکهاتەکەیەوە، بۆیە لەبەرکردنیشی خۆش و فراوانە، لە شێوە و ڕواڵەتیشدا ئەوەی ئێستا باون، بە نەخشی جۆراوجۆر ناسراون، لەوانە : بوونی نەخش لەسەر بەشی پێشەوەی پانتۆڵە جینزەکە، کە بە لیزەر ناسراوە، یان ئەوانەی سادەن و بێ نەخشن و تەنیا لە جینز دروست کراوە، وێڕای جۆراوجۆری لە ڕەنگی ئەو جینزانە، کە هەندێکیان لە شێوەی پانتۆڵە قوماشن، هەروەها لەسەر شێوەی تەنوورەش دروست کراون، کە خانمان دەتوانن جینز وەك خۆی و لە شێوەی پانتۆڵی قوماش و تەنوورەش لەبەر بکەن، ڕێنماییەکی تازەی پسپۆڕان بۆ جینز ئەوەیە، کە بەبێ پشتێن لەبەر بکرێت، تا نەخش و شێوازی ڕاستەقینەی خۆی بە ڕێکی و تەواوی دەربخات.







# قاوەخانەیەک لە شێوەی وێنەی کارتۆنی

ئەو قاوەخانەیە بەناوی (یۆنام دۆنگ ٢٣٩-٢٠)ـە، دەکەوێتە وڵاتی کۆریای باشوور، کەشێکی بەجۆش بۆ میوانان بەردەست کراوە، کاتێك سەیری هەر لایەکی خۆت دەکەیت وادەزانی لە نێو جیهانێکی دیکەی جیاواز لەم جیهانەیت، ئەو بیرۆکەیە لە زنجیرە کارتۆنی کۆری (two worlds) وەرگیراوە، کە لە داهێنەرانی (لی گۆنگ سوك و هان هۆ جۆ)یە، باس لەو کەسایەتییانە دەکات لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە دێنە نێو جیهانی مرۆڤەوە. تەواوی دیوارەکانی ئەو قاوەخانەیە سپییە و بە نەخشونیگاری ڕەنگاورەنگیش دیزاین کراوە، تا هەست بە جیهانێکی دیکە بکەیت.

# باڵندەکان زبڵ و خاشاک کۆ دەکەنەوە


یەکێك لە کارە نایاب و سەرسامەکانی شارەوانی لە وڵاتی فەرەنسا ڕاهێنانی باڵندە خۆماڵی و کێوییەکانە، تا زبڵ و خاشاك لە گۆڕەپانەکانی شوێنە گشتییەکاندا بە دنووك کۆ بکەنەوە و بیخەنە نێو سەبەتە و شوێنی زبڵدان، بیرۆکەکەش بەم چەشنەیە، ئەو کۆمەڵە کۆترەیان برسی کردووە و پاشان بە هەڵگرتنەوەی پاشماوەکان دانیان پێداون، وەك ڕاهێنانێك تا بەم کارە فێر ببن، پرۆژەکە لەلایەن شارەوانیی هەرێمی ڤیندی جێبەجێ کراوە، کە سەرەتا لە پارکی (پەی دۆفۆ پارك) ئەو بیرۆکەیەیە لەلایەن کەسێك بەناوی (نیکۆلاس دی ڤیللەریس)ـەوە بە ڕاهێنانەکانی توانی شەش کۆتر فێری ئەو کارە بکات، لە ئەنجامدا بووە جێگەی سەرکەوتن و پاکراگرتنی پارکەکە لەلایەن ئەو کۆترە ڕاهێنرانانەوە.



# ئەو ڕاهیبەی کە هەرگیز ژنی نەبینیوە



دوای لەدایکبوونی منداڵێك لە بنەماڵەیەکی مەسیحی ئۆرتۆدۆکسی یۆنانی لە ساڵی ١٨٥٦ لە گوندێکی بچووکدا، دایکی دوای چوار کاتژمێر کۆچی دوایی کرد، بۆیە هەندێك پیاو هەڵیانگرتەوە و لە دێرێك لە لووتکەی چیای ئەتۆس دایان بە ڕاهیبەکانی ئۆرتۆدۆکس، دێرەکە بەخێویان کرد و ڕاهیبەکان ناویان لێنا (مایکل تۆلۆتۆس) تۆلۆتۆس بەهۆی ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا نەبوو، لە ژیانیدا هەرگیز ژنێکی نەبینیوە، ئەم خانەقایە بە پێی یاسای ساڵی ١٠٦٠ ڕێگەی نەدەدا ژنان و ئاژەڵان بچنە ناو شاخەکەوە و تا ئێستاش ئەو یاسایە هەیە، تۆلۆتۆس لە ساڵی ١٩٣٨ لە تەمەنی ٨٢ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد بەبێ ئەوەی هەرگیز بزانێت ژن چۆنە.







# خشت و بلۆکی قوڕی سورکراو (کورەکراو)

بەکارهێنانی کەرەستەکانی بیناسازی لە جیهانی تازەی ئەندازەیی دروستکردنی باڵەخانەو خانووەکان چەند جۆرێکیان هەن، هەر یەکێکیان سوود و گرنگیی خۆی هەیە، بەڵام جۆرێکیان کە بە بلۆکی قوڕ یان خشت ناسراوە، تایبەتمەندی و گرنگیی خۆی هەیە، وەکو چۆن لە سەردمی پێشوودا لە دروستکردنی ماڵ و خانووی کوردەوارییی کۆندا بەکار دەهێنران. خشت هەڵقوڵاوی خاك و سرووشتە، دەتوانرێ بێ دینگە (پایە) سێ تا چوار نهۆم لەسەریەك دروست بکرێت و زۆر پتەوە نارزێت و بە هەزاران ساڵیش هەڵوەرینی نییە، چونکە لە خاك و خۆڵەوە سەرچاوەی گرتووە، وەك شەربەو کوپەو جەڕەی کۆن، کە هاوینان ئاوی سارد دەکرد و زستانیش شیرتێن، واتا کەرپوچی قوڕ لە زستان نەك بە تەنیا نەگەیەنەرە (عازل) بەڵکو گەرمییش دەداتە ژوورەوە و هاوینیش فێنکە، کێشی لە نیوەی بلۆکی چەمنتۆ کەمترە. خشت لە دیوی دەرەوە پێویستی بە لەبغکردن نییە و زۆر جوانە، کەچی بلۆکی چەمەنتۆ مەسرووفی فلیکۆتیشی دێتەسەر، خشت وەك شەربە وایە، یەك قەترە ئاو ناداتە ژورێ، واتا مەسرووفی لەبغ و فلیکۆتیشت لەکۆل دەکاتەوە، دەکرێ لە ژوورەوەش سپی نەکرێ و دیکۆرێکی سەرنجڕاکێش دەبێ، لە کاتی دروستکردنی دیواردا دەکرێت سیمی کارەبا بە ناو کونی خشتەکاندا ڕاکێشیرێت و وایەرەکەش لە کاتی خراپبوون دەگۆڕێت، تێچوی سپی کارییش دەگەڕێنێتەوە و لە کۆتاییدا نرخەکەی وەك بلۆکی چیمەنتۆ یەکسان دەبێ و لەوانەیە زۆر هەرزانتریش بوەستێ، چونکە بلۆکی قوڕ نەگەیەنەر دەنگیشە وەك بلۆکی چەمەنتۆ دەنگ ناداتەوە.

# سەیرترین داوای هاوسەرگیری

ئەو کوڕ و کچە سکۆتلەندییە کە بە سەیرترین ڕێگە بوونە هاوسەری یەکتر، کوڕەکە ناوی (کریس گوسبێل)ـە، تەمەنی (٣٠) ساڵە، لە کێڵگەدا کار دەکات و هەروەها خاوەن مەڕ و ماڵاتیشە، کاتێك کچێکی ئاواییەکەی خۆیانی بە دڵ دەبێ، یەکێك لە چێڵە گەورەکانی دەهێنێت و لەسەر پشتی چێڵەکە دەنووسێت (دەبیت بە هاوسەری ژیانم ؟) کچەکەش کە ناوی (ئەلیدە فریزەر)ـە، بەبێ دوودڵی وەڵامی بەڵێ لەسەر داوای هاوسەرگیرییە سەیرەکەی کریس دەنووسێت، ئیدی بەو جۆرە بوونە هاوسەری یەکتر.



## کاریکاتێر



باس لەو کەسانە دەکات کە لەسەر مینبەرەکانەوە باس لە گرنگیی مێژوو و کەرەستەکانی پێشوو و کۆن دەکەن، کەچی خۆیان ناپارێزن و تەنیا قسەی لەسەر دەکەن.

## دیمەنە سەیرەکان



پێڵاوی خلیسکێنەی سەر سەهۆڵی سەدەی دەیەم کە لەچەرم و ئێسقان دروست کراوە، پێڵاوەکە تا ئێستا ماوە و لە مۆزەخانەی سوید دانراوە.

## یاسا



### قەرزی زۆر لە یاسادا

قەرزێکی زۆرم هاتوەتەسەر، خاوەن قەرزەکان ئارامییان لێ هەڵگرتووم، ئێستا ئەمەوێت خۆم ڕادەستی یاسابکەم و بگیرێم، چۆن ئەمە بکەم؟، وەڵامی ئەو کەیسە: لە یاسادا پارەی قەرز و زەرەری کارکردن جیاوازە لە پارەی فرتوفێڵ، بۆیە ئەگەر هۆکاری قەرزاربوونت زەرەری کارکردن و قەرزکردن بێت، ئەوە نەك خۆت ناتوانیت خۆت بەگرتن بدەیت، تەنانەت خاوەن قەرزەکانیش ناتوانن بەگرتنت بدەن.

**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

ئەمڕۆ زیاتر هەستیاریت بەراورد بە ڕۆژانی ڕابردوو، ناتوانیت هەستەکانت بشاریتەوە کاتێك لەگەڵ کەسانی دیکە گفتوگۆ دەکەیت، لەل ایەنی سۆزدارییەوە خۆشەویستەکەت پاڵپشتیت دەکات بۆ ئەوەی بگەیت بە خەونەکانت.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

ئاسان نابێت مامەڵە لەگەڵ کەسانی چواردەورت بکەیت، بە زوویی متمانە ناکەیت، هەربۆیە خۆت لە کەسانی دیکە بەدوور دەگریت، لە لایەنی سۆزدارییەوە خۆشەویستی تەنیا بۆ هاوسۆزەکەت نیشان بدە، نەك کەسانی دیکە.

**جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠**

لە ڕووی پیشەییەوە وزەیەکی زۆرت هەیە، لە لایەنی سۆزدارییەوە لەگەڵ خۆشەویستەکەت بە جددی گفتوگۆ بکە دەربارەی کێشەکانتان، کاتێکی باش نییە بۆ ئەوەی کێشەکانتان پشتگوێ بخەن، ئەم ماوەیە زیاتر لە ڕابردوو سەرقاڵ دەبیت.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

سەرقاڵ دەبیت و دەتەوێت تەواوی ئەو کارانە تەواو بکەیت کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو بەسەرتدا کەڵەکە بووبون، ئەم ماوەیە زیاتر خۆت بەدوور بگرە لەو کەسانەی ئازارت دەدەن، پێویست ناکات کاتی خۆت بکوژیت بە مانەوەت لە نزیك ئەو کەسانەی کاریگەریی نەرێنیت لەسەر جێدەهێڵن.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**


لە لایەنی داراییەوە گرفتێکی زۆرت هەیە و تا ئێستا ڕوون نییە کە دەتوانیت چارەسەری بکەیت یان نا، لە لایەنی سۆزدارییەوە ددان بە هەڵەکانتدا بنێ کاتێك لەگەڵ خۆشەویستەکەت ناکۆکی لە نێوانتاندا ڕوو دەدات، تەندروستییەکی باشت هەیە.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

کەسێك بدۆزەرەوە کە یارمەتیدەرت بێت لە چارەسەرکردنی گرفتەکانت، لە لایەنی دەروونییەوە ماندوویت و مێشکت بە بیرکردنەوە لە کێشەکان سەرقاڵە، بەم زووانە هەموو شتێك بە خواستی تۆ دەبێت، بە گەشبینییەوە بۆ داهاتوو بڕوانە، هەوڵ مەدە خۆت بەراوردی کەسانی دیکە بکەیت، کە هیچ شتێکیان لە تۆ ناچێت.

بۆ زانیاریت

## ئایا تاریکی خێرایی هەیە؟




خێرایی تاریکی لە ڕووی فیزیایەوە وجودی نییە، چونکە بۆشایی گەردوون یان گەردوون تاریکە، جیاواز لە ڕووناکی کە لە سووتاندنی مادەیەك یا گازێکەوە بۆ گازێکی دیکە وزەیەك دروست دەکات و دەبێتە جۆرێك لە وزەکان وەك وزەی ڕووناکی. بۆنموونە سووتانی هایدرۆجین و گۆڕینیەتی بۆ هیلیۆم لە نێو خۆردا کە جۆرێك لەوزە دروست دەبێت و ئەو وزەیە وزەی ڕوناکییە و دونیا ڕوناك دەکاتەوە، بەڵام تاریکی وزە نییە، بەڵکو لە نێو فەزای تاریکدا وزەی شاراوە هەیە، کە ئەم وزەیە هی خودی تاریکی نییە، بەڵکو لە نێو تاریکیدایە و هی تەقینەوە یان مادە نەبینراوەکانی نێو بۆشاییە کە بەهۆی تاریکیی گەردونەوە نابینرێت، بۆیە ڕەوا نییە قسەکردن لەسەر خێرایی تاریکی، چونکە تاریکی دەکرێ بە جۆرێ لە جۆرەکان وەك شوێن یان دووری مامەڵە لەگەڵدا بکرێت، نەك وەك وزە، بەڵام بەجۆرێ لە جۆرەکان دەتوانین خێرایی تاریکی بە خێرایی ڕووناکی یەکسان بکەین، کە لە کاتی کشانەوە و نەمانی ڕوناکیدا ئەم خێراییە دەردەکەوێت، کە لە بنەڕەتدا ئەمە بووەتە جێگەی گومان کە بۆچی لە نەمان و کشانەوەی ڕوناکیدا تاریکی دادێت، کەواتە دەبێ خێرایی تاریکییشمان هەبێت!. بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە خێرایی تاریکی نییە بەڵکو خێرایی کشانەوە و نەمانی ڕووناکییە کە لەو ساتەدا تۆ وەك خێرایی تاریکی دەیبینیت، هەروەك چۆن ساردییش هەر وایە لە بەرامبەر گەرمیدا، بە تەقینەوەی شتەکان هەر لە بیگبانگەوە گەرمی دروست دەبێت و هەر شوێنێکیش گەرمیی لێ نەمێنێت سارد دەبێتەوە، ئیدی شتێکمان نییە لە ڕووی فیزیاییەوە ناوی وزەی ساردی بێت.



## پەند و وتە

ئەندرۆ کارینگی، پیشەسازی ئەمریکی و سەرمایەداری سەدەی ١٩، لە ساڵی ١٨٣٥ لە شاری دونفێرملاین لە بەریتانیا لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩١٩ لە ئەمریکا کۆچیی دوایی کردووە، دەربارەی داهێنان و پاراستنی سامانەکان دەڵێت: «هەموو هێلکەکان (مەبەستی سامانە) بخەرە نێو سەبەتەیەکەوە، بەڵام بە وریایی و جوانی ئاگاداری سەبەتەکەت ببە.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا ئوتۆمبێلێك لەسەر پردێك دەڕوات، وێنەکەش بە شێوەیەکی سەیر گیراوە، هەوڵ بدە لە ماوەی ٣٠ چرکەدا وێنە ڕاستەقینەکە بدۆزیتەوە.

فیلم

## پیتەر پان و وێندی Peter Pan & Wendy



فیلمێکی سەرکێشی و میوزیکە، باس لە کچێك دەکات بە ناوی (وێندی) دەیەوێت نەچێتە قوتابخانە، کوڕێك دەناسێت بە ناوی (پیتەر پان) کە ئەو کوڕە ناهێڵێت کچەکە گەورە بێت، لەگەڵ برای وێندی دەچنە نێو جیهانێکی میوزیك لە نێڤەرلاند، کە لەو نیشتیمانەدا شەیتانەکان حوکمڕانی دەکەن، فیلمەکە لە دەرهێنانی دەیڤید لاوریە، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٤٩ خولەکە، سیناریۆی فیلمەکە لەلایەن بۆجان بازیلی نووسراوە، لە نواندنی: ئێڤەر ئەندرسۆن، ئەلێکسندەر مۆلۆنی، جود لۆ، یارا شاهیدی، ئەلیسا واپانتاك.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

کاتێکی زۆر باشە بۆئەوەی پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت چاك بکەیتەوە، کەسانی چواردەورت هەست بە گرنگیت دەکەن و هەندێك کەس دەیانەوێت لێت نزیك ببنەوە، فشارێکی زۆری دەروونیت هەیە و ناتوانیت بە باشی بیر بکەیتەوە، باشترە ڕاوێژ بە کەسە نزیکەکانت بکەیت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

دەربارەی گرفتەکانت لەگەڵ کەسانێك مەدوێ کە بە باشی نایان ناسیت، دەنا زیانت پێ دەگەیەنن و چارەسەری گرفتەکانت بۆ ناکەن، پێویست ناکات خۆت سەرقاڵ بکەیت بە شتی بێسوودەوە، ئەم ماوەیە زۆر گرنگە کە سوود لە کاتەکانت ببینیت، زۆر نزیکیت لە گەیشتن بە خەونەکانت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

چارەسەری گرفتەکان لەوە ئاسانترن کە بیرت لێ دەکردەوە، پێویست ناکات خۆت تووشی فشاری زۆری دەروونی و دڵەڕاوکێ بکەیت، لە لایەنی پیشەییەوە ڕۆتین بشکێنە و هەنگاوی نوێ بنێ، کەسێك دێتە ژیانتەوە و دەرکەوتنی هۆکاری کێشەیە بۆ تۆ، پێویستە بە باشی ڕەفتار بکەیت، بۆئەوەی زیانت پێ نەگات.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩


ئەگەر هیچ کەسێك لە ژیانتدا نییە کاتێکی باشە بۆ ئەوەی کەسێکی گونجاو بدۆزیتەوە، پارێزگاری لە دڵت بکە و ڕێگە مەدە کەس زیانت پێ بگەیەنێت، بە زوویی باوەڕ بەو شتانە مەکە کە دەیبیستیت، ڕێگە مەدە وشەی کەسانی دیکە کاریگەریت لەسەر درووست بکات.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لە لایەنی سۆزدارییەوە دڵپیسی زۆر زیان بە پەیوەندییەکەت دەگەیەنێت، پەیوەندیت باشە لەگەڵ خێزانەکەت، بەڵام لەسەر هەندێك بابەت ناکۆکن، ڕێگە مەدە ئەوە ببێتە هۆی ئەوەی لەیەکتر دابڕێن، ئەم ماوەیە هەست بە تەنیایی دەکەیت و کەسێکی متمانەپێکراو شك نابەیت دڵی خۆتی بۆ بکەیتەوە.


### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

پەیوەندییەکی نوێ و زۆر باش لەسەر ڕێگەی ژیانتە، هەربۆیە نیگەران مەبە ئەگەر هەست بە تەنیایی دەکەیت، لە لایەنی پیشەییەوە دەرفەتی زۆر باش دێتە بەردەمت، باشترە ورد بیر بکەیتەوە، بیرۆکەکانت بەکار بهێنە، چونکە بەرەو پلەیەکی بەرزت دەبات.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone





## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Weekly Gulan

September 18, 2023 Issue,No.1381

# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و رێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:
گەیاندنی ئینتەرنێت بە رێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بی تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez District 240/1/626